CFS

# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات. ژمارە (٢٦) ساڵی شەشەم، کانوونی یەکەم ٢٠٢٥

## جەنگی ڕێڕەوە بازرگانییەکان

- پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و کاریگەریی لە سەر ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ
- ئاڵۆزییەکانی دەریای سوور و ڕەوشی بازرگانیی جیهانی؛ دەستپێکی قۆناغێکی نوێ
- لە ڕێگەی ئاوریشمییەوە بۆ ڕێگای دیجیتاڵی و شەڕی مایکرۆچیپس
- گرنگیی ستراتیژیی و کاریگەریی جیۆئابووریی ڕێگا بازرگانییەکان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان



# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی  وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (٢٦) ساڵی شەشەم، کانونی یەکەم ٢٠٢٥

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د.هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین: د.ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بۆردی ڕاوێژ

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول

هەڵەگر: باخان ئەحمەد
نەخشەساز: ڕەوشت محەمەد

شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی 4
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

SCAN ME

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. وەرزی جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.

# پێڕستی ناوەڕۆك

سەروتار


ڕێڕەوە بازرگانییەکان؛ هەل و هەڕەشەکان ........................................................ ● هەردی مەهدی میکە ٤


توێژینەوەی ناوخۆیی


پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و کاریگەریی لە سەر ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق فیدراڵ ........................................................ ● کازم ئەحمەد سەدرەدین ٩

ئاڵنگاری و بەربەستەکانی پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئوسترالیا و چین، دەرفەتێک بۆ تێگەیشتن لە ئایندەی بازرگانیی چین لە عێراق و کوردستان ........................................................ ● سەروەت عەبدوڵا ٢٧

جێگرەوە ستراتیژییەکانی وڵاتانی کەنداو لە ئەگەری داخستنی گەرووی هورمزدا ........ ● بەختیار ئەحمەد ساڵح ٥٤

ئاڵۆزییەکانی دەریای سوور و ڕەوشی بازرگانیی جیهانی دەستپێکی قۆناغێکی نوێ ............... ● د. زانا کەریم ٧٧


توێژینەوەی وەرگێڕاو


جەنگی کۆریدۆرە بازرگانییەکان: هەڵکشانی ململانێکان لە نێوان چین، ڕووسیا، ئێران و ڕۆژئاوا
........................................................ ● وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: بەهرە مەهدی ٩٥

کۆریدۆری هیندستان-ئەورووپا: داهاتوویەکی نادیار لە نێوان هاوکاری و کێبڕکێدا
........................................................ ● وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: نەورۆز محەمەد عبدولڕەحمان ١٠٧


ڕاپۆرتی ئایندەیی


لە ڕێگەی ئاوریشمییەوە بۆ ڕێگای دیجیتاڵی و شەڕی مایکرۆچیپس شاڕێیەکانی دیپلۆماسی و سیستمی نوێی جیهانی ........................................................ ● ئامادەکردن: سەنگەر ڕەسووڵ ١٢١

گرنگیی ستراتیژی و کاریگەریی جیۆئابووریی ڕێگە بازرگانییەکان لە سەر عێراق و هەرێمی کوردستان ........................................................ ● ئامادەکردن: د. ژیلوان لەتیف یارئەحمەد ١٤٤


کتێبی ئایندەیی


کۆریدۆری ناوەڕاست: مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعەکانی ئێستا و ئامێزگرتنی ئاسۆکانی ئایندە ......... ● ئایندەناسی ١٦٢


فەرهەنگی ئایندەیی


کۆریدۆری ترانزێت Transit Corridor ........................................................ ● ئایندەناسی ١٦٨



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



هەردی مەهدی میکە

# ڕێڕەوە بازرگانییەکان؛ هەل و هەڕەشەکان

گەر ڕێڕەوە بازرگانییەکان بۆ سەرمایەداران هەلی پەرەپێدانی سەرمایە و زۆرکردنی داهات بن، ئەوا بۆ هەرێمی کوردستان هەموو ڕێگایەکی بازرگانی دەچێتەوە سەر سیاسەت، جیا لەوەی بۆ هەرێمێکی هەڕەشەلەسەر هەمیشە جۆرێک لە دیپلۆماسیەتی کولتووری و لۆبیکردنن، دەکرێت جێکردنەوەی هەرێمیش بێت لە نەخشەی جیۆئیکۆنۆمی و جیۆسیاسیدا کە دەتوانن لادەری بەڵا و مەترسی بن.

لەم ڕۆژانەدا باس لە کەوتنەسەرپێی چەندین پشتێنە و ڕێڕەو (corridor)ی نوێی بازرگانیی جیهانی و هەرێمی وەک ئاوریشمی نوێ، داوود، گەشەپێدان، زەنگزور (ترەمپ) و هیی دیکەش دەکرێت، کە تێیدا وڵاتانی نێوچەکە وەک ئەکتەری بازرگانی و سیاسی و جوگرافیاکەیان وەک بەشێک لە جیۆئیکۆنۆمیی ڕێڕەوەکە دەردەکەون. ئەم ڕێگایانە هەندێکیان بۆ کوردستان دەکرێت دەرفەت و بووژێنەرەوە بن و لە

ئەگەری پەرەپێدان، لۆبیکردن و خێرا خۆبەستنەوە پێیانەوە دەتوانێت ئەم هەرێمە هەم لە خنکانی سیاسی و هەم لە بووژانەوەی ئابوورییان وەک دەرچەی نوێ سەیر بکرێن، بە مەرجێک پتر لەبەر ڕۆشنایی ڕاڤە ئەقڵانییە سیاسی و نێودەوڵەتی و هەرێمییە ئابوورییەکان لێک بدرێنەوە نەک لە نێو ئەجێندای حزبی یان گرووپی، ئایدۆلۆژی و بلۆکبەندیی پاشکۆیی بێت.

ڕێڕەوە بازرگانییەکان تەنها جێگۆڕکێی شمەک و سەرمایە و داهات نییە، بەڵکوو کولتوور، ئایدۆلۆژیا و ئایینیش لە دێرزەمانەوە تا ئەمڕۆ دەگوازنەوە. ڕێڕەوەکان شادەماری زیندوومانەوە و هەمان کات پارێزەر و پێشخەری هەر شار و کیان و وڵاتێکیشن، زۆر جار لە مێژوودا بە لاوازبوونی ڕێڕەوێکی بازرگانی، شارێکی مەزنیش لە ڕەونەق کەوتووە و مەرگی سیاسییشی بەدوادا هێناوە. شارانێکی زۆر لە مێژوودا وەک چرای شارستانیەت بوون و بە لاوازبوونی ڕێڕەوە بازرگانییەکانیان کوژانەوە، بۆ نموونە شارێکی مەزن و مێژوویی وەک نیشابوور، کە لە سەر ڕێگای بازرگانی بوو، بە گۆڕانی ڕەوتی ڕێڕەوەکان، پێگە زیندووەکەی لەدەست دا.

لە ئاستی جیهانی، چین چەند ساڵێکە بەدوای زیندووکردنەوەی ڕێگای نوێی ئاوریشمەوەیە. لە ڕێڕەوەکەدا تورکیا، ئێران و وڵاتانی قەوقاز لە هەوڵدان بەشێک بن لە چوارچێوە گشتییەکەی و دەیانەوێت ڕۆڵ ببینن. ئازەربایجان، ئێران و تورکیا و بەم دواییە عێراق و کەنداوییەکانیش بە جیا و پێکەوە چەند ساڵێکە بەدووی دۆزینەوەی ڕێڕەوی تازەی بازرگانییەوەن تا جێ نەمێنن.

عێراق و هەرێم بەشێکی سەرەکیی هەندێکی ئەم ڕێڕەوانەن و نابێت وەک پاسیڤێک لەو چالاکییەی وڵاتانی دی بڕوانرێت. لە زۆرینەی ڕێڕەوە مێژوویی و پێشنیارکراوەکاندا سووچێکی کوردستان بووەتە بەردەبازی تەواوکاریی ڕێڕەوەکان. بۆ نموونە؛ لە ڕێگای ئاریشمی ١٧٠٠ ساڵەی دێریندا (کرماشان و جەلەولا)، لە ڕێگای کەنداو-بەغدا-ئەستەنبوڵی عوسمانی (کفری-کەرکووک/هەولێر-تەلەعفەر)، کوردستان دەماری زیندووی ڕێڕەوەکە بووە. لە ڕێڕەوە نوێیەکانیشدا دیسانەوە جیۆپۆلەتیکی کوردستان پێگەی هەیە و ناکرێت دنیا لە سەر کوردستان و ڕێڕەوەکانی

حسێب بکات و کورد خۆی بیریان لێ نەکاتەوە.

ڕێڕەوەکان زۆر جار شارستانیەتێک، لانی کەم کیانێک دەخەنە سەر پێ، وەک دۆزینەوەی ڕێگاکانی: «سەری ئاواتی چاک بۆ ڕۆژئاوا، سوێس بۆ بەریتانیا و عەرەب و هیند، دۆزینەوەکەی ئەمەریکای کۆڵۆمبس... تاد»، بەڵام بە هەمان ئەندازەش زۆر ڕێگا هەبوون کە سەری جێبەجێکارەکەی دەخۆن، وەک ڕێگای ئاسنی بەرلین-بەغدا، کە بەریتانیای لە عوسمانی تۆراند، یان ئەو ڕێگایەی کە ڕەزا شا دەیویست لە ئێرانەوە هیتلەر بهێنێتە کەنداو، نەک نەگەیشت، کە سەری تاجەکەی ڕەزا شایشی خوارد. هەر ڕێگایەک بۆ کوردستانیش ڕەنگە ڕێگای هات یان نەهاتیش بێت.

تا هەنووکە زۆرێک لە سیاسەتی گشتیی هەرێم، مەترسی، ناکۆکیی مێژوویی و سیاسیی هێزەکان دیاری دەکەن نەک نەگۆڕ و بەرژەوەندییە ئایندەیی و شوناسییەکانی. بەو مانایەی ڕوانگەی سیاسەتکردن لە هەرێم بەرژەوەندیی تۆپەڵە حزبێک بەڕێوەی دەبەن، بۆ گۆڕینی ئەم ستراتیژە کوشندەیە باشترە بە نیگای ناوچەگەرێتی و حزبییانەوە لە هەر جووڵەیەک نەڕوانرێت. گرنگە حزبەکانی کوردستان لە بریی ململانێی «ملبادان و دەستشکاندنەوە»، بیر لە ستراتیژی «براوە-براوە» بکەنەوە، بە جۆرێک ململانێ و هاوکێشە سیاسییەکانی بەڕێوە ببرێن؛ هەردوو لا و هەرێم و هاوڵاتی براوە بن. لەوەش گرنگتر، تەنها بیر لە جوگرافیای هەرێم (باشوور) نەکەنەوە، بەڵکوو هەموو کوردستان و بگرە قووڵاییە ستراتیژییە دەرەکییەکانیش بکەنەوە کە یان وەک نەرمەهێزی باشوور پارچەکانی دیکە لە ڕێڕەوەکاندا ڕۆڵ دەگێڕن، یان هەرێم و هەموو کوردستان دەتوانن ببنە بەشێک لە پەرەپێدەر یان بە بێ ئەو بەشێکی ڕێڕەوەکان تەواو نەبن، چ وەک ئابووری و ئاسانیی گوزەر و ڕێڕەوەکان، چ وەک ئاسایشی بازرگانیی ڕێڕەوەکان. ئەمە لەو ڕوانگەوەیە کە کوردستان و هەرێم بە حزب و حکومەت و ڕێکخراو و بازرگان و سەرمایەدارەکانیەوە ببنە بەشێک لە بەرژەوەندیی گشتیی هەندێک لە ڕێڕەوە هەرێمی و جیهانییەکان.

بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی ڕێڕەوی بازرگانی بۆ هەموو و هەر شارێکی کوردستان، دەبێت ئەرکی سیاسەتکاران بێت بە تایبەت بۆ هەرێمێک کە ڕێگا ئاساییەکانی

هەمیشە لە مەترسیدان. بۆیە دۆزینەوەی ڕێڕەوی نوێ؛ واتە سازاندنی دەرفەت و کەمکردنەوەی هەڕەشەی بەردەوامی سەردەستەکان. بەڵام ئایا هەر ڕێگایەک هەلێکی نوێیە؟

لە هەر حاڵەتێکدا بێت ئەم بیرکردنەوەیە گرنگە، پێویستە مەترسی و هەلەکانی بۆ ئێستا و ئایندە لێک بدرێتەوە، چ لە پیادەکردنیدا، چ لە وازلێهێنانیدا، دەبێت بیرکردنەوە بێت لە دروستکردنی بەدیل و جێگرەوەی ئایندەیی ڕێگا باوەکانی نێوان هەرێم و دراوسێکانی، کە هەبوونمان لەم جوگرافیایەدا بە ڕەوا نازانن.

بۆ هەرێمی کوردستانیش، جیا لە ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی دەرگە و دەرچەکانی(Input & Output) و حکومەتیکردنی، بە خوێندنەوەی دۆخی وڵاتانی ناوچەکە کە تێیدا ئێران، تورکیا و عێراق بەردەوام سەرقاڵی دۆزینەوەی کۆریدۆری نوێی بازرگانی-سیاسین، پێویستە هەرێم بەو دیدگایەوە بڕوانێت کە لەو ڕێڕەوە نوێیانەی لە لایەن وڵاتانێکی وەک کەنداو، تورکیا، ئێران، ئازەربایجان، ئەرمینیا، ئەمەریکا و چینەوە بیریان لێ دەکرێتەوە، هەرێمیش وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی پاسیڤ نەبێت و نەچێتە پەراوێزێکەوە کە دوور نییە خنکانی سیاسیی ترسناکی لێ بکەوێتەوە لە ئەگەری پەراوێزکەوتنیدا، هەروەها وەک هەلێکی دیکەی بازرگانی سەیر بکرێن؛ دەکرێت فراوان بکرێن.

لە سەر ئاستی دەرەوەش پێویستە هەر جۆرێک بێت، بەرژەوەندیی وڵاتانی سێیەم و چوارەمی وەک ئازەربایجان، ئەرمینیا، قەوقاز و کەنداوییەکان لە ڕێگا باوەکانی بازرگانیی هەرێمیی بەستراوە بە تاران، ئەنکارادا جێ بکرێنەوە، بۆ ئەوەی لە تەنگانەدا تەنیا ئێران و تورکیا بڕیاردەری کردنەوە و داخستنی ڕێگاکان نەبن و لۆبی دیکە بەرگری لە ڕێڕەوەکان بکات.

تویژینەوەی نێوخۆیی

ئایندەناسی

# پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان

## کاریگەریی لە سەر ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ



**کازم ئەحمەد سەدرەدین**

**ماستەر لە جوگرافیای مرۆیی**

**بەرایی**

ڕێگای گەشەپێدان پڕۆژەیەکی عێراقییە و مۆدێلێکی نوێیە لە پەرەپێدانی ڕێگاوبانی وشکانی و ئاوی، بە ئامانجی پێکەوەبەستنی بەندەری فاو بە تورکیاوە، وەک پردی پەیوەندی لە نێوان هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەورووپا، لە ڕێگەی تۆڕێکی ڕێگاوبانی هێڵی ئاسن و ڕێگای خێرای ئۆتۆمبێل. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و کاریگەرییەکانی لە سەر هەرێمی کوردستان و ئاڵنگارییەکانی پڕۆژەکە لە هەمبەر ئاسۆی ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ بخرێتە ڕوو. هەروەک گریمانەی ئەوەش دەکات، لێکەوتەکانی پڕۆژەکە کاریگەری لە سەر ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراقی فیدراڵ دەبێت و لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە جێکەوتی نەرێنی بەسەر هەرێمی کوردستانەوە بەجێ دەهێڵێت. هەر چی ئامانجەکانی توێژینەوەکەشە خۆی لە ناساندنی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان و خستنەڕووی ئاکامە جیۆپۆلەتیکییەکانی پڕۆژەکە و کاریگەریی لە سەر ناوچەکە و ڕۆڵی پڕۆژەکە لە سەر ئاسۆی ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان دیاری دەکات.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ١. پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان

پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان بە «ڕێگای ئاوریشمی عێراق» ناسراوە، بە هۆی گرنگییە ستراتیژیەکەی وەک ئەوەی کە ڕێگایەکی ژیانییە بۆ عێراق، وڵاتەکە دەبێتە پردی بەیەکەوەبەستنی وڵاتانی کەنداو و کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەورووپا[١]. پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان بریتییە لە دوو بەش، بەشی یەکەم: پەرەپێدانی بەندەری فاو (خشتەی ١)، بەشی دووەم: دروستکردنی ڕێگاوبانی خێرا بە درێژایی (١١٩٠کم) و هێڵی ئاسن (١١٧٥کم)، کە دەبێتە هۆی کورتکردنەوەی مەودای گواستنەوەی نێوان ئاسیا و ئەورووپا لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە (خشتەی ٢). خاڵی دەستپێکی پڕۆژەکە لە بەندەری فاو لە عێراقەوە دەست پێ دەکات و پاشان بە شارەکانی عێراقدا تێپەڕ دەبێت و لە دەروازەی فیشخاپوورەوە دەچێتە تورکیا، پاشان لە تورکیاوە بۆ ئەورووپا و بەندەری ڕۆتردام لە هۆڵەندا دەبێتە کۆتا خاڵی پڕۆژەکە[٢]. پڕۆژەکەش بە سێ قۆناغ جێبەجێ دەکرێت: قۆناغی یەکەم: ساڵی (٢٠٢٣-٢٠٢٨)، لەم قۆناغەدا بەندەری فاو ئامادەیە و دەتوانێت کەشتی وەربگرێت. قۆناغی دووەم: ساڵی (٢٠٢٨-٢٠٣٨)، ئەم قۆناغە بە تەواوبوونی ڕێگای وشکانی و سەرجەم پێویستییەکانی هێڵی ئاسن (شەمەندەفەر) و ڕێگای خێرای ئۆتۆمبێل کۆتایی دێت. قۆناغی سێیەم: کۆتا قۆناغی پڕۆژەکەیە، ساڵی (٢٠٣٨-٢٠٥٠) دەخایەنێت، کە بە وادەی تەواوبوونی سەرجەم کارەکانی پڕۆژەی «ڕێگای گەشەپێدان» دادەنرێت[٣]. تێچووی پڕۆژەکە بە (١٧) ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت و مەزەندە دەکرێت تورکیا و ئیمارات و قەتەر پاڵپشتیی دارایی بەشێک لە پڕۆژەکە بکەن[٤]، هەروەها دیارترین ئاستەنگەکانی بەردەم پڕۆژەکە؛ کێشەی پارەدارکردن و جێبەجێکردن و گەندەڵی و لاوازیی حوکمڕانی و کێشە ناوخۆییەکان و لێکەوتە جیۆپۆلەتیکییەکان، لەگەڵ لەمپەرەکانی تر[٥] (نەخشەی (١) و خشتەی (٣)).

نەخشەی (١)




خشتەی (١)

تایبەتمەندییەکانی «بەندەری فاو» لە پرۆژەی ڕێڕەوی ڕێگای گەشەپێداندا [٧]

| بەندەری فاو | تایبەتمەندی |
|---|---|
| شوێنی جوگرافیی بەندەرەکە | باشووری عێراق لە شاری بەسرە |
| شوێنی ئەسترۆنۆمییەکەی | لە نێوان بازنەکانی پانیی (٢٩:٩١:٤٨)ی باکوور و هێڵەکانی درێژیی (٤٨,٤٤:١١)ی ڕۆژئاوا |
| پێگەی بەندەرەکە | یەکەمین بەندەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەیەمینی جیهانە |
| ڕووبەری بەندەرەکە | (٥٤) کیلۆمەتر چوارگۆشە |
| درێژیی بەندەرەکە | (٦٧٠٠) مەتر |
| پانیی بەندەرەکە | (٢١٩٠) مەتر |
| قووڵیی بەندەرەکە | (١٩) مەتر |
| شوێنی هەڵگرتنی کۆنتێنەرەکان لە بەندەرەکە | (٣٩) هەزار مەتر چوارگۆشەیە |
| توانای بەندەرەکە | وەرگرتنی (٩٩) ملیۆن تەن کاڵا و شتومەکە لە ساڵێکدا |
| تێچووی پەرەپێدانی بەندەرەکە | (٧) ملیار دۆلارە |


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

### خشتەی (٢)

### ڕێگاکانی هاتوچۆ لە پرۆژەی ڕێڕەوی ڕێگای گەشەپێداندا [٨]

| ڕێگای ئاسن (شەمەندەفەر) | | ڕێگای ئۆتۆمبێلی خێرا | |
|---|---|---|---|
| درێژیی هێڵی ئاسن | (١١٧٥کم) | درێژیی ڕێگای ئۆتۆمبێل | (١١٩٠کم) |
| ژمارەی شەمەندەفەر | (٨٠-٩٠) شەمەندەفەر | پانیی ڕێگاکە | (٣,٦٥م) |
| وێستگەی شەمەندەفەر | (١٥) دانە | وێستگەکانی خزمەتگوزاری | (١٥) دانە |
| ناوچە جۆراوجۆرەکان | (٤) دانە | شوێنی ئامادەکاری بۆ پشوودان | (٢٤) دانە |
| وێستگەی ڕێبواران | (١٥) دانە | ناوەندە ئاسانکارییە کردارییەکان | (٦) دانە |
| ناوەندی چاکسازیی هێڵەکان | (٢٠) دانە | شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلی جۆراوجۆر | (١١) دانە |
| ناوەندەکانی کردارەکانی کۆنترۆڵکردن | (٢) دانە | خاڵی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ گواستنەوەی گشتی | (٢٦) دانە |
| ناوەندەکانی ڕاهێنان | (٣) دانە | خاڵی پشکنین | (٦) دانە |
| خێرایی شەمەندەفەر<br>خێرایی شەمەندەفەر | (١٤٠)کم/لە کاتژمێرێکدا<br>(٣٠٠)کم/لە کاتژمێرێکدا | شوێنی خزمەتگوزاریی ئامادەکاری بۆ بارهەڵگرەکان | (٢٢) دانە |
| وێستگەکانی کارەبا | (٢٠) دانە | ناوچەکانی خزمەتگوزاری | (٢٦) دانە |
| تێچووی هێڵی ئاسن | (١٠,٥) ملیۆن دۆلار | تێچووی ڕێگای ئۆتۆمبێل | (٦,٥) ملیۆن دۆلار |

| **بابەت** | **دەیتا و زانیارییەکانی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان** |
|---|---|
| ناوی پرۆژە | پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان (مشروع طريق التنمية- (The Development Road Project |

| | |
|---|---|
| ماوەی جێبەجێکردن | (٢٠٢٣ بۆ ٢٠٥٠) |
| پلانی جێبەجێکردن قۆناغەکانی پرۆژەکە: | سێ قۆناغ: قۆناغی یەکەم: (٢٠٢٣-٢٠٢٨) قۆناغی دووەم: (٢٠٢٨-٢٠٣٨) قۆناغی سێیەم: (٢٠٣٨-٢٠٥٠) |
| تێچووی پرۆژەکە: | (١٧) ملیار دۆلار |
| قازانجی پرۆژەکە: | (٤،٨٥٠) ملیار دۆلار قازانجی ساڵانە |
| جوگرافیای پرۆژەکە: | عێراق: لە بەندەری فاوەوە بۆ فیشخاپوور بە زیاتر لە (١٠) پارێزگادا دەڕوات<br>تورکیا: لە فیشخاپوورەوە بۆ بەندەری مێرسین لە سەر دەریای ناوەڕاست |
| جۆری ڕێگای گواستنەوە | ڕێگای ئاوی: پەرەپێدانی "بەندەری فاو"، ڕێگای وشکانی: هێڵی شەمەندەفەر بە درێژایی (١١٧٥کم)، ڕێگەی خێرا (ئۆتۆبان): (١١٩٠کم) |
| وڵاتانی هاریکاریی پرۆژەکە | (عێراق، تورکیا، قەتەر، ئیمارات) |

### ١-١. گرنگیی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان وەک ڕێڕەوێکی نوێی بازرگانی

١. گرنگیی پرۆژەکە بریتییە لە بەستنەوەی بەندەری فاو لە باشووری عێراق بە سنووری تورکیا و ئەورووپا و وڵاتانی قەوقاز.

٢. پەیوەندیی بازرگانیی جیهانی، گرنگیی پرۆژەکە لەوەدایە کەمکردنەوەی ماوەی گواستنەوەی نێوان ئاسیا و ئەورووپایە بۆ (١٥) ڕۆژ.

٣. بایەخدان بە پرۆژە ژێرخانییەکان لە بواری ڕێگاوبانی مۆدێرن و هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگای خێرا و وێستگەی لۆجستی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری و شاری زیرەک و بەرزکردنەوەی جمجۆڵی ئابووری لە ناوخۆی وڵات و پێکەوەبەستنی پارێزگاکانی وڵات[١٠]

٤. پێشبینی دەکرێت توانای گواستنەوەکە تا ساڵی ٢٠٢٨؛ ساڵانە سێ ملیۆن و ٥٠٠

هەزار کۆنتێنەر و ٢٢ ملیۆن تۆن کاڵا بگوازرێتەوە.

٥. گرنگییە ئابوورییەکانی زیادکردنی داهاتیساڵانەی نزیکەی (٤) ملیار دۆلار و ڕەخساندنی (١٠٠) هەزار هەلی کار.

٦. کێبڕکێیە لەگەڵ ڕێڕەوە ئابوورییەکانی وەک ڕێڕەوی هیندستان-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەورووپا و پڕۆژەی یەک پشتێن و یەک ڕێگای چین و بەندەرەکانی کەنداوی عەرەب و ناوچەکە دەکات.

٧. بەندەری فاو گرنگییەکی سەرەکیی پڕۆژەکەیە بە ئامانجی بوون بە گەورەترین بەندەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٨. گەشەپێدانی عێراق لەم پڕۆژەیەدا بریتین لە کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت و بەهێزکردنی کەرتی گواستنەوە و پەرەپێدانی ناوچە پیشەسازییەکان.

٩. سوودە هەرێمییەکان، پڕۆژەکە دەتوانێت عێراق بکاتە ناوەندێکی ترانزێتی هەرێمی و قەبارەی بازرگانیی ناوخۆیی بەرز بکاتەوە.

١٠. کێبڕکێ لەگەڵ کەناڵی سوێس، بەوەی کە ڕەنگە پڕۆژەکە لە داهاتوودا بتوانێت جێگەی کەناڵی سوێس بگرێتەوە[11]

## ٢. پڕۆژەی ڕێڕەوی ڕێگای گەشەپێدان لە دیدی عێراقی فیدراڵەوە

لە ڕوانگەی عێراقەوە ئامانجە ستراتیژییەکانی پشت پڕۆژەکە «سێ» بواری سەرەکی لەخۆ دەگرێت، کە هاندەر بوون لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، ئەوانیش بوارەکانی ئابووری و سیاسی و جیۆپۆلەتیکی و هەرێمی:

١. لە ڕوانگەی هەرێمییەوە: حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات بە سوودوەرگرتن لە کەمبوونەوەی پەرەسەندنەکان لە ژینگەی سیاسیی ناوچەکەدا، بە تایبەتی دوای ڕێککەوتنی سعودیە و ئێران، سوود لە شوێنی جوگرافییەکەی وەربگرێت و پێگەی سیاسیی خۆی بەرز بکاتەوە لە سەر ئاستی ناوچەیی و هەرێمی. هەروەک عێراق دەتوانێت ڕۆڵی خاڵی بەیەکگەیشتن بینێت لە نێوان لایەنە نەیارەکان و جەمسەرە جیاوازە هەرێمییەکان. لە کاتێکدا کۆنفرانسی بەغدا بۆنەیەکی تایبەت بوو بە ئاڕاستەی

کۆکردنەوەی چەندین لایەنی ناکۆکی ناوچەیی و هەرێمی، بە تایبەتی ئێران و وڵاتانی کەنداو.

٢. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە: ئامانجی پڕۆژەکە هەمەچەشنکردنی ئابووریی ناوخۆیی و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت و ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ بە تایبەت لە نێو گەنجاندا. حکومەتی عێراق داهاتی پڕۆژەکە بە نزیکەی (٤) ملیار دۆلاری ساڵانە دەخەمڵێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دەستکەوتنی داهاتی تری جگەلە نەوت. وە فاکتەرێکە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە داهاتی نەوت، کە لە ئێستادا نەوت نزیکەی (٩٠٪)ی بودجەی حکومەتی عێراق پێک دەهێنێت. پڕۆژەکە دیدگایەکی نوێ دەهێنێتە کایەوە لە پێناو هێنانەکایەی گەشەپێدانی ئابووریی هەمەلایەنە کە تا ڕادەیەک دادپەروەریی تێدا بەدی دەکرێت لە نێوان پارێزگاکان و ناوچەکاندا. هەروەها دەرفەت دەڕەخسێنێت لە بەردەم هەلی کار و پڕۆژەی لاوەکی و زیادکردنی خزمەتگوزاری و هاندانی کۆچکردن بۆ دەرەوەی ناوەندە شارییەکان و دروستکردنی ناوەندی نوێی نیشتەجێبوون، ڕووکردنە کەرتی تایبەت و کەمکردنەوەی خواست لە سەر کەرتی گشتی[١٢]

٣. لە ڕوانگەی سیاسییەوە، حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات پڕۆژەکە بکاتە خاڵێکی گرنگ کە ڕەنگدانەوەی بەدیهێنانی خواستی عێراق بێت لە پەرەپێدانی بەرنامەکانی و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگە سیاسی و ئابوورییانەی کە وڵات پێیدا تێپەڕ دەبێت. جگە لەوەش، پڕۆژەکە ڕێگە بە حکومەت دەدات بۆ گۆڕینی ڕای گشتیی ناوخۆیی و هەرێمی بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی سەقامگیریی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشەکان و وەلانانی ناکۆکی و کارکردن بۆ دووبارە داڕشتنەوەی بەرژوەندییە هاوبەشەکان و یەکخستنی دەسەڵاتی ناوەندی[١٣].

**نەخشەی (٢)**

پێگەی عێراق لە پڕۆژەی ڕێڕەوی ڕێگای گەشەپێداندا لە سەر ئاستی هەرێمی[١٤]




**٢-١. پڕۆژەی ڕێڕەوی ڕێگای گەشەپێدان لە دیدی هەرێمی کوردستانەوە**

هەر چەندە لە سەر ئاستی ناوخۆیش محەمەد شیاع سوودانی ئامادەسازیی کردووە و نەرمیی نواندووە بەرامبەر بە ڕکابەرە ناوخۆییەکانی، پێداچوونەوەی بە پەیوەندییەکانیدا کردووە و ئاستی نیگەرانییە ناوخۆییەکانی کەم کردووەتەوە لە سەر بنەمای کاری هاوبەش، باشترین نموونەش پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی

کوردستانە، ئەمەش بۆ زەمینەسازی و سەقامگیریی بەدیهێنانی ئامانجێکی گەورەترە کە سوودانی بە بەشێک لە کارنامەی حکومەتەکەی دەزانێت، ئەویش پڕۆژەی ستراتیژیی ڕێگای گەشەپێدانە[١٥]. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی فیدراڵ لە پرسی پڕۆژەیەکی ستراتیژیی وەک ڕێگای گەشەپێداندا ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی لە پەراوێزدا هێشتووەتەوە، چونکە پلانی پڕۆژەکە بەو جۆرە دارێژراوە کە هەرێم بێبەش دەکات لە ڕێگوزەرە وشکانییەکەی پڕۆژەکە[١٦]. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چاوی گومانەوە لە پڕۆژەکە دەڕوانێت و پێی وایە لە پلانەکەدا پاڵنەری سیاسی و ئابووری هەیە و ئامانجی پڕۆژەکە لەقاڵبدان و لاوازکردنی هەرێمی کوردستانە. سەرۆکوەزیرانی هەرێم مەسروور بارزانی بەڵێنی داوە حکومەتەکەی ڕێگە بەو کارە نەدات و لەوانەیە لایەنە کوردییەکان هەڕەشەی ئەمنی لە سەر پڕۆژەکە و تەنانەت ڕێگری لە بونیادنانی ئەو بەشەی پڕۆژەکە بکەن کە بە ناوچەکانی نزیک حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕ دەبێت، بەمەش ڕێگای گەشەپێدان دەبێتە سەرچاوەیەکی تری ناسەقامگیری لەو ناوچانەی کە پێشتر کێشەیان لە سەر بوو[١٧]. ئەمە جیا لەوەی پڕۆژەکە هیچ بایەخێک بۆ دەروازەی گومرگیی برایم خەلیل ناهێڵێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی وشککردنی سەرچاوەیەکی ئابووریی هەرێم. هەر بۆیە حکومەتی هەرێم دوو پێشنیازی سەبارەت بە ڕێگای گەشەپێدان پێشکەش بە بەغداد کردووە:

پێشنیازی یەکەم: ئەوەیە ڕێگاکە لە ناو سنووری هەرێمی کوردستاندا بە (سحێلا، سیمێل، دەشتی نەینەوا، هەولێردا بڕواتە کەرکووک و پاشان پارێزگاکانی دیکەی عێراق تا بەندەری بەسرە)، بەو جۆرە (١٨٠کم) دەکەوێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە. ئەم پێشنیازە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ڕەت کراوەتەوە.

پێشنیازی دووەم: ئەوەیە ڕێگای گەشەپێدان بە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەدا بڕوات بۆ دەشتی نەینەوا، دواتر بۆ سیمێل و پاشان بۆ دەڤەری دێرەبوور لە گوندی قەرەبوڵڵا و دواتر بۆ دەروازەی فیشخاپوور. ئەم پێشنیازە وەکوو ئانۆ جەوهەر؛ وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی هەرێم دەڵێت: لە لایەن وەزارەتی گواستنەوەی عێراقەوە وەرگیراوە بۆ دیراسەکردن. هەر بۆیە حکومەتی هەرێم جگە لە دانوستانە ناوخۆییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق، لە سەر ئاستی دەرەوەش لەگەڵ وڵاتانی بەشدار لە پڕۆژەی ڕێگای


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

گەشەپێدان و وڵاتانی دیکەش لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی بەشێک لە ڕێگای گەشەپێدان بە ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕێت. هەوڵەکان بەو ئاڕاستەیەن کە پلانی عێراق بۆ ڕۆیشتنی ڕێگاکە بە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەدا بگۆڕدرێت بە ڕۆژهەڵاتی دیجلە، ئەوکات بەشێکی زیاتری ڕێگاکە دەکەوێتە ناو خاکی هەرێم. لە لایەکی ترەوە پێشەوا هەورامانی؛ وتەبێژی حکومەتی هەرێم دەڵێت: «سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە کۆبوونەوەی لەگەڵ محەمەد شیاع سوودانی؛ سەرۆکوەزیرانی عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا لە (٢٠٢٤/٤/٢٢)، داوای کردووە هەرێمی کوردستان نەخرێتە دەرەوەی ڕێگەی گەشەپێدان و دەبێت بەشێک بێت لە پڕۆژەکە.“ ئەمە جگە لەوەی لە ٢٠٢٤/٥/٢٤، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی ئیماراتی کرد کە یەکێکە لە وڵاتە بەشدارەکانی پڕۆژەکە. پاڵپشتی لە تێپەڕینی ڕێگاکە بە ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا یەکێک بووە لە تەوەرەکانی گفتوگۆی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ محەمەد بن زاید ئال نەهیان س»ەرۆکی ئیمارات[١٨].

هەروەها ڕێکەوتی ٢٧ی ئابی ٢٠٢٥، جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری پلاندانان د. محەمەد عەلی تەمیم لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ، سەرپەرشتیی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان کرد لەگەڵ شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان. کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لە سەر پرسی ڕێگای گەشەپێدان و دەستنیشانکردنی خاڵی پەیوەندی بۆ ڕێڕەوی ڕێگای گەشەپێدان لە ناوچەکانی سنووری عێراق و تورکیا و میکانیزمەکانی هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی پڕۆژەکە. لە کۆبوونەوەکەدا ئەم بەرپرسانە ئامادە بوون: وەزیری گواستنەوەی عێراق، ڕەزاق ئەلسەعداوی، ڕێکخەری گشتی بۆ کاروباری پارێزگاکان د. ئەحمەد ئەلفەتلاوی، سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاران، د.عەبدولکەریم ئەلفەیسەڵ، ڕاوێژکاری ئابووریی سەرۆکوەزیران، د. محەمەد عەلی ئەلحەکیم، سەرۆکی دەستەی بەندەرە سنوورییەکان، د. عومەر ئەلوەیلی و ژمارەیەک لە کەسانی بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتەکانی گواستنەوە و بیناسازی و نیشتەجێکردن، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نوێنەرایەتیی وەزیری گواستنەوە و گەیاندن، ئانۆ

جەوهەر، بەرپرسی نوێنەرایەتیی هەرێم لە بەغدا، فارس عەبدولکەریم و ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە حکومەتی هەرێم.

جێگری سەرۆکوەزیران جەختی لەوە کردەوە کە پڕۆژەی ڕێگاوبانی گەشەپێدان ناکۆکیی نییە لەگەڵ هیچ پڕۆژەیەکی دیکەی نێودەوڵەتی، بەڵکوو نوێنەرایەتیی یەکگرتنە لەگەڵ تۆڕی ڕێگاوبانی جیهانی، کە بەشدارە لە کەمکردنەوەی کات و تێچووی گواستنەوەی کەلوپەل و سەرنشینەکان. جەختیشی لەوە کردەوە کە پڕۆژەکە پڕۆژەیەکی فیدراڵییە، هەر بۆیە بەڕێوەبردن و ئاسایشەکەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵیدا دەبێت. ڕوونیشی کردەوە ئەو داهاتانەی لە پڕۆژەکەدا دەست دەکەوێت، بە پێی ئەوەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە دابەش دەکرێت. ئاماژەی بەوەش کرد مەبەست لێی پێکهێنانی ئیدارەیەکی فیدراڵی سەربەخۆیە کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆژەکە. لای خۆیەوە وەزیری گواستنەوە و گەیاندن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ جەختی لە گرنگیی ستراتیژیی ڕێگای گەشەپێدان کردەوە و بە «خەونی چاوەڕوانکراوی عێراق» وەسفی کرد. بە هۆی ئەو خزمەتە گەورەیەی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان لە ئایندەدا پێشکەشی دەکات، لە «بەسرە»وە تا «کوردستان»، پاڵپشتیی حکومەتی هەرێم بۆ پڕۆژەکە و پەرۆشیی بۆ دابینکردنی باشترین هەلومەرج بۆ جێبەجێکردنی ڕێگاکەی؛ دووپات کردەوە. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆیەکی وردی لە سەر ڕێگاکانی پڕۆژەکە لە هەرێمی کوردستان و خاڵەکانی تێپەڕین تا دەگاتە ناوچەی سنووری تورکیا و ئیمکانی ئابووری و گەشەپێدانی هەر وێستگەیەک بە درێژایی ڕێگاکە؛ لەخۆ گرتبوو. هەروەها هەردوو لا دیدگاکانیان سەبارەت بە دیاریکردنی خاڵی پەیوەندی لەگەڵ تورکیای دراوسێ و میکانیزمەکانی بەستنەوەی شارەکان لە ڕێگەی ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن بە ڕێگەی سەرەکییەوە تاوتوێ کرد، بە مەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین سوودی ئابووری بۆ پڕۆژەکە. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی گەشەپێدان لەو ناوچانەی کە پێیدا تێدەپەڕێت لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کار و دروستکردنی شاری ئابووری و پیشەسازی، چونکە ڕێگاکە لە دەرەوەی ناوەندەکانی شارەکان دەبێت، بەمەش ڕێژەی دەستخستنی زەوی و ململانێ و دەستدرێژیکردن کەم دەبێتەوە[١٩]. ئەمە لە کاتێکدایە پێشتر وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

(٢٠٢٥/٣/٢٨)دا بەیاننامەیەکی توندیان دەرکرد سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی لەوەوپێشی نێوان کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم. لە بەیاننامەکەدا بەرپرسانی هەرێم سەبارەت بە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە «سازش لە سەر مافە دەستوورییەکانمان ناکەین». لە بەیاننامەکەیاندا ئەوەش هاتووە: «وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕەتی کردەوە کە لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ ڕێککەوتنی کردبێت سەبارەت بە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان. وەزارەتەکە دووپاتی کردەوە دوایین پەیوەندیی فەرمیی لە ٢٣ی ئایاری ٢٠٢٤دا لە شاری هەولێر ئەنجام دراوە، کە تێیدا یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو لادا مۆر کراوە. بەڵام وەزارەتەکەی هەرێم ڕایگەیاندووە کە دوای واژۆکردنی یاداشتەکە، وەزارەتی گواستنەوەی فیدراڵی پاشگەز بووەتەوە. حکومەتی هەرێم جەختی لەوە کردەوە کە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دەبێت پرۆژەیەکی عێراقی بێت کە هەموو عێراقییەکان لەخۆ بگرێت، بە بێ هەڵبژاردن و دوورخستنەوە. هەروەها وەزارەتەکە هەڵوێستی پتەوی خۆی دووپات کردەوە لە سەر ئەو ڕێگایەی حکومەتی هەرێم پێشنیاری کردووە کە بە کورتتر و کەمتر تێچووی دەزانێت و خزمەت بە هەموو چین و توێژەکانی دانیشتووانی عێراق دەکات بە پێی بەیاننامەکە[٢٠]».

لە لایەکی ترەوە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و عێراقی فیدراڵ لێدوانی پێچەوانە دەدەن سەبارەت بە ڕێککەوتنیان لە سەر کارەکانی پرۆژەکە و تێپەڕبوونی بە ناو هەرێمی کوردستاندا. لە لایەکەوە سەرچاوەکان لە زاری «ناسر ئەلئەسەدی»؛ ڕاوێژکاری «محەمەد شیاع سوودانی» سەرۆکوەزیرانی عێراقی فیدراڵەوە ئاماژە بەوە دەکەن: «هەرێم و عێراق لە سەر پلانی کۆتایی بۆ ڕێگای گەشەپێدان ڕێک کەوتوون، کە بەشێک لە ڕێگاکە لە دهۆکەوە بۆ دەروازەی سنووریی فیشخاپوور تێدەپەڕێت.»

ئاماژەی بەوەش کرد پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان بە فەرمی چووەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، هەروەها دیزاینەکە کەوتووەتە ژێر پێداچوونەوەی تەکنیکیی ورد پێش ئەوەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان لە پرۆژەکەدا دەستبەکار بن.[٢١] کەچی بەرپرسانی هەرێم ئەگەری ڕێککەوتن ڕەت دەکەنەوە، خاڵی ناکۆکی نێوانیان ئەوەیە هەرێم پێی وایە تەنها ڕێژەی (١٪)ی ڕێگاکە بە ناو هەرێمی کوردستاندا تێپەڕ دەبێت. بە گوێرەی نەخشە

پەسەندکراوەکە، (١٢کم)ی ڕێگاکە بە پیشخاپووردا تێدەپەڕێت و بە خاڵێکی «سێ» سنووری هاوبەشدا، لە نێوان عێراق و تورکیا و سووریادا ڕێگاکە دەبڕێت و دەچێتە سنووری تورکیا. ئەم ڕێگایە و شێوازی تێپەڕبوونی بە هەرێمی کوردستاندا؛ ڕێگایەکی دژواری بۆ دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دروست کردووە کە سەرچاوەی ناکۆکین بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن. هەر چەندە لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ پێک هێنراوە بۆ بڕیاردان لە سەر چۆنیەتیی تێپەڕبوونی ڕێگاکە بە سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا پێش ئەوەی بچێتە ناو خاکی تورکیا. هەروەک «میسام ئەلسافی» وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوەی عێراق ئەوەی ڕاگەیاندووە: «لیژنەیەکی هاوبەشیان پێک هێناوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو بابەتە و لیژنەکە چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجام داوە و بەردەوامیش دەبێت لە کۆبوونەوەکانی بۆ گەیشتن بە لێکتێگەیشتن لە سەر ڕێگای گەشەپێدان". هەر چەندە درێژیی ڕێگای گەشەپێدان (١١٨٧کم)ە و لە بەندەری فاو لە بەسرە دەست پێ دەکات و دەگاتە سنووری تورکیا، کەچی تەنیا (١٢ کم) لە ڕێگاکە بە سنووری هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت لە گوندی فیشخاپوور کە سەر بە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆیە لە سنووری پارێزگای دهۆک. لە سەر بنەمای ئەمە و بە پێی نەخشەی ئێستای ڕێگاکە، کەمتر لە (١٪)ی ڕێگاکە بە خاکی هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕێت. بە گوێرەی زانیارییەکان، هەرێمی کوردستان ڕەخنەی هەیە سەبارەت بەم ڕێگایە، لە سەر مەودای ڕێگاکە و شوێنی تێپەڕبوونی بە هەرێمی کوردستاندا[٢٢]. بە پێی بەدواداچوونەکان، هەردوو لا لە سەر میکانیزمێکی هاوبەش دەربارەی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان نەگەیشتوون بە ڕێککەوتن و دیاریش نییە کە چ کاتێک دەگەن بە ڕێککەوتن، هەر بۆیە ئەم بابەتە وەک بەشێک لە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و فیدراڵ ماوەتەوە.

### ٣. سیناریۆکانی کاریگەرییەکانی پڕۆژەی ڕێڕەوی ڕێگای گەشەپێدان لە سەر هەرێمی کوردستان

سیناریۆی یەکەم: لە ڕووی جوگرافییەوە: نەخشەڕێگەی پڕۆژەکە بە ئامانج کێشرابێت یان بێ ئامانج، هێڵێکی سنووریی جوگرافیی ڕوون دەکێشێت بۆ جیاکردنەوەی سنوورەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە ناوچەکانی باکوور (هەرێمی کوردستان)، ئەمەش تۆخکردنەوەی هەمان هێڵی مێژووییە کە چەندین ساڵە کورد و عەرەبی لە


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ناو عێراقێکی فرەنەتەوە و فرەکولتوور و فرەمەزهەب و فرەئایینی پڕ لە جەنگ و ململانێدا هێشتووەتەوە.

سیناریۆی دووەم: لە ڕووی کارگێڕییەوە: پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی حکومەتی ناوەند و سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەندگەرێتی و لاوازبوونی سیستمی فیدراڵی و کۆتوبەندکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی کارگێڕییەوە.

سیناریۆی سێیەم: لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە: بەداخراویکردنی پێگە سیاسییەکەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی مەترسیی جددی لە سەر کوردستان، بە تایبەت لە ڕووی پەیوەندییەکانی بە جیهانی دەرەوە. هێشتنەوەی هەرێم لە دۆخێکی وەهادا، فاکتەرێکە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.

سیناریۆی چوارەم: لە ڕووی ئابوورییەوە: پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان لێدانە لە ئابووریی هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەهای دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و کردنەوەی دەروازە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ئابووری و بازرگانی بە تایبەت لە نێوان تورکیا و وڵاتانی تر و بێبەشکردنی هەرێم لە بواری بازرگانیدا. هەروەها ئەو هەلی کارەی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دەیڕەخسێنێت، چانسی زۆری بۆ دانیشتووانی ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق هەیە نەک هەرێم. لەگەڵ ئەوەشدا کەرتەکانی پیشەسازی و بازرگانی و گەشتیاری لەو ناوچانەدا دەبووژێتەوە و گەشە دەکات، کەچی هەرێم لە پەراوێزدا دەمێنێتەوە.

پێنجەم: لە ڕووی شارستانییەوە: پڕۆژەکە ناوهەسەنگی دروست دەکات لە گەشەکردنی ژێرخانی شارەکانی هەرێم بە بەراورد بە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، بەو پێیەی پڕۆژەکە بە (١٥) پارێزگای ناوەڕاست و باشووری عێراقدا تێپەڕ دەبێت، چونکە ئەو ناوچانە ڕاستەوخۆ لە سەر نەخشەی ڕێگای گەشەپێدانن، هێڵی ئاسن و ڕێگای خێرای پێدا تێپەڕ دەبێت. ئەمە جگە لە فراوانبوونی شارەکان و دروستبوونی شاری زیرەک و بونیادنانی ژێرخانی ناوچەکە، دروستبوونی وشیاریی گشتی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و کرانەوە بە ڕووی جیهاندا.

**٣-١. ئاسۆی ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ**

هەر چەندە ماوەیەکە لە ناوخۆدا عێراق چێژ لە دۆخێکی سەقامگیر وەردەگرێت. سوودانی توانیویەتی حەشدی شەعبی ئارام بکاتەوە و پەیوەندییەکانی بەغدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا باشتر بکات، سەرەڕای چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو لە نێوانیاندا[٢٣]. لە بەرامبەردا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ئێستادا نوێنەرایەتیی سەردەمێکی نوێ دەکات، ئەوەش واتە پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ هاوبەشەکانی لە کۆماری عێراقی فیدراڵ، کاری لەپێشینەش گەشەپێدانی هاوبەشی بونیادنەر و سەقامگیرە لەگەڵ بەغدا، لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی هاوبەش و هەماهەنگیی ئامانجدار. ئەوەش بە تێگەیشتنێکی ڕوون بۆ ماف و ئەرکەکانی هەردوو لا، کە کۆمەڵێک بەرژەوەندیی هاوبەش بەیەکیانەوە دەبەستێت، وەک: (بازرگانی، ئاسایشی سنوورەکان، گەشەپێدانی ئابووری و... هتد)، هیچ یەکێک لەو بەرژەوەندییانەش بەدی نایەن تەنیا لە ڕێگەی هاوبەشییەکی ڕاستەقینە لە فەرمانڕەوایەتیکردندا و دەستووریش دەبێتە بنەمایەکی جەوهەری لە گفتوگۆکاندا لە نێوان هەردوو لادا[٢٤]. ئەمەش کردنەوەی دەلاقەیەکی سازێنەرە بۆ کرانەوە بە ڕووی ئاسۆکانی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەروەها هەماهەنگی و هاوکاریکردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا دەتوانێت ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ هاوئاهەنگی و ئاشتەوایی زیاتر لە نێوان هەولێر و بەغدا. بەشدارپێکردنی هەرێم لە پرۆژەکەدا، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ڕەخساندنی دیدێکی نیشتمانی و تێپەڕاندنی جیاوازییە نەتەوەیی و تائیفییەکان لە سەرتاسەری عێراقێکی فیدراڵدا. ئەم جۆرە هاوکارییە پەیامێکی بەهێزی پێکەوەژیان بە تەواوی عێراقییەکان دەگەیەنێت. لە هەمان کاتدا یەکگرتنێکی بەهێز لە پرۆژەی گەشەپێداندا دەتوانێت شاڕێگەیەک بێت بۆ پتەوکردنی گیانی هاوکاری و ئاشتەوایی و ڕێگەگرتن لە پەرتبوونی وڵات. لە سەر بنەمای قازانجی هاوبەش و خۆشگوزەرانیی هاوبەش٢٥٢٩، ئەوەی ئاسۆی داهاتووی پەیوەندییەکانی هەرێم و فیدراڵ دیار دەکات لە هەمبەر پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا، دڵنیادانە لەوەی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی ئەم پرۆژەیە بەجێ نەمێنێت. پرۆژەکە

نەکرێتە ئەڵقەیەکی تری ناوەندگەرایی بە ملی هەرێمەوە، هەرێمی کورستانیش مافی ئەوەی هەیە بەشدار بێت لە خێروبێر و دەستکەوتەکانی پرۆژە ستراتیژییەکانی عێراق بە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدانیشەوە، لەو پێناوەشدا هەرێم هەموو ڕێگەیەک دەگرێتە بەر چ لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بۆ ئەوەی بەشێک بێت لە پرۆژەکە.

## ئەنجامگیری

١. پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان پرۆژەیەکی ستراتیژیی ژێرخانییە و مۆدێلێکی نوێیە لە بواری بازرگانی و ئابووریدا و کردنەوەی دەروازەیەکی نوێیە بە ڕووی بازرگانیی جیهانیدا و دەبێتە هۆی بەستنەوەی هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەورووپا.

٢. هەرێمی کوردستان بە پێی دەستوور بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ و پەیوەندییەکی جوگرافی و کارگێڕی و ئابووری و بازرگانی و سیاسی و ئەمنی پێکیانەوە دەبەستێت.

٣. بێبەشکردنی هەرێم لە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، دەبێتە هۆی لەقاڵبدانی هەرێم لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، هەروەها کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی و لە پەراوێزدا هێشتنەوەی و دواکەوتنی هەرێم لە ڕووی ژێرخانی و ئاوەدانی و شارستانییەوە.

٤. بەشدارییپێنەکردنی هەرێم لە پرۆژەکە کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لە سەر ئاسۆی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا. ئەگەرچی لە ئیستادا کۆمەڵێک دۆسیەی ناکۆک لە نێوان هەرێم و فیدراڵدا لەئارادایە، بەڵام ئەوکات دیار نییە گرژییەکان بە هۆی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدانەوە لە چ ئاستێکدا بن؛ دەنێنەوە.

٤. هەرێم لە پێناو ئەوەی بەشێک بێت لە پرۆژەکە، هەموو ڕێگایەکی دیپلۆماسی و سیاسی دەگرێتە بەر، چ لە سەر ئاستی ناوخۆ یاخود دەرەوە، بە تایبەت لەگەڵ وڵاتە هاوبەشەکانی پرۆژەکە.

## سەرچاوەکان


١. د. جيهاد نصير، تحديات متعددة: ما مستقبل طريق التنمية العراقي، مركز rcssegypt، 23 أغسطس ٢٠٢٤، الموقع الكتروني: https://rcssegypt.com/18541.

٢. د. حافظ عبدالأمير امين و آخرون، طريق الحرير و طريق التنمية نقيضان ام مكملان في استدامة الأقتصاد العراقي، المجلة العراقية للعلوم الأقتصادية، عدد خاص للوقائع المؤتمر العلمي الدولي بعنوان (القيادة الرشيدة والتنمية المستدامه سبل الاصلاح الأقتصاد العراقي)، السادس والسنوي، السابع عشر، لسنة ٢٠٢٣، ص٢١٢.

٣ . فيصل عبداللطيف ياسين، مشروع طريق التنمية العراقي مشروعية الطموح و محددات المنافسة الجيوسياسية الإقليمية والدولية، مجلة سياسة الدولية، عدد ٦٠، سنة ٢٠٢٤/٩/١، ص٥١٦.

٤ . رحاب الزيادى، خطوات تنموية تحديات مشروع طريق التنمية بين العراق و تركيا، مركز مصري للفكر والدراسات الستراتيجية، ٢٠٢٣/٥/٧، موقع الكتروني: https://rb.gy/yy6ok3

٥ . د. نسرين رياض شنشول، د. ريام علي حسين، طريق التنمية والآفاق المستقبلية للإقتصاد العراقي، مركز حمورابي للبحوث والدراسات الاستراتيجية، ٢٠٢٤/٣/١٧، ص٦.

6. Ranj Alaaldin, Iraq's Development Road Project: A Path to Prosperity or Instability? Middle East coun on Global Affairs, October 2024 : p٤

٧ . کازم ئەحمەد سەدرەدین، ڕێگەی گەشەپێدان وەک پڕۆژەیەکی کیشوەربڕ، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (٢٢)، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤، ل٣٥.

٨ . حيدر نعمة بخيت، طريق التنمية العراقي فرص تنموية واعدة وتحديات كبيرة، مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٣، ص١٨.

٩ . مركز پزوش های اتاق ايران، جاده توسعه عراق: آرزوها و واقعيت ها، ١٤٠٣، ص١١-١٤.

١٠ . د. سارا شاكر احمد، الابعاد الجيوبولتيكيه لمشروع طريق التنمية، مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٤، ل٦.

١١ . مركز پزوش های اتاق ايران، جاده توسعه عراق: آرزوها و واقعيت ها، ١٤٠٣، ص٦.

١٢ د. ابراهيم اديب ابراهيم، نحو افاق مستقبلية ربحة للعلاقات الاقتصادية العراقية العمانية، منظمة بوابة الشرق للتنمية المستدامة، مايو ٢٠٢٤، ص٦.

١٣ کازم ئەحمەد سەدرەدین، ڕێگەی گەشەپێدان وەک پڕۆژەیەکی کیشوەربڕ، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (٢٢)، ٢٠٢٤، ل٤١.

14. Ministry of Transportation, The Development Road Project, Baghdad, 31 January 2024



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

١٥ كازم جەبـاری، سـەردانی ئـەردۆگان بـۆ عێـراق بوێرترکردنـی تواناکانـی دەوڵـەت لە سـەردەمی کابینـەی سـوودانیدا، ماڵپـەڕی پەیمانـگای میدیتریانـە بـۆ توێژینـەوەی هەرێمایەتـی، ٢٠٢٤/٤/٢٤، لینکەکـەی: https://shorturl.at/t٨lBf

١٦ . نەجات، عەلی، هەڵوێسـتی ئێران سـەبارەت بە ڕێڕەوە نوێیەکان ڕێگەی گەشـەپێدان بە نموونە، وەرگێڕانی: بارام سـوبحی، گۆڤاری ئێراناسـی، ژمارە(١١) ، سـاڵی سێیەم، ئایاری ٢٠٢٤، ل٢٠٦.

١٧ . Harith Hasan, Iraq's Development Road: Geopolitics, Rentierism, and Border Connectivity, Malcolm H. Kerr, Carnegie middle east center, MARCH ١١, ٢٠٢٤ , p:١٣.

١٨ . سـەنگەر سـالار، ڕێگـەی گەشـەپێدان؛ وەرچەرخانـی ئابـووری لـە عێـراق و خاڵێکـی دیکـەی ناکۆکـی لـە نێـوان هەولێر و بەغـداد، ماڵپـەڕی پەرەگـراف، ٢٠٢٤/٧/٢٥، لینکەکـەی: https://shorturl.at/mCOD٧

١٩ . جمهوريـة العـراق، وزارة التخطيـط، نائـب رئيـس مجلـس الـوزراء- وزيـر التخطيـط يترأس اجتماعـا للجنـة الوزاريـة المشتركـة مـع اقليـم كردسـتان لتحديـد نقطـة ربط مسـار طريـق التنميـة عند الحـدود التركيـة، ٢٧ أغسـطس ٢٠٢٥، موقـع الـكتروني: https://shorturl.at/DN٩٦r

٢٠ . "لا تنازل عن حقوقنا الدستورية"، الموقع: +٩٦٤، ٢٠٢٥/٣/٢٨، موقع الكتروني: https://shorturl.at/٣w٥oP

٢١ . "العـراق والإقليـم يتفقان على مسـار طريـق التنمية"، الموقـع: rojnews.news، موقع الكتروني: https://shorturl.at/Z٥caf

٢٢ . هسـتيار قـادر، أقـل مـن ١٪ مـن مسـار طريـق التنميـة يمـر عبر إقليـم كوردسـتان، الموقـع: rudawarabia، ٢٠٢٥/١٢/٢، موقـع الـكتروني: https://shorturl.at/RLiBx

٢٣ . Ranj Alaaldin, Iraq's Development Road Project, The Middle East Council on Global Affairs, October ٢٠٢٤, p: ٣

٢٤. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، بەشـی ئاماجـەکان، ماڵپـەڕی «gov.krd»، بڕوانـە لینکەکەی: https://tinyurl.com/٥n٧x٨٧٣b

٢٥ . د. ڕێبـاز چەتـۆ بیـرۆ، ڕێگـەی گەشـەپێدانی عێـراق و پێگـەی کوردسـتان، سـایتی «AVA»، ڕێکەوتـی ١٦ی ئایـاری ٢٠٢٤. بڕوانـە لینکەکـەی: https://shorturl.at/JuYiV

# ئاڵنگاری و بەربەستەکانی پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئوستترالیا و چین

## دەرفەتێک بۆ تێگەیشتن لە ئایندەی بازرگانیی چین لە عێراق و کوردستان



سەروەت عەبدوڵا

ماستەر لە ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن

**بەرایی**

لە دونیای سیاسەتی نێودەوڵەتیدا گریمانەی ئەوەی کە «پەیوەستبوونی ئابووری دەبێتە هۆی سەقامگیریی سیاسی»، لە ئێستادا ڕووبەڕووی گەورەترین ئاڵنگاری بووەتەوە. پەیوەندییەکانی نێوان ئوستترالیا و چین نموونەیەکی زیندووی ئەم دۆخە ئاڵۆزەن، لە کاتێکدا هەردوو وڵات لە ڕووی ئابوورییەوە تەواوکەری یەکترن، بەڵام لە ڕووی ستراتیژی و ئەمنییەوە لە دوو بەرەی دژ بە یەکدان. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لە دیاردەی «بەچەککردنی بازرگانی» (Weaponization of Trade) بکۆڵێتەوە، وەک چەمکێک ڕوونی دەکاتەوە چۆن پەیوەندییە بازرگانییەکان لە ئامرازێکی گەشەپێدانەوە دەگۆڕێن بۆ کارتێکی فشار لە ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکاندا. تێگەیشتن لەم هاوکێشەیە تەنها بۆ ئوستترالیا گرنگ نییە، بەڵکوو وانەیەکی ستراتیژییە بۆ وڵاتانی «هێزی مامناوەند» و ئەو ناوچانەی خاوەن سەرچاوەی وزەن. لێرەوە توێژینەوەکە پردێک لە نێوان ئەزموونی ئوستترالیا و دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان دروست دەکات. ئامانجی سەرەکی ئەوەیە بزانین: ئایا دەکرێت مۆدێلی مامەڵەی ئوستترالیا -لە نێوان پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ چین و پابەندبوونە ئەمنییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا- ببێتە نەخشەڕێگایەک بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان؟ تاوەکوو لە داهاتوودا بتوانن بە کەمترین زیان پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ چین بەڕێوە بەرن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## دەروازە

لەم وتارەدا دەمانەوێت لە بارەی پەیوەندیی بازرگانیی دوو وڵاتەوە بنووسین کە پێویستییان بە یەکتری ناچاریان دەکات یەکتری قبووڵ بکەن. ئوسترالییەکان بە کانزا، کانزای ئاسن، خەڵووزی بەردین و گازی شلی سروشتی مامەڵەی مانەوە لەگەڵ چاینییەکاندا دەکەن و ئەوانیش بە ئەلکترۆنیات: کۆمپیوتەر، مۆبایل و ئامێرە تەکنەلۆژییەکان، لەگەڵ ئامێر و کەلوپەلی پیشەسازی: ئامێری قورس بۆ بیناسازی و کەلوپەلی ناو ماڵ. واتە دەتوانین بڵێین: ئوسترالیا وەک «کانگا و کێڵگە» وایە بۆ چین، چینیش وەک «کارگە» وایە بۆ ئوسترالیا. بۆیە دەمانەوێت لە سەر ئەم پەیوەندییە بازرگانییە بوەستین و باس لە کاریگەرییەکەی بکەین لە سەر دونیای سیاستیان. هەروەها ڕۆڵی ئەمەریکا باس بکەین لە لاوازبوونی پەیوەندییە بارزگانییەکانی ئوستراليا و چایناڈا و لە کۆتاییدا بتوانین ئەم تێگەیشتنە بەکار بهێنین بۆ هەڵسەنگاندنی دەرفەت و مەترسییەکانی ئەو بازرگانییەی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیانە لە چین و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ بازرگانە چینەکاندا.

پەیوەندییەکانی نێوان ئوسترالیا و چین لە دەیەی ڕابردوودا وەرچەرخانێکی دراماتیکیی بەخۆیەوە بینیوە، کە لە «هاوبەشی ستراتیژیی گشتگیر»ەوە بەرەو دۆخێک لە «ڕکابەریی جیۆپۆلەتیکی» و گرژیی بازرگانی ڕۆیشتووە. چین گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی ئوسترالیایە، بە جۆرێک کە لە ساڵی ٢٠٢٢دا هەناردەی ئوسترالیا بۆ چین گەیشتە ١٠٢ ملیار دۆلار، کە دەکاتە نزیکەی ٣٢.٢٪ی کۆی هەناردەی ئوسترالیا١. هەروەها چین گەورەترین بازاڕی هەناردەکردنی ئوسترالیایە بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، سامانە سروشتییەکان و وێستگەیەکی گرنگی هەناردەی کەرتی خزمەتگوزارییە کە تەنها لە ساڵی ٢٠٢٤دا بڕەکەی گەیشتووەتە ١٦.٨ ملیار دۆلار٢. ئەم ژمارەیە ئاماژەیە بۆ ئاستێکی بەرزی «پەیوەستبوونی ئابووری»، کە بە گوێرەی تیۆرییەکانی لیبڕالیزمی ئابووری دەبووایە ببێتە هۆی سەقامگیریی سیاسی، بەڵام دەرئەنجامەکان پێچەوانەی ئەمە پیشان دەدەن.

لەم چەند ساڵەی دواییدا، بە تایبەت دوای ساڵی ٢٠٢٠، پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات کەوتنە ژێر کاریگەریی ململانێی نێوان چین و ئەمەریکا. هەوڵەکانی

ئوسترالیا بۆ پاراستنی سەروەریی نیشتمانی و داواکاری بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کاردانەوەی توندی پەکینی لێ کەوتەوە کە خۆی لە سەپاندنی سزای بازرگانی بەسەر کاڵا ئوسترالییەکاندا بینییەوە[٣]. ئەم دۆخە دیاردەیەکی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا خستە ڕوو کە پێی دەوترێت «بەچەککردنی بازرگانی» (Weaponization of Trade)، کە تێیدا پەیوەندییە ئابوورییەکان وەک ئامرازێکی فشار بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی بەکار دەهێنرێن[٤].

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە: ئایا ئوسترالیا دەتوانێت هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ چین و هاوپەیمانییە ئەمنییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا (AUKU) ڕابگرێت؟ هەروەها، ئەم ململانێیە چ وانەیەکی هەیە بۆ وڵاتانی «هێزی مامناوەند» و بچووک، بە تایبەتی عێراق و هەرێمی کوردستان، کە ئەوانیش لە نێوان ململانێی زلهێزەکان و پێویستیی گەشەپێدانی ئابووریدا گیریان خواردووە؟ توێژینەوەکە بە شیکردنەوەی دەیتا بازرگانییەکان و بەڵگەنامە فەرمییەکان، ئاڵنگارییەکانی ئێستا و سیناریۆکانی ئایندە تاوتوێ دەکات.

### ١. چوارچێوەی مێژوویی: گەشەسەندن لە پەراوێزەوە بۆ قووڵایی ستراتیژی

مێژووی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئوسترالیا و چین دەکرێت وەک چیرۆکێکی گەشەسەندنی خێرا سەیر بکرێت، کە لە دانپێدانانی دیپلۆماسییەوە دەستی پێ کردووە تاوەکوو دەگاتە لوتکەی پشتبەستن بە یەکتر لە ڕووی ئابوورییەوە، واتە پەیوەندیی ئابووریی نێوان ئوسترالیا و چین لە سەرەتاوە گەشەکردنێکی سروشتیی دوور لە سیاسەتە، بۆیە زۆر جار ئەو دوو ئابوورییە بە «هاوبەشی سروشتی» ناو دەبرێن[٥]. سەرەڕای ئەوەی مێژووی چالاکییە ئابوورییەکانی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکانی سەدەی نۆزدە، بەڵام گەشەسەندنی هاوچەرخی پەیوەندییە ئابوورییە دووقۆڵییەکان دوای دامەزراندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییە فەرمییەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢دا دەستی پێ کرد[٦]. بە گشتی دەتوانین قۆناغەکانی گەشەکردنی پەیوەندیی بازرگانیی ئەم دوو دەوڵەتە بەم شێوەیە دابەش بکەین:

**یەکەم:** قۆناغی دامەزراندن (١٩٧٢-٢٠٠٠): پەیوەندییە مۆدێرنەکان لە ساڵی ١٩٧٢دا دەستیان پێ کرد، کاتێک حکومەتەکەی «گۆف ویتلام» بە فەرمی دانی بە کۆماری میللیی چیندا نا. لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکان زیاتر سیاسی بوون، بەڵام لە ساڵانی هەشتاکاندا لە ژێر کاریگەریی ڕیفۆرمە ئابوورییەکانی «دێنگ شیاو پینگ» لە چین و کرانەوەی ئابووریی ئوسترالیا لە لایەن «بۆب هۆک» بناغەی بازرگانیی دانرا. لەم قۆناغەدا پڕۆژەی «Mt Channar» بۆ بەرهەمهێنانی ئاسن لە ساڵی ١٩٨٧دا بووە یەکەم وەبەرهێنانی گەورەی دەرەکیی چین لە ئوسترالیا، کە هێمایەک بوو بۆ یەکگرتنی بەرژەوەندییەکان[٧].

**دووەم:** قۆناغی بووژانەوەی سەرچاوەکان (٢٠٠٠-٢٠١٤): ئەم قۆناغە لە مێژووی ئابووریی ئوسترالیادا بە «بووژانەوەی سەرچاوەکان» (Resources Boom) ناسراوە. بە هۆی پڕۆسەی خێرای شارنشینی و گەشەی ئابووریی چینەوە، خواستێکی بێشوومار بۆ وزە و کانزاکان دروست بوو. لەم قۆناغەدا ئوسترالیا وەک دابینکەری سەرەکیی کانزای ئاسن (Iron Ore)، خەڵووز و غازی سروشتی (LNG) بۆ کارگەکانی چین دەرکەوت. دەیتاکان ئاماژە بەوە دەکەن لەم ماوەیەدا قەبارەی بازرگانیی دووقۆڵی چەندین هێندە زیادی کردووە و چین پێگەی خۆی وەک گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی ئوسترالیا چەسپاند٨. هەر بۆیە چین توانیی ئابووریی ئوسترالیا لە کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی جیهانیی ٢٠٠٨ بپارێزێت، چونکە بەردەوام بوو لە کڕینی کەرەستە خاوەکان بە نرخێکی بەرز.

لە ڕووی سیاسییەوە چەندین سەردانی دیپلۆماسی لە نێوان وەزیری دەرەوەی هەردوو وڵاتدا ڕوویان دا. لە مانگی ئازاری ٢٠٠٢دا، وەزیری دەرەوەی چین سەردانی ئوسترالیای کرد کە ئەمە یەکەمین سەردانی وەزیرێکی دەرەوەی ئەو وڵاتە بووە لە دوای ساڵی (١٩٩٢)ەوە. بەدوای ئەوەشدا و لە مانگی مایسی هەمان ساڵدا، جۆن هاوارد سەرۆکوەزیرانی ئوسترالیا سەردانی چین دەکاتەوە. لە مانگی ئابی ٢٠٠٣دا، ناوبراو سەردانێکی دیکەی بۆ چین ئەنجام دا بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو وڵاتە، لە نێوانیاندا سەرۆک «هو جینتاو» و سەرۆکوەزیران «وێن جیاباو»[٩]. بەم شێوەیە پەیوەندییە سیاسییەکان شانبەشانی پەیوەندییە بازرگانییەکان دەچنە پێشەوە.

**سێیەم**: قۆناغی بەدامەزراوەییکردنی پەیوەندییەکان (٢٠١٤-٢٠١٥): لەم قۆناغەدا دوو ڕووداوی گەورە ڕوویان داوە کە بریتین لە بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندییەکان بۆ «هاوبەشی ستراتیژی»، هەروەها واژۆکردنی «ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد» -(ChAFTA). لوتکەی پەیوەندییەکانی ئوستralیا و چین لە ساڵی (٢٠١٤)دا دەستی پێ کرد، ئەویش کاتێک سەرۆکی چین (شی جین پینگ) سەردانی ئوسترالیای کرد و پەیوەندییەکانی بۆ ئاستی «هاوبەشی ستراتیژیی گشتگیر» بەرز کردەوە. ساڵێک دواتر، لە (٢٠١٥)، «ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازادی چین-ئوسترالیا» (ChAFTA) واژۆ کرا. ئەم ڕێککەوتنە نزیکەی ٩٥٪ی باجە گومرگییەکانی لا برد و دەرگای بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان وەک (شیرەمەنی، گۆشت و شەراب) و کەرتی خزمەتگوزاری و پەروەردە کردەوە[١٠]. هەروەها وای کرد ئوسترالیا زیاتر لە هەموو وڵاتێکی تری ڕۆژئاوایی وابەستەی بازاڕی چین ببێت. بۆیە لە ئێستادا چین گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی دوولایەنەی ئوسترالیایە. لە ساڵی ٢٠٢٤دا؛ ٢٥٪ی بازرگانیی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ جیهاندا پێک دەهێنێت، کە کۆی گشتیی بازرگانیکردنە بە ٣١٢ ملیار دۆلار. «هەناردەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانمان بۆ چین لە ساڵی ٢٠٢٤دا؛ (١٩٦) ملیار دۆلار بووە کە دەکاتە ٣٠٪ی هەناردەکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییە جیهانییەکانمان لەو ماوەیەدا. زیادبوونی پەیوەندیی نێوان ئوسترالیا و چین بووەتە هۆی پێشکەوتنی ئەرێنی لە پەیوەندییە بازرگانییەکەدا، لەوانەش لابردنی بەربەستە بازرگانییەکانی چین کە لە ساڵی (٢٠٢٠)ەوە کاریگەرییان لە سەر هەناردەکردنی ئوسترالیا هەبووە[١١].»

کەواتە بە پێی ئەم گەشەکردنە مێژووییە بێت؛ پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە سەر بنەمای تەواوکاریی سروشتی دروست بووە نەک هاوپەیمانیی سیاسی، واتە ئابوورییەکەیان وەک دوو پارچەی نەخشەیەکی تەواونەکراوە، بە شێوەیەکی سروشتی یەکتری تەواو دەکەن. ئەگەر ئوسترالیا کەرەستەی خاوی هەیە، ئەوا چین کارگەی هەیە، ئەمەش هۆکاری سەرەکییە کاتێک پەیوەندییە سیاسییەکان تێک دەچێت، پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوانیان تووشی جۆرێک لە شڵەژان دەبێتەوە.

## ٢. ئابووریی-سیاسیی پەیوەندییەکان

لەم بەشەدا دەمانەوێت بڕۆینە ناو درێژەی پەیوەندییە بازرگانییەکان کە لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە دروستیان کردووە. ئەو ڕێڕەوە ئازادەی بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی دروست کراوە سەرەتا بە تەواوکاری ناو برا و دواتر گەیشتە قۆناغی وابەستەیی ستراتیژی. هەروەها ئەم پەیوەندییە بازرگانییە دواتر سیاسەت بە چڕی دێتە نێوانیانەوە، بە تایبەت ئامادەیی ئەمەریکا و بەریتانیا و سەردەمی پەتای گشتگیری کۆڤید-١٩ و بە تایبەتتر ئەو کاتەی ئوستڕالیا داوا دەکات دەبێت لێکۆڵینەوە لە چین بکرێت وەک سەرچاوەیەکی دەرکەوتنی ئەم ڤایرۆسە. بۆ شەنوکەوکردنی هەموو ئەم پرسانە، باسەکەمان بۆ سێ باسی سەرەکی دابەش دەکەین کە لە باسی یەکەمدا بە کورتی باس لە ڕێککەوتنامەی بازرگانیی ئازاد کە بە «ChAFTA» ناسراوە دەکەین، لە باسی دووەمدا بە کورتی گەشەی پەیوەندییە بازرگانییەکان باس دەکەین کە چۆن گەشتوون بە قۆناغی وابستەی ستراتیژی، پاشان باس لە دوفاقی سیاسی-ئابووری و خۆڕاگریی بازرگانی دەکەین.

### ١.٢: ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازادی

چین و ئوستراليا (China-Australia Free Trade Agreement) (ChAFTA).

لە حوزەیرانی ٢٠١٥دا، دوای ٢١ گەڕ و زیاتر لە دەیەیەک لە دانوستان، ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازادی چین-ئوستراليا (ChAFTA) لە کانبێرا لە لایەن وەزیری بازرگانی و وەبەرهێنانی ئوستراليا «ئەندرۆ ڕۆب» و هاوتا چینییەکەی «گاو هوچێنگ»ەوە واژۆ کرا. تۆنی ئابۆت سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتەی ئوستراليا بە لایەنە چینیەکانی ڕایگەیاند کە ئوستراليا ‹ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوە بۆ بازرگانی و وەبەرهێنانی زیاتر لەگەڵ چین و ڕێککەوتنەکە ‹وڵاتەکە و ناوچەکەمان بەرەو باشتر دەگۆڕێت. هەروەها ئەنجوومەنی بازرگانیی ئوستراليا (BCA) جەختی کردەوە ئەم ڕێککەوتنامەیە گۆڕانکاریی بنەڕەتی بۆ ئابووریی ئوستراليا دروست دەکات، ئەویش لە ڕێگەی مسۆگەرکردنی پێگەی کێبڕکێ بۆ کەرتە بازرگانییە پێشەنگەکانی وڵاتەکە. کەواتە دەتوانین بڵێین ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازادی چین و ئوستراليا

(ChAFTA)؛ ئامانجی سەرەکیی لابردنی بەربەستە گومرگییەکان و کەمکردنەوەی تێچووی هەناردەکردنە، ئەمەش وای کردووە بازاڕی چین بە ڕووی بەرهەمە ئوسترالییەکاندا بکرێتەوە و لە بەرامبەریشدا ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنانی چینی لە ئوسترالیا بکرێت[١٢].

لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لە سەر هەناردن و پەیوەندیی هەردوو وڵات، کەچی بەردەوام لە ژێر هەڵسەنگاندن و پەرەپێداندایە بۆ پاراستنی کارایی و دەستکەوتەکان لە بواری بازرگانیدا. دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢١دا (پێداچوونەوەی دوای جێبەجێکردن) ئەنجام دار، دەرکەوت ڕێککەوتنەکە بەربەستەکانی کەم کردووەتەوە و هەناردەی ئوسترالیای زیاد کردووە. هەردوو وڵات لە ساڵانی ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥دا، لە ڕێگەی کۆبوونەوەی لیژنە هاوبەشەکانەوە و واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکگەیشتن لە لایەن سەرکردە باڵاکانەوە، میکانیزمەکانی جێبەجێکردنیان بەهێزتر کردووە. لە ئێستاشدا (تشرینی دووەمی ٢٠٢٥) و هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی دەیەمین ساڵیادی ڕێککەوتنەکە، حکومەتی ئوسترالیا دەستی بە پێداچوونەوەیەکی گشتی کردووە و دەرگای بۆ وەرگرتنی پێشنیاری لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووەتەوە، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی ڕێککەوتنەکە و دۆزینەوەی دەرفەت بۆ فراوانکردنی دەستگەیشتن بە بازاڕ و قووڵکردنەوەی ئازادیی بازرگانی[١٣].

### ٢.٢: پەیماننامەی ئەمنیی سێ قۆڵیی ئۆکۆس (AUKUS) (ئوسترالیا، شانشینی یەکگرتوو و ویلایەتە یەکگرتووەکان)

پەیماننامەی ئۆکۆس (AUKUS) هاوبەشییەکی ئەمنیی سێ قۆڵییە لە نێوان ئوسترالیا، شانشینی یەکگرتوو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە لە ئەیلوولی ٢٠٢١دا ڕاگەیەنرا و ئامانجی سەرەکیی دابینکردنی تەکنۆلۆژیای ژێردەریایی ئەتۆمی بوو بۆ ئوسترالیا. ئەم پەیماننامەیە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بوو لە بەرنامە سەربازی و سیاسییەکەی ئوسترالیا لە «پاراستنی هاوسەنگی»یەوە بۆ «لایەنگریی ئاشکرا»، کە وەک دواتر باسی دەکەین کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئوسترالیا و چین. بە پێی شیکارییەکانی ئالان


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

گینگەڵ[١٤]، ئامانجی ورد و قووڵی ئەم ڕێککەوتنە تەنها دەستخستنی تەکنۆلۆژیای ژێردەریایی ئەتۆمی نەبوو، بەڵکوو چەسپاندنی ئوسترالیا بوو لە ناو بەرەیەکی «تۆکمەی ئینگلیزیزمان» بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵکشانی سەربازیی چین لە ناوچەی ئیندۆپاسیفیک. ئەم هەنگاوە لە لایەن پەکینەوە وەک بەشێک لە «سیاسەتی گەمارۆدان» (Containment Policy) لێک درایەوە و وەک پۆڵ کیتینگ سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئوسترالیا[١٥] باوەڕی وایە ئەم ڕێککەوتننامەیە خراپترین ڕێککەوتنی بەرگرییە لە مێژووی ئوسترالیادا و بە کردەیی کۆتایی بەو سەردەمە هێنا کە کانبێرا بتوانێت لە نێوان بەرژەوەندیی ئابووریی چین و هاوپەیمانیی ئەمەریکادا یاری بکات، بەمەش سروشتی پەیوەندییەکانی لە «هاوبەشی»یەوە بۆ «ڕکابەریی ستراتیژیی کراوە» گۆڕی. دەڵێت: «ئێمە [ئوسترالیا] ئێستا بەشێکین لە سیاسەتی گەمارۆدانی [ئەمەریکا] دژ بە چین.» هەروەها لە وتارێکیدا لە مانگی حەوتی ٢٠٢٥دا بە ناویشانی «ئەمەریکا لە دەستی خۆمان دەمانپارێزێت»، باس لەوە دەکات کە لە ئێستادا ئوسترالیا هەلێکی لە بەر دەستدایە لەم پەیماننامەیە بێتە دەرەوە، چونکە ئەمەریکا بڕیاری داوا بە پەیماننامەکەدا بچێتەوە، بۆیە کاتێکی گونجاوە ئوسترالیا داوای هاتنە دەرەوە بکات لەم ڕێککەوتنە[١٦].

### ٣.٢: لە تەواوکارییەوە (Complementarity) بۆ وابەستەیی ستراتیژی (Interdependence)

ئەم قۆناغە بە سەردەمی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد (ChAFTA) دەناسرێتەوە، کە تێیدا پەیوەندییەکان لە «تەواوکاریی سروشتی»یەوە گۆڕان بۆ دۆخێک لە «وابەستەیی ستراتیژی» (Strategic Interdependence). لەم ماوەیەدا ئابووریی ئوسترالیا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش تێکەڵ بە بازاڕی چین بوو. لە ڕوانگەی ئابووریی سیاسییەوە، پەیوەندییەکانی نێوان ئوسترالیا و چین نموونەیەکی کلاسیکیی «تەواوکاریی ئابووری» (Economic Complementarity) نیشان دەدەن، کە تێیدا وڵاتێکی دەوڵەمەند بە سەرچاوە سروشتییەکانی؛ پێداویستییەکانی وڵاتێکی پیشەسازیی گەشەسەندوو دابین دەکات. چەمکی تەواوکاری (Complementarity) بە زۆری لە

گفتوگۆ تیۆری و پراکتیکییە ئابوورییەکاندا بەکار دەهێنرێت. تەواوکاری لە بنەڕەتدا پێچەوانەی چەمکی ڕکابەری (Competitiveness) یان جێگرەوە (Substitutability) یە. لە هەر چالاکییەکی دیاریکراودا، کاتێک دەوترێت دوو توخم (یان دوو یەکە) تەواوکەری یەکترن کە: A. چالاکییەکە ئەنجام نادرێت ئەگەر هەردوو توخمەکە ئامادە نەبن. B. ئاستی چالاکییەکە وەک خۆی نامێنێتەوە (پارێزراو نابێت) ئەگەر ئاستی یەکێک لە توخمەکان گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. C. هەر زیادبوون یان کەمبوونێک لە یەکێک لە توخمەکاندا، واتای زیادبوون یان کەمبوون دەگەیەنێت لە توخمەکەی دیکەدا١٧. بەو واتایەی ئوسترالیا لە ڕووی کەرەستەوە پێداویستیی کارگەکانی چین پڕ دەکاتەوە، بۆیە بەم پەیوەندییە دەگوترێت پەیوەندییەکی کلاسیکیی تەواوکاری. هەر چی بابەتی «وابەستەیی ستراتیژی» (Strategic Interdependence)یە، ئەوا بریتییە لە ڕێبازێکی ڕیالیزمی نوێ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە وەک «ڕێگایەکی ناوەند» لە نێوان گۆشەگیریی تەواو (Strategic Autonomy) و لایەنگریی کوێرانە بۆ جەمسەرەکان (Alignment) دەردەکەوێت. ئەم چەمکە لە سەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە لە جیهانێکی پێکەوەبەستراودا جیابوونەوە ئەستەمە و زیانبەخشە، لە جیاتیی ئەمە دەبێت وڵاتان لە ڕێگەی هەمەچەشنکردنی هاوبەشییەکانیان و بەڕێوەبردنی پرۆفیشناڵ و زیرەکانەی پەیوەندییەکان، بەرگەگرتن بەرامبەر بە «بەچەککردنی وابەستەیی» دروست بکەن، بەمەش سەروەریی نیشتمانیان دەپارێزن بێ ئەوەی پەیوەندییە جیهانییەکانیان بپچڕێنن١٨.

ئەم بەشە شیکردنەوە بۆ سروشتی ئەم ئاڵوگۆڕە دەکات و چۆنیەتیی دروستبوونی «وابەستەیی ئابووری» (Economic Interdependence) و پاشان گەشەکردنی بۆ وابەستەی ستراتیژی دەخاتە ڕوو:

### ١.٣.٢: ژمارە پێوانەییەکان لە سایەی «ChAFTA»

بە پێی دەیتا فەرمییەکانی حکومەتی ئوسترالیا (٢٠٢٠)، دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە لە ساڵی ٢٠١٥، قەبارەی بازرگانیی دووقۆڵی سەرکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. لە ساڵی ٢٠١٩دا، کۆی گشتیی بازرگانی (هەناردە و هاوردە) گەیشتە

٢٥١.١ ملیار دۆلار، کە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوە بەراورد بە ١٥٥.٦ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠١٥. ئەم گەشەسەندنە تەنها لە ژمارەدا نەبوو، بەڵکوو لە جۆرێتییشدا ڕەنگی دایەوە، بە تایبەت لە کەرتی کشتوکاڵدا کە هەناردەی گۆشتی مانگا (Beef) نزیکەی ٢٠٠٪ زیادی کرد[١٩].

### ٢.٣.٢: هەیمەنەی سامانی سروشتی لە دەرەوەی کشتوکاڵ

کەرتی کانزاکان بڕبڕەی پشتی ئەم وابەستەییە بوون. کانزای ئاسن (Iron Ore) ڕۆڵی «کاڵای ستراتیژی»ی بینی کە بەهای هەناردەکەی لە ساڵی ٢٠١٩دا گەیشتە سەرووی ٨٤ ملیار دۆلار. ئەم ژمارانە بۆ ئابووریی سیاسیی ئوسترالیا واتای ئەوە بوو کە چین چیتر تەنها «کڕیارێک» نییە، بەڵکوو بزوێنەری سەرەکیی گەشەی ئابووریی وڵاتە. بۆیە پەیوەندییەکان چوونە قۆناغێکی هەستیارترەوە، بە تایبەت لەو ڕووەوە کە ئوسترالیا هەر چی کەرەستەی خاوی زۆر بێت، ئەگەر کارگەکانی چین نەبن سوودێکی نییە بۆ داهات و گەشەی ئابووری. کەواتە لەم کاتەدا گەشەی ئابووریی ئوسترالیا وابەستە دەبێت بە کارگەکانی ئوسترالیاوە، بۆیە چین ئیتر تەنها کڕێکارێک نییە کەرەستە خاوەکان بکات بە کاڵا و ئامێر.

### ٣.٣.٢: دەرکەوتنی مەترسیی چڕبوونەوە لە (٢٠٢٠)دا

لەم قۆناغەدا ئاماژەکانی مەترسی لە سەر پەیوەندییەکان دەرکەوتن. ڕاپۆرتەکانی پەرلەمانی ئوسترالیا هۆشدارییان دا لەوەی ئاستی پشتبەستن بە چین گەیشتووەتە ئاستی «مەترسیی چڕبوونەوەی بازرگانی» (Trade Concentration Risk)، بە جۆرێک کە هیچ بازاڕێکی دیکە توانای جێگرتنەوەی چینی نییە٢٠. هەر لەم بارەیەوە جەیمس لۆرێنسون (James Laurenceson) لە ڕاپۆرتی «پەیمانگای پەیوەندییەکانی ئوسترالیا-چین»، لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٢١دا دەڵێت: هاوتەریب لەگەڵ زیادبوونی بەرکەوتنی ئابووریی ئوسترالیا بە ڕووی چیندا، تێڕوانینەکان بۆ ئەو مەترسییانەی ئەم دۆخە دەیانهێنێتە ئاراوە زیادیان کردووە. لە بەرامبەردا، ئەمە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی داواکاری بۆ بەکارهێنانی سیاسەتی گشتی بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەم ئاستی پەیوەستبوونە، ئەمەش زەمینەی بۆ قۆناغی دووەم خۆش کرد.

## ٤.٣.٢: دوفاقی سیاسی-ئابووری و خۆڕاگریی بازرگانی (٢٠٢١-٢٠٢٥)

ئەم قۆناغەی پەیوەندییەکانی ئوستراليا و چین جیاوازە لەوەی پێشوو، ئەگەر لە سەرەتای پەیوەندییەکان هەردوو وڵات دەیانووست شەمەندەفەری گەشەی ئابووری و پەیوەندییە سیاسییەکان لە سەر هەمان هێڵی ئاسنین بڕوات، ئەوا لێرەدا سیاسەت و ئابووری بە دوو ئاڕاستەی پێچەوانەدا دەڕۆن. جا لە کاتێکدا پەیوەندییە سیاسییەکان تووشی گرژی و سزای بازرگانی بووبوون، بەڵام دوای دەیەیەک (٢٠١٥-٢٠٢٥) ئەم پەیوەندییانە هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا، دەرکەوت هێزی بازاڕ توانیویەتی بەسەر ئیرادەی دابڕانی سیاسیدا سەر بکەوێت. وەک جەیمس لۆرێنسۆن (٢٠٢١) ئاماژەی پێ داوە، لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا نزیکەی ٩٤٪ی ڕای گشتیی ئوستراليا پشتیوانیی سیاسەتی حکومەت بوون بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە چین، بەڵام واقیعە ئابوورییەکە سەلماندی کە کەمکردنەوەی ئەم بەرکەوتنە بە بێ دەستتێوەردانی تێچوو بەرز (Costly market intervention) ئەستەمە و سنووردارە. بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزی و هەڵکشان و تێپەڕاندن، دەتوانین بەم شێوەیە لە دۆخەکە بڕوانین:

### ١.٤.٣.٢: مشتومڕی «لایەنگران» و «ڕەخنەگران»

بە پێی توێژینەوەی لۆرێنس و چێن (٢٠٢٥)، ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد (ChAFTA) هەر لە سەرەتاوە لە پەرلەمانی ئوستراليادا جێگەی مشتومڕێکی توند بووە. یەکێک لەو لایەنانە پارتی کرێکارانی ئوستراليا کە لەو کاتەدا ئۆپۆزسیۆن بوون؛ بە سەرکردایەتیی «بێڵ شۆرتن» ڕێککەوتنەکەی بە «ڕێککەوتنێکی خراپ و مامەڵەیەکی بێکەڵک» وەسف کرد، هەر چەندە پێداگرییشیان دەکرد کە پارتی کرێکاران هەمیشە پاڵپشتیی پرەنسیپە گشتییەکانی بازرگانیی ئازاد دەکات و دان بەوەدا دەنێت کە کاری زۆریان کردووە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ چین٢١. جا لەو کاتەدا ڕەخنەگران هۆشدارییان داوە کە ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە هۆی ئەوەی چین باڵادەستیی هەبێت و بازاڕی کار لە ئوستراليا تێک بدات. لە بەرامبەردا، لۆرێنسۆن (٢٠٢١)

هێشتا لە سەرەتای قەیرانەکانەوە جەختی لەوە کردووەتەوە کە بەرکەوتنی ئابووری لە بازاڕدا لە لایەن «بازرگانان و خێزانەکان»ەوە دیاری دەکرێت نەک سیاسەتمەداران و هەر هەوڵێکی حکومەت بۆ پچڕانی ئەم پەیوەندییە بە پاساوی سیاسی، پێچەوانەی ئەو یاسا بازرگانییە نێودەوڵەتییانەیە کە ئوستralیا پشتیان پێ دەبەستێت. دەیتاکانی ساڵی ٢٠٢٥ دەریدەخەن کە پێشبینیی لایەنگران (Proponents)ی ڕێککەوتنەکە ڕاست دەرچووە. بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دۆخەکە لە بەرژەوەندیی ئەوانە شکاوەتەوە کە داکۆکییان لە بازرگانی دەکرد، نەک ئەو سیاسییانەی داوای سنووردارکردنیان دەکرد[٢٢].

### ٢.٤.٣.٢: مانەوە لە ڕێگەی «سوودی پوخت» (Net Benefits)

سەرەڕای ئەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان لە نزمترین ئاستدا بوون و چین لە ساڵی (٢٠٢٠)ەوە دەستی کرد بە بەکارهێنانی گوشاری ئابووری، بەڵام ڕێککەوتنە ئابوورییەکان نەوەستان. ڕاپۆرتەکەی «ACRI» ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە تەنانەت لەو کاتەی سزاکان سەپێنران، بەهای هەناردەی ئوسترالیا بۆ چین لە نیوەی یەکەمی ٢٠٢١دا بە ڕێژەی ٣٧٪ بەرز بووەتەوە و ژمارەی پێوانەیی تۆمار کردووە. هۆکارەکەش ئەوە بوو کە بازرگانە ئوسترالییەکان توانییان میکانیزمی کەمکردنەوەی زیان (Mitigation mechanisms) بەکار بهێنن و بازاڕی جێگرەوە بدۆزنەوە. ڕاپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «سوودی پوخت»ی (Net Benefits) ڕێککەوتنەکە هێندە بەهێز و کاریگەر بووە، کە توانیویەتی پاڵپشتیی بەردەوامی حکومەت و ڕای گشتی مسۆگەر بکات. واتە قازانجە ئابوورییەکە وەک قەڵغانێک کاری کردووە کە ڕێگەی نەداوە گرژییە سیاسییەکان پەیوەندییەکە بە تەواوی بپچڕێنن، ئەمەش وای کردووە تەنانەت لە ژێر فشارەکانیشدا حکومەتی ئوسترالیا نەتوانێت دەستبەرداری ئەو بازاڕە بێت[٢٣].

### ٣.٤.٣.٢: تێڕوانینی جیاوازی چین (The Chinese Perspective)

خاڵێکی دیکەی گرنگ بریتییە لە تێڕوانینی چین. لە کاتێکدا ئوسترالیا بە پێوەرە ئابوورییەکان (وەک قەبارەی هەناردە) سەرکەوتن دەپێوێت، تێڕوانینی چین زیاتر ناڕوونە و پشت بە پێوەری دیکە دەبەستێت. واتە تێڕوانینی ئوسترالیا وەک «ژمێریارێک›› وایە، بەڵام تێڕوانینی چین وەک «یاریزانێکی شەترەنج›› وایە. ئوسترالیا وەک وڵاتێکی سەرمایەداری لیبراڵ، سەرکەوتنی پەیوەندییەکان بە ژمارە دەپێوێت. پرسیارە سەرەکییەکان بۆ دەستنیشانکردنی سەرکەوتن یان شکست ئەوەیە: «ئایا ئێمە ئەمساڵ کاڵای زیاترمان فرۆشت؟ ئایا داهاتمان زیادی کرد؟» ئەگەر وەڵامەکە «بەڵێ» بێت، کەواتە پەیوەندییەکە سەرکەوتووە. لە ئوسترالیا، بازرگانەکان (کەرتی تایبەت) بڕیار دەدەن لەگەڵ کێ بازرگانی بکەن، نەک سیاسەتمەدارەکان. بۆیە ئەگەر حکومەت لەگەڵ چین کێشەی سیاسیی هەبێت؛ بازرگانەکە هەر بەردەوام دەبێت، چونکە قازانجی دەوێت٢٤.  بەڵام چین بازرگانی تەنها بۆ پارە ناکات، بەڵکوو وەک «چەکێکی سیاسی» بەکاری دەهێنێت[٢٥]. چین هەمیشە لە بازارگانی لەگەڵ ئوسترالیادا دوو ئامانجی دژ بە یەکی هەیە: یەکەم: دەیەوێت ئوسترالیا سزا بدات و کاڵاکانی نەکڕێت تا ملکەچی سیاسی بێت. دووەم: زۆر پێویستی بە کاڵای ئوسترالییە (وەک ئاسن) بۆ ئەوەی ئابووریی خۆی نەڕووخێت، بۆیە توێژەران لەم بارەیەوە چەمکی دووفاقی یان ناڕوونی بۆ مامەڵەی چین بەکار دەهێنن.

لۆرێنسۆن لە ڕاپۆرتێکدا ئەوەی خستووەتە ڕوو کە چین سەرەڕای سزاکان، کڕینی کاڵا ستراتیژییەکانی وەک کانزای ئاسنی نەوەستاند، چونکە ئەمە لە بەرژەوەندیی ئابووریی خۆیدا بووە و پشتبەستنی چین بە ئوسترالیا لەم کەرتەدا ڕێگر بوو لەوەی بتوانێت گوشاری تەواوەتی دروست بکات[٢٦]. ئەم جیاوازییە لە تێڕوانیندا هۆکاری ئەوەیە کە بۆچی چین هێشتا بەردەوامە لە بازرگانی نەک تەنها لەبەر قازانج، بەڵکوو وەک بەشێک لە ستراتیژییەکی درێژخایەن بۆ هێشتنەوەی ئوسترالیا لە بازنەی کاریگەریی ئابووریی خۆیدا، سەرەڕای ناکۆکییە سیاسییەکان.

### ٣. ئاڵنگاری و بەربەستەکان

لەگەڵ قووڵبوونەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکان، سروشتی پەیوەندییەکانی ئوسترالیا و چین لە دۆخێکی «تەواوکەری ئابووری»یەوە گۆڕا بۆ قۆناغێک کە تێیدا چەمکی «جیۆئابووری» (Geoeconomics) زاڵ بوو. بە پێی شیکارییەکانی کۆندکۆڤا٢٧، پەیوەندییەکان لە ساڵی ٢٠٢٠دا گەیشتنە خاڵی وەرچەرخان کاتێک ئوسترالیا ڕووبەڕووی زنجیرەیەک سزای ئابووری بووەوە کە پاڵنەرەکەیان سیاسی بوو، ئەمەش وای کرد ئابووری و ئاسایشی نەتەوەیی تێکەڵ ببن. هەر بۆیە ئەو بۆچوونە برەوی پەیدا کرد کە دەڵێت: «ئەو سەردەمە بەسەر چوو کە تێیدا بەرپرسانی باڵای ئوسترالیا دەیانتوانی بانگەشەی ئەوە بکەن کە کانبێرا «دەتوانێت هاوپەیمانییەکی ستراتیژیی نزیک لەگەڵ ئەمەریکا بپارێزێت و لە هەمان کاتیشدا دۆستایەتییەکەی لەگەڵ چین پەرە پێ بدات». ئەم ترازانی هاوسەنگییە بە تایبەت ئەو کاتە دەستی پێ کرد کە ئوسترالیا چووە ناو پەیماننامەی ئەمنیی ئۆکۆس (AUKUS) -(ئوسترالیا، بەریتانیا، ئەمەریکا)- لە ئەیلوولی ٢٠٢١دا، کە دەرئەنجام و دەرکەوتەکانی بریتی بوو لە هاوپەیمانییەک لە سەر بنەمای دژایەتیکردنی چین، لێرەدا بوو ئوسترالیا بە کردەیی دەستبەرداری پاراستنی هاوسەنگیی نێوان هاریکارییەکەی لەگەڵ چین و هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ ئەمەریکا بوو٢٨. کەواتە لە دوای ساڵی (٢٠٢١)ەوە ئوسترالیا کەوتووەتە نێوان هەردوو بەرداشی چین وەک گرنگترین هاوبەشی ئابووری و ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک هاوپەیمانی سەرەکی لە بواری ئاسایشدا.

لێردا دەمەوێت بە کوردتی باسی سەرەتای سەرهەڵدانی کێشە سیاسییەکانی نێوان ئوسترالیا و چین بکەم کە هاوکارمان دەبێت بۆ تێگەشتن لە کۆی باسەکانی دواتر. سەرەتای دروستبوونی درزی گەورە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئوسترالیا و چین دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٧، کاتێک حکومەتی ئوسترالیا نیگەرانیی جددیی دەربڕی سەبارەت بە دەستێوەردانی دەرەکی لە سیاسەتی ناوخۆی وڵاتەکەدا. بە پێی شیکارییەکانی لۆرێنسۆن (٢٠٢١)، هەر چەندە پەیوەندییە ئابوورییەکان لە لوتکەدا بوون و بەردەم گەشەیان دەکرد، بەڵام پەیوەندییە سیاسییەکان لەو ساڵەوە

بە شێوەیەکی خێرا ڕوویان لە خراپبوون کرد، ئەمەش بە ڕوونی کاتێک دەرکەوت کە ئوسترالیا یاساکانی دژەدەستتێوەردانی بیانی (Foreign Interference Laws)ی پەسەند کرد، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئامانجی سنووردارکردنی کاریگەریی سیاسیی چین بوو. دوابەدوای ئەم هەنگاوە، بڕیارێکی مێژوویی دەرچوو کە بریتی بوو لە قەدەغەکردنی کۆمپانیای «Huawei» چینی لە ساڵی ٢٠١٨دا، بەمەش ئوسترالیا بووە یەکەم وڵات لە ڕێگریکردنی لە بەشداریکردنی ئەو کۆمپانییە لە بنیاتنانی تۆڕی نەوەی پێنجەم (5G) بە پاساوی مەترسیی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەمەش خاڵی وەرچەرخان بوو لە متمانەی سیاسیی نێوان هەردوو وڵات. مێدکاف (٢٠٢٠) شیکاری بۆ ئەم بڕیارە دەکات و دەڵێت: ئەمە تەنها بڕیارێکی تەکنیکی نەبوو، بەڵکوو ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی کە کانبێرا «ئاسایشی نەتەوەیی» دەخاتە پێش «قازانجی ئابووری»، بەمەش ئوسترالیا بوو بە پێشەنگ بۆ وڵاتانی دیکەش (وەک ئەمەریکا و بەریتانیا) هەمان هەنگاو بنێن.

گرژییەکان لە ساڵی ٢٠٢٠دا گەیشتنە لوتکەی تەقینەوە، کاتێک حکومەتی ئوسترالیا بە سەرۆکایەتیی سکۆت مۆریسۆن داوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتیی سەربەخۆی کرد سەبارەت بە سەرچاوەی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا (COVID-١٩). ئەم داواکارییە لە لایەن پەکینەوە وەک هێرشێکی سیاسی و لایەنگری بۆ ئەمەریکا لێک درایەوە. وەک لۆرێنسۆن ئاماژەی پێ داوە، تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ چین خۆی بەدوور دەگرت لە بەکارهێنانی فشاری ئابووریی ڕاستەوخۆ، بەڵام ئەم سیاسەتە لە ساڵی ٢٠٢٠دا کۆتایی هات و چین دەستی کرد بە بەکارهێنانی بازرگانی وەک ئامرازێک بۆ سزادانی ئوسترالیا٢٩. ئەم قۆناغە سەرەتای دەرکەوتنی ئەو دیاردەیە بوو کە دواتر بە «دیپلۆماسیی بازرگانیی زۆرەملێ» ناسێنرا. جا جێفری ویڵسن لە بارەی ئەم ستراتیژییەوە دەڵێت: «زۆرەملێی ئابووری (Economic Coercion)، کە شێوە مۆدێرنەکەی لە قۆناغی نێوان دوو جەنگی جیهانیدا گەشەی کردووە، ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرای هەیە. ئەم کارە بە زۆری لە لایەن وڵاتە گەورەکانەوە ئەنجام دەدرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانیان، ئەویش لە ڕێگەی زیانگەیاندن (یان هەڕەشەی زیانگەیاندن) بە بەرژەوەندییەکانی هاوبەشە

بازرگانییە بچووکەکانیان. لە ڕوانگەی ئەو هێزەی کە زۆرەملێکە دەسەپێنێت، سەرکەوتن بەندە بەوەی کە هاوبەشە بازرگانییەکە بژاردەی زۆر کەم، یان هیچ بژاردەیەکی نەبێت بۆ فرەچەشنکردنی هەناردەکانی. ئەم نەبوونی بژاردەیەش ڕەنگە بە هۆی ئەوەوە بێت کە ئەو وڵاتە بچووکە زۆر پشت بە بازاڕەکانی هێزە سەپێنەرەکە دەبەستێت، یان لەبەر ئەوەی فرەچەشنکردن تێچووی ئابووریی زۆر دەبێت (بە هۆی تێچووی سەرچاوەکانەوە)، یانیش تێچووی سیاسیی دەبێت بە هۆی بەهێزیی گرووپە بەرژەوەندیخوازە ناوخۆییەکان کە دەیانەوێت دۆخی هەنووکەیی وەک خۆی بمێنێتەوە[٣٠].

لە ڕاستیدا ئەم هۆشیارییانە پێشتر درابوو کە چین دەتوانێت بازرگانیی زۆرەملێ بەکار بهێنێت دژی ئوسترالیا. وتە بەناوبانگەکەی هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە خولەکانی پێشوودا سەبارەت بە پەیوەندییە بازرگانییە بەرفراوانەکانی ئوسترالیا لەگەڵ چین وتی: «هەڵەیە، جا تۆ وڵات بیت یان کۆمپانیا یان تاکەکەس، ئەگەر... هەموو هێلکەکانت بخەیتە یەک سەبەتەوە. ئەمە وات لێ دەکات وابەستە بیت، تا ئەو ڕادەیەی کە دەتوانێت ئازادیی جووڵە و سەروەریی ئابووری و سیاسیت لاواز بکات[٣١].»

هەر لە بارەی کەیسی داواکردنی لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی ڤایرۆسی «کۆڤید-١٩»ەوە، باڵیۆزخانەی چین لە کانبێرا بە توندی وەڵامی دایەوە. بە پێی توێژینەوەکەی کۆندکۆڤا (٢٠٢١)، دیپلۆماتکارانی چین دۆسیەیەکیان بڵاو کردەوە کە بە «١٤ خاڵەکە» ناسراوە، تێیدا لیستێکی گلەییان خستە ڕوو، لەوانە: ڕەتکردنەوەی وەبەرهێنانی چینی، قەدەغەکردنی «Huawei» و ڕەخنەگرتن لە دۆخی مافی مرۆڤ لە چین. ئەم دۆسیەیە پەیامێکی ڕوونی تێدا بوو: چین چیتر ئامادە نییە پەیوەندییە بازرگانییەکان لە سیاسەت جیا بکاتەوە و ئەمەش زەمینەی بۆ سەپاندنی سزاکانی دواتر خۆش کرد. لێرەدا بوو چین لە کەناڵە فەرمییەکانیەوە ئوسترالیا تۆمەتبار دەکات بە «ژەهراویکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان»، کە ئەمەش مەترسیی زیادکردنی گرژییەکانی نێوان هەردوو وڵات دروست دەکات. لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی «سیدنی مۆرنینگ هیراڵ»دا

هاتووە بەڵگەنامەکەی باڵوێزخانەی چین لە هەموو لێدوانە ئاشکراکانی پێشووی حیزبی شیوعیی چین توندترە. تێیدا حکومەتەکەی مۆریسۆن تۆمەتبار دەکات بە هەوڵدان بۆ تێکدانی ڕێککەوتنی «گرێبەستی پشتێن و ڕێگای ڤیکتۆریا» (Victoria›s Belt and Road deal)، هەروەها کانبێرا بە بەرپرسیار دەزانێت بەرامبەر بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی «نادۆستانە یان دوژمنکارانە» لە سەر چین لە لایەن میدیای سەربەخۆی ئوسترالیاوە٣٢. هەر لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە چین بە ئاشکرا بە دەستەڵاتدارانی کانبێرای ڕاگەیاندووە «ئەگەر چین بکەنە دوژمن، ئەوا چین دەبێت بە دوژمن». واتە لەم قۆناغەدا چینییەکان کار لە سەر ئەوە دەکەن پەیوەندیی بازرگانی ببەستنەوە بە پەیوەندییە سیاسییەکانەوە. ئەگەر بێت و ئوسترالیا کێشە بخاتە ناو پەیوەندییە سیاسییەکانەوە، ئەوا پەیوەندی و ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانیش بەردەوام نابن.

کەواتە دەتوانین ئاماژە بە سێ بەربەستی سەرەکی بکەین کە کێشەی بۆ پەیوەندییە بازرگانییەکانی چین و ئوسترالیا دروست کردووە: جیۆپۆلەتیک، ئەوەی بە ململانێی «ناوچەی خۆڵەمێشی» و ستراتیژی هاوپەیمانێتی ناسراوە. ئاڵنگاریی هەرە گەورە بۆ ئوسترالیا بریتییە لە بەڕێوەبردنی ئەو ئالۆزی و گرژییە جیۆپۆلەتیکییەی کە بە هۆی هەڵکشانی دەسەڵاتی چینەوە لە ناوچەکەدا دروست بووە، چین دەتوانێت زیرەکانە سوود لە ستراتیژی «دیپلۆماسیی بازرگانیی زۆرەملێ» (Coercive Trade Diplomacy) وەربگرێت. دووەم، بەکارهێنانی ئابووری وەک چەک (Weaponization). بە پێی توێژینەوەی ناوەندی «Perth USAsia»، ئوسترالیا بووە یەکەم وڵاتی ڕۆژئاوایی کە ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی فراوانی «زۆرەملێی ئابووری» بووەوە لە لایەن چینەوە. بە جۆرێک چین باجێکی زۆری (تا ئاستی ٨٠٪) خستە سەر «جۆ»ی ئوسترالی و نزیکەی ٢٠ ملیار دۆلار بازرگانیی خستە مەترسییەوە. ئاسایشی نەتەوەیی و تەکنۆلۆژیا، سێیەم بەربەست پەیوەستە بە تێکەڵبوونی بازرگانی بە ئاسایشی سایبەر و نەتەوەیی. وەک بڕیاری ئوسترالیا بۆ قەدەغەکردنی کۆمپانیای «Huawei» بە پاساوی مەترسیی سیخوڕی و ئاسایشی سایبەر، هەروەها دەرکردنی یاساکانی دەستتێوەردانی بیانی لە لایەن

ئوسترالیاوە.

لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کە ئوسترالیا و چین خاوەنی بەرژەوەندییەکی ئابووریی پێکەوەبەستراون، بە جۆرێک گەشەی ئوسترالیا بەندە بە کارگەکانی چین و چینیش پێویستی بە سەرچاوە هەرزانەکانی ئوسترالیایە. ئەم پەیوەندییە کاتێک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سیاسەتی ئەمەریکا و بەریتانیاوە، تووشی ئاڵنگاریی جددی دەبێتەوە. بۆیە ئەگەر بازرگانەکان ورد نەبن، ململانێ سیاسییەکان مەترسیی تێکدانی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوانیان لێ دەکەوێتەوە.

## ٤. ئاڵنگارییەکانی ئوستراليا و وانەکان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان

دوای شیکردنەوەی ئەزموونی ئوسترالیا لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی لەگەڵ چین، دەکرێت دەرەنجامەکان وەک نەخشەڕێگایەک بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان بە کار بهێنرێن. عێراق، هاوشێوەی ئوسترالیا، خاوەنی دوو تایبەتمەندیی ستراتیژیی دژ بە یەکە: یەکەم، خاوەنی سەرچاوەیەکی وزەی گەورەیە (نەوت) کە چین بۆ بەردەوامیی گەشەی ئابوورییەکەی پێویستیەتی (وەک چۆن پێویستی بە کانزای ئاسنی ئوسترالیا بوو). دووەم، عێراق و هەرێم لە ڕووی ئەمنی و سیاسییەوە بە بەشێک لە بازنەی کاریگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دادەنرێن. بۆ ئەوەی عێراق و هەرێم تووشی هەمان سیناریۆی «سزای ئابووری» و «دوفاقی سیاسی» نەبن، پێویستە ئەم وانانە ڕەچاو بکەن:

### ٥.١: ستراتیژیی هاوسەنگیی زیرەک: نەوت وەک قەڵغان

یەکێک لە وانە گرنگەکان لە ئەزموونی ئوسترالیا بە پێی ئەوە بوو کە چین نەیتوانی سزای کەرتی «کانزای ئاسن» بدات، چونکە بۆ بەردەوامیی پیشەسازییەکانی خۆی پێویستیی زۆری پێی هەبوو. ئەم هاوکێشەیە ڕێک ئەو خاڵە بەهێزەیە کە عێراق و هەرێمی کوردستان دەتوانن وەک قەڵغانێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بەکاری بهێنن، چونکە پێگەی چین لە عێراقدا گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەردا هاتووە.

بە پێی توێژینەوەی سەعید و عەزیز٣٣، هاتنی چین بۆ ناو کەرتی وزەی عێراق پرۆسەیەکی خێرا و بەرچاو بووە. چین لە رۆڵێکی لاوازی تازەهاتوو لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، توانیویەتی خۆی بگۆڕێت بۆ یاریزانێکی باڵادەست (Dominant Player). ستراتیژی چین لە سەر بنەمای «پراگماتیزمی ئابووری» داڕێژراوە و ئامانجی یەکەمی دابینکردنی «ئاسایشی وزە»یە بۆ وڵاتەکەی. چین توانیویەتی ئەو بۆشاییە بە هۆی کشانەوەی هەندێک لە کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکانی وەک «ExxonMobil» و «Shell» پڕ بکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، کۆمپانیا حکومییە گەورەکانی چین وەك: «SOEs» و «CNPC» و «CNOOC»، توانیویانە لە ڕێگەی گرێبەستی خزمەتگوزاریی تەکنیکی (TSC) لە کێڵگە ستراتیژییە زەبەلاحەکانی وەک (ڕمێلە، حەلفایە، ئەحدەب و کێڵگەی پارێزگای میسان) جێپێی خۆیان قایم بکەن، ئەمەش وای کردووە چین ببێتە داینەمۆی سەرەکیی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق.

لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی چین بەرامبەر عێراق، هەرێمی کوردستان خاوەنی پێگەیەکی جیۆئابووریی جیاوازە کە تێیدا سەقامگیریی ئەمنی و سامانی وزە یەک دەگرنەوە. بە پێی توێژینەوەی (سەعید و سابیر، ٢٠٢٣)، چین لە ڕوانگەی دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگا (BRI) - (Belt And Road Initiative*) سەیری هەرێمی کوردستان دەکات، وەک دەروازەیەکی گرنگ و پردێک بۆ گەیشتن بە بازاڕەکانی دیکەی عێراق، ئەمەش بە هۆی دۆخی سەقامگیری ئەمنی و یاسای وەبەرهێنانی کراوەی هەرێمەوەیە. ئەم تێڕوانینە ستراتیژییە بە فەرمی لە ساڵی ٢٠١٤دا دەرکەوت کاتێک چین کونسوڵخانەی گشتیی خۆی لە هەولێر کردەوە، کە ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ دانپێدانانی پەکین بە گرنگیی سیاسی و ئابووریی هەرێم. لە ڕووی وزەوە هەرێمی کوردستان خاوەنی یەدەگێکی گەورەی نەوتە (کە بە ٤٥ ملیار بەرمیل دەخەمڵێنرێت) و چین لە ڕێگەی کڕینی کۆمپانیای «Addax Petroleum» لە لایەن کۆمپانیای «Sinopec»ەوە بە بڕی ٧.٢ ملیار دۆلار، گەورەترین گرێبەستی وەبەرهێنانی دەرەکیی خۆی لە هەرێم ئەنجام داوە، ئەمەش هەرێمی کردە بەشێک لە ئاسایشی وزەی چین. جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی عێراق، وەبەرهێنانی چین لە

كوردستانی باشوور تەنها لە وزەدا قەتیس نەماوە، بەڵكوو بە پێی دەیتاكان، كۆمپانیا چینییەكان وەک «PowerChina»، ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینن لە پەرەپێدانی ژێرخانی پیشەسازی و بیناسازی (چیمەنتۆ و یەكەی نیشتەجێبوون)٣٤، ئەم فرەچەشنكردنە وا دەكات پەیوەندییەكە لە «كڕین و فرۆشتنی نەوت»ەوە بەرەو «هاوبەشیی ئابووریی درێژخایەن» هەنگاو بنێت.

لە سەر ئەم بنەمایە، كەواتە حكومەتی عێراق و هەرێم دەبێت تێبگەن نەوت و پێگەی جوگرافی تەنها كاڵا نین، بەڵكوو كارتێكی فشارن. تا ئەو كاتەی چین بۆ بەردەوامیی پڕۆژەی «BRI» و دابینكردنی وزەی كارگەكانی پێویستی بە عێراق و هەرێم بێت، ناتوانێت پەیوەندییەكان بە ئاسانی بپچڕێنێت. عێراق دەبێت ئەم پێگەیە بەكار بهێنێت بۆ ئەوەی چین ناچار بكات پابەند بێت بە مەرجەكانی گەشەپێدانی بەردەوام نەک تەنها قازانجی تاكلایەنە. هەروەها، وەک چۆن ئوسترالیا ڕێگەی نەدا چین دەست بەسەر بڕیاری سیاسیدا بگرێت، دەبێت هەرێمی كوردستان ڕێگە نەدات پڕۆژەكانی ژێرخان ببنە هۆی كەڵەكەبوونی قەرزی سیاسی، بەڵكوو دەبێت چین وەک هاوبەشی بازرگانی بمێنێتەوە نەک خاوەن بڕیار.

### ٥.٢. خۆپاراستن لە داوی قەرز و مۆدێلی نەوت بەرامبەر ئاوەدانكردنەوە

جیاوازییەكی دیكەی جەوهەری لە نێوان سروشتی پەیوەندییەكانی ئوسترالیا و عێراق لەگەڵ چین هەیە. وەک باسمان كرد، پەیوەندیی ئوسترالیا لە سەر بنەمای بازرگانیی تەقلیدی بوو، واتە كاڵا بەرامبەر پارە، بەڵام لە عێراق پەیوەندییەكە ئاڵۆزترە و دەچێتە خانەی ئاڵوگۆڕی ستراتیژییەوە.

بە پێی توێژینەوەی یەریڤان و ئاراس٣٥، عێراق لە ساڵی ٢٠١٩دا «ڕێككەوتنی چوارچێوەی عێراق-چین»ی واژۆ كرد، كە تێیدا عێراق ڕۆژانە ١٠٠,٠٠٠ (سەد هەزار) بەرمیل نەوت هەناردەی چین دەكات و داهاتەكەی دەچێتە سندووقێكی تایبەتەوە (SINOSURE) بۆ ئەوەی كۆمپانیا چینییەكان پڕۆژەی ژێرخانی پێ جێبەجێ بكەن، جا حكومەتی عێراقی دەتوانن لە ڕێگەی پڕۆسەیەكی تایبەتەوە لەو سندووقە قەرزیش بكەن. ئەم مۆدێلەش جیاوازە لە ئوسترالیا، لە ئوسترالیا ترسەكە «سیخوڕی

و تەکنەلۆژیا›› بوو، بەڵام لە عێراق مەترسییەکە بریتییە لە «کەڵەکەبوونی قەرز›› و وابەستەیی دارایی. توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن پڕۆژەکانی چین لە عێراق (وەک قوتابخانە و وێستگەی وزە) ڕەنگە عێراق بخەنە ژێر بارێکی قورسی دارایی ئەگەر نرخی نەوت دابەزێت، چونکە چین هەموو پڕۆژەکانی بە «دڵنیایی دەوڵەتی›› (Sovereign Guarantee) ئەنجام دەدات.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، مەترسییەکە لەوەدایە پڕۆژەکانی ژێرخان تەنها لە لایەن یەک وڵاتەوە کۆنترۆڵ بکرێن. وەک لە ڕاگەیەنراوە فەرمییەکاندا هاتووە، کۆمپانیا چینییەکان وەک «PowerChina››، بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆییەکان (Dabin Group) دەستیان بەسەر جومگە سەرەکییەکانی بیناسازی و پیشەسازیی چیمەنتۆدا گرتووە[٣٦].

کەواتە عێراق و هەرێم دەبێت خۆیان لە پشتبەستنی تەواوەتی بە کۆمپانیا چینییەکان بۆ ژێرخان بەدوور بگرن، وەک چۆن ئوسترالیا بازاڕەکانی هەمەچەشن کرد، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی نەکەوێتە ژێر هەیمەنەی چینەوە، دەبێت عێراقیش پڕۆژەکانی ژێرخان دابەش بکات بەسەر کۆمپانیا ئەورووپی، ئەمەریکی و چینییەکاندا، ئەم فرەچەشنکردنە ڕێگری دەکات لەوەی چین ژێرخانی وڵات وەک چەکی سیاسی دژی عێراق بەکار بهێنێت.

### ٥.٣. مامەڵەکردن لەگەڵ «هێڵی سوور»ی ئەمەریکا: پاراستنی هاوسەنگی

هەروەک چۆن پەیماننامەی ئۆکۆس (AUKUS) کۆتایی بە سیاسەتی بێلایەنیی ئوسترالیا هێنا و کردی بە بەشێک لە بەرەی ئەمەریکا، عێراقیش لە دۆخێکی هەستیاری هاوشێوەدایە و دەبێت بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هێڵە سوورەکانی واشنتن بکات.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەک دابینکەری سەرەکیی ئاسایش لە عێراق دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا چین ڕۆڵی هاوبەشی ئابووری دەبینێت بە بێ ئەوەی ئەرکی ئەمنی لەئەستۆ بگرێت. لەم کاتەدا مامەڵەی بازرگانیی عێراق لەگەڵ چین مامەڵەیەکی مەرجدارە و لە لایەن ئەمەریکاوە دانراوە[٣٧]، بۆ ئەوەی پەیوەندیی

چین-عێراق/کوردستان نەچێتە بواری «هەماهەنگیی سەربازی» یان «تەکنۆلۆژیای هەستیار»ەوە. هەر نزیکبوونەوەیەکی عێراق لە چین هەڕەشە بێت بۆ سەر بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەمەریکا، ڕەنگە عێراق ڕووبەڕووی سزای دارایی یان بڕینی پاراستنی ئەمنی بکاتەوە. هەروەک چۆن لە ئوسترالیا تێکەڵکردنی بواری ئابووری و ئاسایش تێچووی زۆر بوو. عێراق دەبێت پەیوەندییەکان لەگەڵ چین تەنها لە چوارچێوەی بازرگانیی پەتی و وزەدا بهێڵێتەوە. کڕینی چەکی ستراتیژی یان ڕێگەدان بە چین بۆ کۆنترۆڵکردنی دەیتای ئەمنی، عێراق دەخاتە ناو چەقی ململانێی زلهێزەکان و هاوشێوەی ئوسترالیا تووشی گوشاری توندی ئەمەریکا دەبێتەوە.

### ٥.٤. بەهێزکردنی دامەزراوە ناوخۆییەکان و کەرتی تایبەت

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کە وای کرد ئوسترالیا بتوانێت بەرگەی سزاکانی چین بگرێت، بوونی «بازاڕ» و «کەرتی تایبەت»ی بەهێز و سەربەخۆ بوو، کە توانای دۆزینەوەی بازاڕی جێگرەوەیان هەبوو. بەڵام دۆخی عێراق زۆر جیاوازە.

ئابووریی عێراق لەو جۆرەیە تەنها پشت بە یەک سەرچاوە دەبەستێت بۆ دەستخستنی داهات. لە عێراق جگە لەوەی حکومەت خۆی بازرگان و دابینکەری مووچەیە، لە هەمان کاتدا ٩٠٪ی داهات پشت بە نەوت دەبەستێت. ئەمەش خاڵی لاوازی عێراقە، چونکە ئەگەر چین بایکۆتی کڕینی نەوت بکات، حکومەت ڕاستەوخۆ تووشی مایەپووچی دەبێت و توانای دانی مووچەی نامێنێت، بە پێچەوانەی ئوسترالیا زیانەکە تەنها بەر چەند کەرتێکی تایبەت دەکەوت. هەروەها هەرێمی کوردستان دەبێت کار لە سەر بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و فرەچەشنکردنی ئابووری بکات. پێویستە هەرێم وەک دەروازەیەکی بازرگانی (Gateway) کار بکات بۆ بەستنەوەی چین بە بازاڕەکانی دیکەی عێراقەوە، نەک تەنها فرۆشتنی نەوت. هەروەها دۆزینەوەی کڕیاری جێگرەوە بۆ وزە (وەک هەناردەکردنی گاز بۆ ئەورووپا یان تورکیا) گرەنتییەکە بۆ ئەوەی ئابووریی وڵات لە ئەگەری هەر فشارێکی چین یان دابەزینی داواکاریی ئەو وڵاتە، تووشی داڕمان نەبێت.

## ئەنجامگیری

لە کۆتاییدا ئەم توێژینەوەیە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە هاوکێشەی پەیوەندی لەگەڵ چین لە سەر بنەمای دوو لایەنە؛ «پێویستیی ئابووری» و «مەترسیی ستراتیژی» وەستاوە، ئەزموونی ئوسترالیا سەلماندی هەر چەندە هێزی بازاڕ و کاڵا ستراتیژییەکان (وەک کانزای ئاسن) دەتوانن وەک قەڵغانێک بەرامبەر سزاکانی پەکین کار بکەن، بەڵام پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان هاوپەیمانیی ئەمنی لەگەڵ ڕۆژئاوا و هاوبەشیی بازرگانی لەگەڵ چین ئەستەمە و تێچووی سیاسیی هەیە. بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، کە خاوەنی هەمان کارتی فشارن (نەوت)، بەڵام لە ژینگەیەکی دامەزراوەیی لاوازتردان. کەواتە دەبێت پەیوەندییەکان لەگەڵ چین لە چوارچێوەی «بازرگانی و وەبەرهێنان»دا قەتیس بکرێن و ڕێگە نەدرێت مۆدێلی «نەوت بەرامبەر ژێرخان» ببێتە هۆی کەڵەکەبوونی قەرز یان تێپەڕاندنی هێڵە سوورەکانی ئەمەریکا، چونکە باشترین گرەنتی بۆ مانەوە بریتییە لە فرەچەشنکردنی هاوبەشەکان و بەکارهێنانی وزە وەک ئامرازێک بۆ گەشەپێدان، نەک وەک هۆکارێک بۆ وابەستەیی سیاسی.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

* «دەستپێشخەریی ‹کەمەرێن و ڕێگا›ی چینی (- Belt And Road Initiative (BRI)): بریتییە لە زیندووکردنەوەی بیرۆکەی ڕێگای ئاوریشمی دێرین، کە مێژووەکەی بۆ سەدەی دووەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. ئەم ڕێگایە بریتی بوو لە تۆڕێکی ڕێگاوبان کە کاروانەکان بۆ گواستنەوەی کاڵای بازرگانی لە نێوان چین، ئاسیای ناوەڕاست، فارس، وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپا بەکاریان دەهێنا و ئاوریشم یەکێک بوو لە گرنگترین ئەو کاڵایانەی کە چین هەناردەی دەکرد. چین بڕوای وایە کە ئەم ڕێگایە خزمەت بە زۆربەی مرۆڤایەتی دەکات و لە سەر بنەمای گەشەپێدانی ژمارەیەکی زۆر لە ناوچەکان دامەزراوە. پرۆژەکە تەنها لەو ٦٨ وڵاتەدا سنووردار نابێت کە ڕێگا وشکانی و هێڵە دەریاییەکان پیایاندا تێدەپەڕن، بەڵکوو دەبێتە هۆی بووژانەوەی بازرگانیی جیهانی و بەرزکردنەوەی ڕێژەی گەشەسەندن.»

Mukhlif, M. K., & Dawood, I. M. R. (2023). The Belt-Road Initiative and prospects: Iraq as a model. (74), 399–420.

1 DFAT. (2023). Trade and Investment at a Glance. Australian Department of Foreign Affairs and Trade. Retrieved from [DFAT Website].

2 Australia. Department of Foreign Affairs and Trade. (n.d.). Background Paper: The Australia–China Trade and Investment Relationship. https://www.dfat.gov.au/trade/agreements/in-force/chafta/negotiations/background-paper-the-australia-china-trade-and-investment-relationship

3 Laurenceson, J., & Pantle, M. (2020). Australia's export exposure to China: Assessing the risks. Australia-China Relations Institute. https://www.australiachinarelations.org/content/australias-export-exposure-china-assessing-risks

4 Farrell, H., & Newman, A. L. (2019). Weaponized Interdependence: How Global Economic Networks Shape State Coercion. International Security, 44(1), 42–79.

Global Cement. (2023, November 8). Update on Iraq. Global Cement.

5 APH. (2005). Chapter 3: Trading links between Australia and China. In Opportunities and challenges: Australia's relationship with China (Report 01). https://www.aph.gov.au/Parliamentary_Business/Committees/Senate/Foreign_Affairs_Defence_and_Trade/Completed_inquiries/2004-07/china/report01/c03

6 Zhou, W. (2017). China-Australia Free Trade Agreement: Implications for Australia's agricultural exports. University of New South Wales Law Journal.

7 Drysdale, P. (2020). The Economic Impact of the Australia-China Relationship. East Asia Forum. Australian National University.

8 Parliamentary Library. (2020). Trade and investment with China. Parliament of Australia. https://www.aph.gov.au/About_Parliament/Parliamentary_Departments/Parliamentary_Library/pubs/rp/rp1920/TradeInvestChina

9 APH. (2005). Chapter 3: Trading links between Australia and China. In Opportunities and challenges: Australia's relationship with China (Report 01).

10 Zhou, W. (2017). China-Australia Free Trade Agreement: Implications for Australia's agricultural exports. University of New South Wales Law Journal.

11 Department of Foreign Affairs and Trade. (n.d.). ChAFTA news. DFAT. https://www.dfat.gov.au/trade/agreements/in-force/chafta/chafta-news

12 Laurenceson, J., & Chen, X. (2025). The China-Australia Free Trade Agreement (ChAFTA): Assessing outcomes a decade on. Asia & the Pacific Policy Studies, Advance online publication. https://doi.org/10.1002/app5.70047

13 Department of Foreign Affairs and Trade. (n.d.). China country brief: Bilateral relations. Australian Government. https://www.dfat.gov.au/geo/china/china-country-brief

14 Gyngell, A. (2021, September 17). The AUKUS deal is a massive bet on the US. Australian Financial Review. https://www.afr.com/policy/foreign-affairs/the-aukus-deal-is-a-massive-bet-on-the-us-20210916-p58s4h

15 Keating, P. (2021, September 16). Statement by the Hon Paul Keating PJ on the AUKUS decision. Pearl and Irritations. https://johnmenadue.com/statement-by-the-hon-paul-keating-pj-on-the-aukus-decision/

16 Keating, P. (2025, July 15). America saves us from ourselves. Pearls and Irritations. https://johnmenadue.com/america-saves-us-from-ourselves

17 Panchamukhi, D. V. R. (2004). Complementarity and Economic Cooperation: A Methodological Discussion: A Methodological Discussion. Foreign Trade Review, 39(1), 5-18. https://doi.org/10.1177/0015732515040101 (Original work published 2004)

18 Aydınta[illegible]ba[illegible], A., Barnes-Dacey, J., Dennison, S., Dumoulin, M., Grare, F., Leonard, M., Murphy, T., & Torreblanca, J. I. (2023, October). Strategic interdependence: Europe's new approach in a world of middle powers (Policy Brief No. 513). European Council on Foreign Relations. https://ecfr.eu/publication/strategic-interdependence-europes-new-approach-in-a-world-of-middle-powers/

19 Department of Foreign Affairs and Trade. (2020). Composition of trade

Australia 2019–20 [Data report]. Australian Government. https://www.dfat.gov.au/sites/default/files/composition-of-trade-australia-2019-20.pdf

20 Parliamentary Library. (2020). Trade and investment with China. Parliament of Australia. https://www.aph.gov.au/About_Parliament/Parliamentary_Departments/Parliamentary_Library/pubs/rp/rp1920/TradeInvestChina

21 Laurenceson, J., & Chen, X. (2025). The China-Australia Free Trade Agreement (ChAFTA): Assessing outcomes a decade on. Asia & the Pacific Policy Studies, Advance online publication. https://doi.org/10.1002/app5.70047

22 Laurenceson, J., & Chen, X. (2025). The China-Australia Free Trade Agreement (ChAFTA): Assessing outcomes a decade on. Asia & the Pacific Policy Studies, Advance online publication. https://doi.org/10.1002/app5.70047

23 Laurenceson, J., & Chen, X. (2025). The China-Australia Free Trade Agreement (ChAFTA): Assessing outcomes a decade on. Asia & the Pacific Policy Studies, Advance online publication. https://doi.org/10.1002/app5.70047

24 Laurenceson, J. (2021). Risk Assessment of Australian Economic Exposure to China. Australia-China Relations Institute (ACRI), University of Technology Sydney.P.4.

25 Laurenceson, J. (2021). Risk Assessment of Australian Economic Exposure to China. Australia-China Relations Institute (ACRI), University of Technology Sydney.P.5.

26 Laurenceson, J. (2021). Risk Assessment of Australian Economic Exposure to China. Australia-China Relations Institute (ACRI), University of Technology Sydney.

27 Kondkova, B.S. (2021). Australia faces geoeconomics. Periscope: Conrad Adenauer Foundation (KAS) Australia.

28 Korolev, A., & Wu, F. (2024, April 22). Australia's Critical Minerals Strategy amid US–China Geopolitical Rivalry. RUSI Commentary. https://www.rusi.org/explore-our-research/publications/commentary/australias-critical-minerals-strat-

egy-amid-us-china-geopolitical-rivalry.

29 Laurenceson, J. (2021). Risk Assessment of Australian Economic Exposure to China. Australia-China Relations Institute (ACRI), University of Technology Sydney.

30 Wilson, J. D. (2021, November). Australia's response to Chinese coercion: A model for other countries? [Policy Brief]. Perth USAsia Centre.

31 Laurenceson, J. (2021). Risk Assessment of Australian Economic Exposure to China. Australia-China Relations Institute (ACRI), University of Technology Sydney. P.4.

32 Kearsley, J., Bagshaw, E., & Galloway, A. (2020, November 18). 'If you make China the enemy, China will be the enemy': Beijing's fresh threat to Australia. The Sydney Morning Herald. https://www.smh.com.au/world/asia/if-you-make-china-the-enemy-china-will-be-the-enemy-beijing-s-fresh-threat-to-australia-20201118-p56fqs.html

33 Saeed, Y., & Aziz, S. (2022). China's rise in Iraq's energy sector: From newcomer to dominant player. Middle East Research Institute.

34 PowerChina. (2023, June 27). New project breaks ground in Iraq. PowerChina Official Website. https://en.powerchina.cn

35 Saeed, Y., & Aziz, S. (2022). China's rise in Iraq's energy sector: From newcomer to dominant player. Middle East Research Institute.

36 PowerChina. (2023, June 27). New project breaks ground in Iraq. PowerChina Official Website. https://en.powerchina.cn

37 Saeed, Y., & Aziz, S. (2022). China's rise in Iraq's energy sector: From newcomer to dominant player. Middle East Research Institute.


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# جێگرەوە ستراتیژییەکانی وڵاتانی کەنداو لە ئەگەری داخستنی گەرووی هورمزدا



توێژەر: بەختیار ئەحمەد ساڵح

## بەرایی

گەرووی هورمز بە یەکێک لە گرنگترین گەرووی وزەی دەریایی دادەنرێت لە جیهاندا. کەنداوی فارس (عەرەبی) بە کەنداوی عومان و دەریای عەرەبییەوە دەبەستێتەوە، هەروەها شارەگێکی گرنگە بۆ ڕۆیشتنی نەوتی خاو و گازی سروشتیی شل (GNL) لە وڵاتانی کەنداوەوە بۆ بازاڕە جیهانییەکان، بە تایبەتی ئاسیا. زانیارییەکانی ئیدارەی زانیاریی وزەی ئەمەریکا (AIE) ئاماژە بەوە دەکەن کە تێکڕای ڕۆیشتنی نەوت لە گەرووەکەدا لە ساڵی ٤٢٠٢دا گەیشتووەتە نزیکەی ٠٢ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، کە نزیکەی ٠٢٪ی بەکارهێنانی نەوتی جیهانییە(١). هەروەها نزیکەی یەک لە سەر پێنجی بازرگانیی جیهانیی گازی سروشتی (GNL) بەو شوێنەدا تێدەپەڕێت کە زۆرینەیان لە لایەن قەتەر و ئیماراتەوە دابین دەکرێن(٢). هەر داخستنی کاتیی گەرووەکە دەبێتە هۆی دروستکردنی شۆکێکی دەستبەجێ لە نرخی وزە و پچڕانی توند لە زنجیرەی دابینکردندا، لەگەڵ ئەگەری دروستبوونی کاریگەریی خێرا لە سەر هەڵئاوسان و گەشەی ئابووریی جیهانی. پێدەچێت ئابوورییەکانی ئاسیا (چین، هیندستان، ژاپۆن و کۆریای باشوور) زۆرترین زیانیان بەر بکەوێت بەو پێیەی کە نزیکەی ٠٨-٤٨٪ی ڕۆیشتنی نەوت لە گەرووی هورمزەوە بۆ وڵاتانی کیشوەری ئاسیایە.

## پاشخان

گەرووی هورمز هەر لە کۆنەوە ڕێڕەوێکی بەرتەسکی گرنگی دەریایی بووە بۆ بازرگانیکردن، زیاتر لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر شارستانیەتی میزۆپۆتامیای بە شارستانیەتی دۆڵی سندەوە بەستووەتەوە. لە ساڵی ٣٠٠٠ پێش زایین، بازرگانە سۆمەرییەکان پەیوەندیی دەریایی ڕاستەوخۆیان لە سەرانسەری کەنداوی فارس دامەزراندبوو کە مەوداکەی نزیکەی ١٨٥٠ کیلۆمەتر بوو. دۆزینەوە شوێنەوارناسییەکان بازرگانییەکی دەریایی بەهێز لە نێوان سۆمەر و بەندەرەکانی شارستانیەتی هاراپان لە کۆتایی هەزارەی سێیەم و سەرەتای دووەمی هەزارەی پێش زاییندا پشتڕاست دەکەنەوە. لە سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی هەخامەنشییەکان (٥٥٠-٣٣٠ پێش زایین) و ساسانییەکان (٢٢٤-٦٥١ز)، فەرمانڕەواکانی فارس کۆنترۆڵی گەرووی هورمز و بەندەرەکانی دەوروبەریان لە کەنداوی فارسدا کردبوو و کردبوویان بە بەشێک بە ستراتیژیەتی بازرگانیی ئیمپڕاتۆری و دەریایی خۆیان. ساسانییەکان فەرمانڕەوایی ئەو خاکانەیان دەکرد کە عومان-ی (ئەوکات بە مازون ناسرابوو) لەخۆ دەگرت، ئەمەش ئاسایشی دەریایی زیاتر کرد و ئاسانکاریی بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ئەفەریقا و نیمچەدوورگەی عەرەبیدا دەکرد. ئەم کۆنترۆڵکردنە بەردەوامیی ڕۆڵی ستراتژیی گەرووەکەی لە پاڵپشتیکردنی دەسەڵاتی ئابووری و سەربازیی فارس (ئێران) لە سەرانسەری زەریای هیندیدا مسۆگەر کرد(٣).

دوای فتوحاتی ئیسلامی لە ساڵانی (٦٥٠–٦٥١ز)، گەرووەکە بووە پایەیەکی سەرەکی لە فراوانکردنی تۆڕە بازرگانییەکانی خەلافەتدا، سەرەتا لە سەردەمی ئومەوییەکان و پاشان عەباسییەکان. لە سەدەی دەیەمدا، هورمز بوو بە بەندەری سەرەکی بۆ ناوچەی کرمان و سیستان، لەو بەندەرەدا کەلوپەل لە زەریای هیندییەوە بۆ بازاڕە ناوخۆییەکان دەگوازرایەوە. لەگەڵ داڕمانی خەلافەتی عەباسی لە هەمان سەدەدا، شانشینی سەربەخۆی هورمز سەری هەڵدا و لە سەدەی پازدەیەمدا وەک زلهێزێکی کەنداو گەیشتە لوتکە. بە دەستەبەرکردنی ڕێگاکان و قۆرخکردنی بەندەرەکان و وەرگرتنی باج لە سەر کاڵاکانی وەک بەهارات و ئاوریشم لە هیندستان و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەسپی عەرەبی و خورما و مرواری کە بۆ ئێران و عێراق و شوێنەکانی دیکە


hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

دەچوو، توانیی زاڵ بێت بەسەر بازرگانی دەریاییدا، بەمەش پێگەی وەک ناوەندێکی بازرگانیی جیهانی چەسپا و توانیی بازرگانە عەرەب، فارس، هیندی و ئەفەریقییەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت(٤).

گرنگیی ستراتیژی گەرووی هورمز بە دۆزینەوەی نەوت لە فارس لە ساڵی ٨٠٩١ لە کێڵگەی مەسجدی سولەیمان لە لایەن ویلیام نۆکس دارسی (mailliW ycrA‹D xonK)ەوە دەرکەوت. ئەم دۆزینەوەیە بووە هۆی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی پاڵاوگەی تازەدامەزراوی ئابادان لە سەر ڕێڕەوی ئاوی شەت ئەلعەرەب، لەوێشەوە کەشتییە نەوتهەڵگرەکان نەوتی خاویان بۆ بازاڕە جیهانییەکان دەگواستەوە. کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-پێرشییەن (ynapmoC liO naisreP-olgnA) ئیمتیازاتی تایبەتی بۆ بەرهەمهێنانی نەوت بەدەست هێنا و بە خێرایی بەرهەمهێنانی زیاد کرد بۆ سووتەمەنیی هێزی دەریایی بەریتانیا لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، بەم شێوەیە ڕۆڵی گەرووەکە لە سیستمی وزەی ئیمپڕاتۆریەتی بەریتانیادا چەسپاند(٥). لە ماوەی نێوان جەنگەکاندا، بەریتانیا لە ڕێگەی دەوریەی دەریایی و ڕێککەوتن لەگەڵ شێخنشینە ناوخۆییەکان، هەژموونی خۆی لە کەنداوی فارسدا چەسپاند و پاراستنی ڕێڕەوی نەوتهەڵگرەکان لە گەرووەکەوەی کردە کاری لەپێشترینەی خۆی و گەرووەکە لە ڕێڕەوێکی تەنها دەریاییەوە گۆڕا بۆ شاڕەگێکی وزەی ستراتیژی بۆ ئابووریی بەریتانیا.

لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمدا گرنگیی گەرووەکە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، چونکە هێزەکانی هاوپەیمانان پشتیان بە نەوتی ئێران دەبەست کە تا ساڵی ٤٤٩١ ساڵانە گەیشتبووە زیاتر لە دە ملیۆن تۆن و تەنیا لە ڕێگەی کەشتییە نەوتهەڵگرەکانەوە دەگوازرایەوە کە بە گەرووی هورمزدا تێدەپەڕین. زلهێزەکانی میحوەر هەوڵیان دا ئەم هێڵی کەشتیوانییە بە ژێردەریایی و هێرشی ئاسمانی تێک بدەن، بەڵام هەوڵەکان سنووردار بوون(٦).

دوای جەنگ، هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە و سەرهەڵدانی جەنگی کۆریا (٠٥٩١-٣٥٩١) بووە هۆی زیادبوونی خواست لە سەر نەوت. بەرهەمهێنان لە ناوچەی کەنداو لە نیوملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی ٥٤٩١ بۆ زیاتر لە دوو ملیۆن بەرمیل لە

ڕۆژێکدا لە ساڵی ٥٥٩١ بەرز بووەوە، زۆرینەی هەناردەکردنی نەوت بە گەرووەکەدا تێدەپەڕین، بەمەش وابەستەیی ڕۆژئاوا بە ڕۆیشتنی بەردەوام و بێ پچڕانی نەوت قووڵتر بووەوە(٧).

بەریتانیا لە ساڵی ١٧٩١دا لە ناوچە پارێزراوەکانی کەنداو کشایەوە و ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ بەحرەین و قەتەر و ئیمارات هەڵوەشاندەوە. ئەم بۆشاییە ستراتیژییە وای لە ئەمەریکا کرد کە دابینکردنی ئاسایشی گەرووی هورمز ببێت بە پێشینەی کارەکانی تا بەر لە ناسەقامگیریی ناوچەکە و پەرەسەندنی کاریگەرییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بگرێت(٨).

لە ساڵی ٣٧٩١دا وڵاتانی ئۆپێک لە نێویاندا عەرەبستان، هەناردەکردنی نەوتیان بۆ ڕۆژئاوا وەستاند لەبەر پشتیوانیکردنی لە ئیسرائیل لە شەڕی ئۆکتۆبەری ٣٧٩١دا، بەمەش گەرووەکە بووە ناوەندی قەیرانی وزەی جیهانی. وەستانی هەناردەکردن؛ نرخی نەوتی چوار هێندە زیاد کرد (لە ٣ دۆلارەوە بۆ ٢١ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک) و لاوازیی دابینکردنەکانی ئاشکرا کرد، چونکە لە سەددا ٥١ بۆ ٠٢ی بازرگانیی نەوتی جیهانی بە گەرووی هورمزدا تێدەپەڕی. قەیرانەکە کە هەناردەکردنی نزیکەی حەوت ملیۆن بەرمیلی لە ڕۆژێکدا ڕاگرت، پێداچوونەوەی ستراتیژی گشتگیری ڕۆژئاوای لێ کەوتەوە، لەوانە پلانەکانی ئەمەریکا بۆ بەرگریکردن لە گەرووەکە و پرۆژەکانی هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی دابینکردن، وەک بۆریی ئەلاسکا. دوابەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ٩٧٩١، گەرووی هورمز بوو بە کارتێکی فشار لە ململانێکانی ناوچەکەدا(٩).

لە کۆتاییەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، هەناردەکردنی کەنداو زیاتر لە ٠٣٪ی بازرگانیی نەوتی دەریایی جیهانی پێک هێنا، ئەمەش گەرووی هورمزی کردە ناوەندێکی گرنگ لە دابینکردنی ئاسایشی وزەی جیهانی و دیاریکەرێکی سەرەکیی سیاسەتە جیۆپۆلیتیکییەکان و پێگە سەربازییەکان لە ناوچەکەدا.


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## گرنگیی جیۆپۆلەتیکی و ئابووریی گەرووی هورمز

### ١. شوێنی جوگرافی و تایبەتمەندییەکانی کەشتیوانی

گەرووەکە دەکەوێتە نێوان کەناراوەکانی ئێران لە باکوور و نیمچەدوورگەی عەرەبی لە باشوور (عومان و ئیمارات). لە تەسکترین خاڵیدا، پانییەکەی نزیکەی ٣٣ کم دەبێت، لە کاتێکدا ڕێڕەوی ڕاستەقینەی کەشتیوانی (هاتنەژوورەوە/چوونەدەرەوە) بە نزیکەی دوو میلی دەریایی بە هەر ئاڕاستەیەکدا درێژ دەبێتەوە، لەگەڵ بوونی ناوچەیەکی جیاکەرەوە، ئەمەش وای کردووە کە زۆر هەستیار بێت بۆ هەر هەڕەشەیەکی سەربازی یان ئەمنی(٠١). ئەم بەر تەسکییە جوگرافییە لەگەڵ قەبارەی زۆری هاتوچۆ (گوازەرەوەی نەوتی زەبەلاخ (CCLV)، تانکەری «GNL»، کەشتیی بارهەڵگر)، گەرووەکەی گۆڕیوە بۆ کارتێکەرێکی جیۆپۆلەتیکی لە دڵی بازرگانیی وزەی جیهانیدا، لە هەمان کاتدا گەرووەکەی کردووە بە کارتێکی فشاری سەرەکی لە ستراتیژی ئێران و لە لێکدانەوەکانی هەریەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی کەنداودا

### ٢. قەبارەی ڕۆیشتنی نەوت و گاز بە ناو گەرووەکەدا

أ. بە پێی مەزەندەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، تێکڕای هەناردەکردنی نەوتی خاو لە ڕێگەی گەرووەکەوە تەنها لە ماوەی دە مانگی یەکەمی ساڵی ٣٢٠٢دا گەیشتووەتە نزیکەی ٦١ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، کە نزیکەی ٠٤٪ی بازرگانیی جیهانیی نەوتی خاو لە دەریاوە پێک دەهێنێت(١١). بە زیادکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی دیکە، کۆی گشتی گەیشتە نزیکەی (٠٢-٣,٠٢ ملیۆن) بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە نێوان ساڵانی (٤٢٠٢-٥٢٠٢)(٢١).

ب. هەروەها لە گەرووەکەوە بڕێکی بەرچاوی گازی سروشتیی شل (GNL) تێدەپەڕێت، بە شێوەیەک کە قەتەر لە ساڵی ٤٢٠٢دا نزیکەی ٣.٩ ملیار پێ سێجای «GNL»ی لە ڕۆژێکدا هەناردە کردووە، هەروەها ئیمارات نزیکەی ٧.٠ ملیار پێ سێجای لە ڕۆژێکدا هەناردە کردووە، کە تێکڕا یەکسانە بە کۆی هەناردەکردنی «GNL»ی کەنداو لە ڕێگەی گەرووەکەوە(٣١)، ئەمەش بەو مانایەیە کە هەر داخستنێکی درێژخایەنی گەرووەکە دەبێتە هۆی ئەوەی:

یەکەم. بازاڕەکانی نەوت دووچار بە شۆکی کەمی دابینکردنی وزە بکات کە دەگاتە ٠٢٪ی بەکارهێنان لە ئەگەری پەکخستنی تەواوی ڕۆیشتنی نەوت(٤١).

دووەم. بازاڕەکانی گازی شل (GNL) دووچار بە کەلێنێکی بەرچاو دەبێتەوە، بە تایبەتی لە ئەورووپا کە نزیکەی ٠١٪ی هاوردەکردنی «GNL» پشت بە هورمز دەبەستێت، بەشێکی زۆری گازی ئاسیاش لە ڕێگەی قەتەرەوە دابین دەکرێت(٥١).

## هەڕەشە جیۆپۆلەتیکییەکان و سیناریۆکانی داخستنی گەرووی هورمز

### ١. هەڕەشە جیۆپۆلەتیکییەکان

### أ. هەڕەشەکانی ئێران

ب. ئێران گەمەکارێکی سەرەکییە لە گەرووەکەدا، خاوەنی دەستڕاگەیشتنێکی بەرچاوە بەو گەرووە و بە هاوبەشیی کەشتیوانی دەریایی لەگەڵ عومان بەڕێوەی دەبەن. ئێران هەوڵ دەدات گەرووەکە وەکوو ئامرازێک لە دژی زلهێزەکان بەکار بهێنێت، بە تایبەتی لە ئەگەری سزای ئابووری یان شەڕدا. ئێران چەندین جار هەڕەشەی داخستنی گەرووەکەی کردووە وەک ئامرازێک بۆ فشارخستنە سەر زلهێزەکان بۆ هەڵگرتنی سزاکان یان کڕینی کاتێکی زیاتر بۆ پەرەپێدانی چەکە ئەتۆمییەکەی. ئەم هەڕەشانە بەشێکن لە ستراتیژی جیۆپۆلەتیکی ئێران، چونکە هەوڵ دەدات هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت و کاروبارەکانی بە پێی بەرژەوەندییەکانی کۆنترۆڵ بکات.

### ج. لێکەوتەی ئابووریی داخستنی گەرووکە

یەکەم. داخستنی تەواوەتیی گەرووی هورمز دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی دەستبەجێ نرخی نەوت لە جیهاندا. شرۆڤەکاران پێشبینیی بەرزبوونەوەی نرخیان کردووە بە چەند شێوەیەک: ڕەنگە نرخی نەوتی خاوی برێنت لە نێوان ٥٨ بۆ ٠٢١ دۆلاردا بەرز بێتەوە بۆ هەر بەرمیلێک، یان ئەگەر هەیە ٠٠١ دۆلار تێبپەڕێنێت و بگاتە ٠٥١ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. بەشێک لە میدیاکانی دەوڵەتی ئێران هۆشدارییان داوە کە نرخی بەرمیلێک دەگاتە ٠٠٤ دۆلار. ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (AEI) بەردەوام ڕایگەیاندووە کە هەر دابڕانێک لە ڕۆیشتنی کەشتییەکان لە گەرووەکەدا، لێکەوتەی توندی لە سەر

بازاڕەکانی نەوتی جیهانی دەبێت. تەنانەت تەنیا هەڕەشەی داخستنیش، وەک ئەوەی لەم دواییانەدا لە شەڕی ٢١ ڕۆژەی ئیسڕائیل لەگەڵ ئێران ڕووی دا، دەبێتە هۆی ناجێگیرییەکی بەرچاوی نرخەکان(٦١).

دووەم. بەرزبوونەوەی نرخ لە بازاڕەکانی گازی سروشتیی شل (GNL): هەروەها داخستنی گەرووەکە کاریگەریی زۆری دەبێت لە سەر دابینکردنی «GNL». قەتەر کە یەکێکە لە گەورەترین هەناردەکارانی گازی سروشتیی شل لە جیهاندا، نزیکەی هەموو هەناردەکردنی لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە ئەنجام دەدات. ئەم داخستنە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی «GNL»، بە تایبەتی لە بازاڕەکانی ئاسیا و ئەورووپا کە برسیی وزەن، ئەمەش ئەگەری هەیە نرخەکان بەرز بکاتەوە بۆ ئاستێک کە لە ساڵی (٢٢٠٢)ەوە گازی سروشتیی شل بەخۆیەوە نەیبینیوە(٧١).

د. کاریگەرییە ئابوورییە گەورەکانی بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی نەوت و گاز لە جیهاندا، ڕاستەوخۆ دەگۆڕێت بۆ تێچووی زیاتری شتومەک لە زۆرێک لە کەرتە ئابوورییەکان، دیارترینیان گواستنەوە، مادده کیمیاییەکان و پیشەسازیی قورس، ئەمەش بە ناچاری هەڵئاوسانی جیهانی خێراتر دەکات و فشارێکی نوێ دەخاتە سەر بانکە ناوەندییەکانی جیهان و پێشکەوتنەکانی ئەم دواییە سەقامگیریی لە نرخەکاندا تێک دەدات. شیکارییەکانی بانکی نێودەوڵەتی ئاماژە بەوە دەکات کە شۆکەکانی نرخی نەوت؛ بزوێنەری سەرەکیی گۆڕانکاری لە هەڵئاوسانی جیهانیدا بووە لە ماوەی پێنج دەیەی ڕابردوودا و بە ڕێژەی زیاتر لە ٨٣٪ ڕۆڵی هەبووە. کاریگەریی بەرزبوونەوەی تێچووی وزە و هەڵاوسانی بەربڵاو دەتوانێت ببێتە هۆی خاوبوونەوەی بەرچاو لە چالاکییە ئابوورییە جیهانییەکاندا. شرۆڤەکاران پێشبینیی دابەزینی بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی بە ڕێژەی ١٪ بۆ ٢٪ دەکەن ئەگەر گەرووی هورمز بۆ ماوەیەکی درێژ دابخرێت(٨١).

ه. بانکە ناوەندییەکان لە نێوان دوو بژاردەدا دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرن: ئایا بەرەنگاربوونەوەی هەڵئاوسان ببنەوە بە بەرزکردنەوەی ڕێژەی سوود، کە دەتوانێت گەشەی ئابووری بخاتە مەترسییەوە، یان هانی گەشەکردن بدەن کە دەتوانێت فشارەکانی هەڵئاوسان زیاتر بکات. هەروەها زیادبوونی تێچووی گواستنەوە و

زیادبوونی پارەی بیمە، دەبێتە هۆی تێکدانی بازاڕەکانی گواستنەوە و بیمەی جیهانی.

**و. داخستنی گەرووەکە پێویستی بە گۆڕینی ڕێڕەوی بەرفراوان دەبێت:** داخستنی گەرووەکە دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچووی بەرچاو و دواکەوتنی گەیشتنی بار بۆ گواستنەوەی کەشتیوانی لە سەرانسەری جیهاندا. زیادبوونی تێچووی گواستنەوە و دواکەوتنەکان لە ئاستی جیهانیدا دەگوازرێتەوە بۆ بەکارهێنەران، ئەمەش زنجیرەکانی دابینکردن کە لە ئێستاوە ناجێگیرە لە دوای پەتای کۆڤید زیاتر ناجێگیر دەکات. ئەو پیشەسازییانەی کە پشت بە مۆدێلی بەرهەمهێنانی تەنها لە کاتی خۆیدا (TIJ) دەبەستن، وەکوو ئەلکترۆنیات و ئۆتۆمبێل، بە تایبەتی تووشی کەمیی کۆگا و داخستنی بەرهەمهێنان دەبن. کەنداوی عەرەبی سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ شلەکانی گازی سروشتی (sLGN)، بەرهەمە نەوتییە پاڵاوتەکان (وەک «PPC» و «PPD») و مێتانۆل -کە سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ پیشەسازیی پترۆکیمیایی جیهانی و پێویستە بۆ ڕۆیشتنی گازۆیل بۆ ئاسیا و ئەورووپا. هەر جۆرە پچڕانێک لەم دابینکردنانەدا کاریگەرییەکی زۆری لە سەر بەرهەمهێنانی پیشەسازی دەبێت لە سەر ئاستی جیهانی. پشتبەستنی زۆری ناوچەکەش بە هاوردەکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە، وا دەکات ئاسایشی خۆراکی ناوچەکە بکەوێتە مەترسییەوە(٩١).

## ئێران و وەبەکارهێنانی گەرووی هورمز وەک کارتی فشار

ئێران کاریگەرترین کارەکتەرە لە ئاسایشی گەرووەکەدا، بە لەبەرچاوگرتنی کۆنترۆڵکردنی کەناری باکوور و خاوەنداریەتیی توانا سەربازییەکان (مووشەکی کەنار دەریاکان، کەشتییە هێرشبەرە خێراکان، مینە دەریاییەکان) کە توانای دروستکردنی هەڕەشەی بۆ سەر کەشتیوانی پێ بەخشیوە. پێشتر تاران چەندین جار هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمزی وەک ڕێگرییەک لە بەرامبەر گەمارۆکانی ئەمەریکا یان هەڕەشەکانی ئیسرائیل بەکار هێناوە(٠٢)، بەڵام ئەگەری داخستنی تەواوەتی و درێژخایەنی گەرووەکە بەدوور دەزانرێت لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

أ. ئێران بۆخۆی پشت بە گەرووی هورمز دەبەستێت بۆ هەناردەکردنی زۆرینەی نەوتەکەی. هەناردەکردنی لە نێوان ساڵەکانی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) گەیشتە نزیکەی ٤,١-٥,١

ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، کە داهاتی ساڵانەی دەگاتە نزیکەی ٣٥-٧٦ ملیار دۆلار سەرەڕای بوونی سزاکان(١٢).

ب. هەر داخستنێکی تەواوەتیی گەرووەکە نەوەک تەنها لەگەڵ ڕۆژئاوا، بەڵکوو ڕاستەوخۆ تاران ڕووبەڕووی چین و هیندستان دەکاتەوە کە دوو لە گەورەترین کڕیارەکانی نەوتن(٢٢).

ج. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کاتێک کە جەنگی کەشتییە نەوتهەڵگرەکان سەری هەڵدا، دەرکەوت کە هێزە دەریاییە نێودەوڵەتییەکان توانییان -هەر چەندە بە تێچوویەکی زۆر- کەمترین ئاستی ئاسایشی کەشتیوانی دەستەبەر بکەن و ڕێگری لە داخستنی تەواوەتیی گەرووەکە بکەن، هەر بۆیە زۆربەی خەمڵاندنەکان باس لە سیناریۆی داخستنێکی ڕێژەیی یان کاتی دەکەن (هێرشی ئامانجدار، مین، دەستبەسەرداگرتنی کەشتیی نەوتهەڵگر، شەڕی ئەلکترۆنی دژی سیستمی کەشتیوانی) نەک داخستنی یەکجارەکی و درێژخایەن(٣٢).

## کاریگەری لە سەر نرخ و بازاڕە جیهانییەکان

چەندین لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنها هەڕەشەی داخستنی گەرووەکە نرخی نەوتی خاوی برێنت بەرز دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر هەناردەکردنی نەوتیش کەم نەکات(٤٢).

أ. خەمڵاندنە ڕۆژنامەوانییەکانی ئەم دواییە و شیکارییە ئابوورییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە داخستنی ڕێژەیی گەرووەکە دەتوانێت نرخی نەوتی برێنت بەرز بکاتەوە بۆ ١١٠-١٣٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، لە کاتێکدا داخستنی تەواوەتیی گەرووکە دەتوانێت نرخەکان بەرز بکاتەوە بۆ ئاستێکی زۆر بەرزتر. هەندێک لە خەمڵاندنەکان پێشبینیی ئەوە دەکەن کە نرخی هەر بەرمیلێک ١٥٠ دۆلار تێبپەڕێنێت(٥٢).

ب. بەرزبوونەوەی نرخەکان تەنها پەیوەندیی بە کەمبوونەوەی نەوتەوە نییە، بەڵکوو هەندێک جار دەگەڕێتەوە بۆ ڕەفتاری هەندێک لە بازاڕەکانی نەوت (ئەمبارکردن لە ترسی نەمان، زیادبوونی تێچووی بیمە و گواستنەوە).

ج. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بەرزبوونەوەی بەرچاوی بەهای نەوت و گاز لەم

ڕووەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر:

یەکەم. هەڵئاوسانی جیهانی (بە تایبەت لە پیشەسازییەکانی خۆراک و گواستنەوە و وزەدا). دووەم. تێچووەکانی خزمەتگوزاریی قەرز لە ئابووریی ئەو وڵاتانەی کە هاوردەی وزە دەکەن، ئەمەش مەترسیی پاشەکشە یان وەستان یان سستبوونی گەشەی ئابووریی لێ دەکەوێتەوە.

## جێگرەوەکانی گەرووی هورمز

١. عەرەبستان: هێڵی بۆریی ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا (پترۆلین)

أ. ئارامکۆ هێڵی بۆریی ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا بەڕێوە دەبات، کە نەوت لە دامەزراوەی بەقیق لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتەوە دەگوازێتەوە بۆ بەندەری یەنبوع لە سەر دەریای سوور.

ب. توانای هەناردەکردنی نزیکەی ٥ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا و بە شێوەیەکی کاتی زیاد کراوە بۆ نزیکەی ٧ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بە بەکارهێنانی بەشێک لە بۆرییەکانی گواستنەوەی گازی شلی سروشتی (LGN) بۆ گواستنەوەی نەوتی خاو(٦٢). ئەم بۆرییە ڕێگە بە عەرەبستان دەدات بەشێکی بەرچاو لە هەناردەکردنی نەوتی بە دوور لە کاریگەرییەکانی هورمز بگوازێتەوە، بەڵام:

یەکەم. هەموو بەرهەمی نەوتی عەرەبستان پەیوەست نەکراوە بەم بۆرییەوە.

دووەم: بەکارهێنانی ئەوپەڕی توانای بۆرییەکان بۆ ئەوەی بە توانای تەواوەوە کار بکەن، پێویستی بە وەبەرهێنانی زیاترە بە تایبەت لە بەشی ڕۆژئاوای عەرەبستان.

٢. ئیمارات: هێڵی بۆریی حەبشان-فوجەیرە

أ. ئیمارات خاوەنی هێڵی بۆریی حەبشان-فوجەیرە (POCDA)یە، درێژییەکەی نزیکەی (٠٦٣-٠٨٣کم) دەبێت، کە کێڵگە وشکانییەکانی ئەبوزەبی بە بەندەری فوجەیرە لە سەر کەنداوی عومان دەبەستێتەوە.

ب. هێڵی بۆرییەکە توانای گواستنەوەی نزیکەی یەک ملیۆن و نیو بەرمیلی هەیە لە ڕۆژێکدا و زیاتر لە نیوەی هەناردەکردنی نەوتی خاوی ئیمارات لەخۆ دەگرێت. لە ڕێگەی فراوانکردن و نوێکردنەوەکانەوە توانای ڕاستەقینەی زیادی کردووە بۆ


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نزیکەی ٨,١-٥,١ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا(٧٢). ئەم بۆرییە توانایەکی بەرچاو بە ئیمارات دەبەخشێت بۆ تێپەڕاندنی گەرووی هورمز و بەندەری فوجەیرە، دەکاتە یەکێک لە گەورەترین ناوەندەکانی عەمبارکردن و هەناردەکردنی نەوتی جیهان لە دەرەوەی کەنداو.

## ئێران: هێڵی بۆریی گورە-جاسک

ئێران هەوڵی داوە پشتبەستنی خۆی بە گەرووی هورمز کەم بکاتەوە بە دروستکردنی هێڵی بۆریی گورە-جاسک، کە لە کەنارەکانی کەنداوەوە تا دەریای عومان درێژ دەبێتەوە(٨٢). ئەم بۆرییانە توانای گواستنەوەی نزیکەی ١ ملیۆن بەرمیلی هەیە لە ڕۆژێکدا. بەڵام هەڵسەنگاندنەکانی ئەم دواییەی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی وزەی ئەمەریکا (AIE) ئاماژەی بەوە داوە کە توانای ڕاستەقینەی بۆرییەکان گواستنەوەی ٠٠٠,٠٠٣ بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، هەروەها هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی بەندەرەکانی جاسک و کوە موبارەکەوە لە هاوینی ٤٢٠٢ بۆ کەمتر لە ٠٧ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزی و دواتر لە دوای ئەیلوولی (٤٢٠٢)ەوە بە هۆکاری کارکردن تیایدا هەناردەکردنی ڕاگیرا(٩٢). کەواتە ئەو بۆرییە لە ڕووی تیۆرییەوە وەک جێگرەوەیەکی ڕێژەییە، بەڵام هێشتا نەبووەتە ڕێڕەوێکی سەرەتایی بۆ هەناردەکردنی نەوتی ئێران بە هۆی سزاکان و نەبوونی پشتیوانیی دارایی و سنووردارکردنی بازاڕەوە.

بە پێی خەمڵاندنەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی و سەرچاوە تایبەتمەندەکان لە ڕێڕەوی وزە (AIE)، بۆرییەکانی گوازەرەوەی نەوت بەدەر لە گەرووی هورمز (عەرەبستان، ئیمارات، بەشێک لە توانای ئێران) دەتوانن نزیکەی ٥.٣ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابین بکەن، بە بەراورد بە نزیکەی ٠٢ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ڕێگەی هورمزەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە جێگرەوەکان تەنها دەتوانن لە باشترین حاڵەتدا ٥١-٠٢٪ی نەوتەکە دابین بکەن(٠٣)، ئەمەش بە کردەوە بەو مانایەیە کە:

أ. داخستنی تەواوەتیی گەرووەکە بە توانای ئێستا قەرەبوو ناکرێتەوە.

ب. زۆرترین شت کە دەتوانرێت بکرێت؛ کەمکردنەوەی زیانەکانی داخستنی گەرووی هورمزە نەوەک بوون بە جێگرەوەیەکی سەرەکی.

## یەدەگی ستراتیژی و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی دابینکردن

١. یەدەگی ستراتیژیی نەوت لە وڵاتە گەورەکاندا

أ. ئەمەریکا: ئەمەریکا خاوەنی گەورەترین یەدەگی ستراتیژیی نەوتی ڕاگەیەنراوە لە جیهاندا بە نزیکەی ٤١٧ ملیۆن بەرمیل، لە کاتێکدا بڕی کۆگاکانی گەیشتە نزیکەی ٣٩٣-٤٠٢ ملیۆن بەرمیل لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤ و ناوەڕاستی ٢٠٢٥دا(١٣). زۆرترین توانای دەرهێنان نزیکەی ٤,٤ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، واتە یەدەگەکە لە ڕووی تیۆرییەوە تەنها بەشی چوار مانگ دەکات(٢٣) .

ب. چین: ناوەندەکانی توێژینەوەی وزە مەزەندە دەکەن کە کۆی یەدەگی نەوتی چین (بە حکومی و بازرگانییەوە) دەتوانێت ٩٦ بۆ ١٢٠ ڕۆژ نەوت دابین بکات بە پێی ئاستی کۆگاکردنی لە ساڵی ٢٠٢٤دا، واتە دابینکردنی ١.١١ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا(٣٣)، ئەمەش توانایەکی بەرچاو بە پەکین دەبەخشێت بۆ بەرگەگرتنی شۆکی کاتی نەهاتنی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵام لە ئەگەری پەککەوتنی درێژخایەندا و بەرزبوونەوەی نرخەکاندا بەش ناکات.

ج. ژاپۆن و کۆریای باشوور: ژاپۆن سیستمێکی دووانەیی کۆگاکانی حکومەت و پیشەسازی پەیڕەو دەکات. کۆگاکانی حکومەت دەتوانن بۆ نزیکەی ٩٠ ڕۆژ نەوت دابین بکەن، لە کاتێکدا کەرتی تایبەت پابەندە بە دابینکردنی نزیکەی ٧٠ ڕۆژی زیادە، واتە نزیکەی ١٦٠ ڕۆژ بەکارهێنان(٤٣). هەروەها کۆریای باشوور کۆگای حکومی و پیشەسازیی هەیە و دەتوانێت بەرگەی ٩٠ ڕۆژ لە هاوردەنەکردنی نەوت بگرێت(٥٣).

د. هیندستان: یەدەگی ستراتیژیی نەوتی هیندستان تەنها دەتوانێت بەرگەی ٥,٩ ڕۆژ هاوردەنەکردنی نەوت بگرێت، بەڵام لەگەڵ کۆگا بازرگانییەکاندا کۆی توانای هەڵگرتن بەرگەی نزیکەی ٤٧-٧٥ ڕۆژ دەگرێت(٦٣). بەم شێوەیە هیندستان کەمتر توانای خۆڕاگرتنی هەیە بە بەراورد بە چین یان ژاپۆن، بەڵام قەرەبووی ئەمە دەکاتەوە لە ڕێگەی هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی دابینکردنەوە (ڕووسیا، ئەمەریکا، ڕۆژئاوای ئەفەریقا، بەڕازیل).

## هەمەچەشنکردنی زنجیرەکانی دابینکردن

دەیتا نوێکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هیندستان ئێستا بەشێکی بەرچاو لە نەوتەکەی لە ڕووسیا هاوردە دەکات لە ڕێگەی ئەو ڕێگایانەی کە بەدەرە لە گەرووی هورمز (کەناڵی سوێس، ڕەئس ڕەجای ساڵح (epoH dooG fo epaC)، یان بەندەرەکانی جەمسەری باکوور)، لە کاتێکدا هاوردەکردنی گازی شلی «GNL»ی قەتەر لە ڕێگەی ڕێگایەکەوە دەگات کە بە تەواوی پشت بە گەرووەکە نابەستێت(٧٣). ئەم هەمەچەشنییە لەگەڵ ڕێککەوتنە درێژخایەنەکانی «GNL» لەگەڵ قەتەر و ئوستralیا و ئەمەریکا، توانای بەرگەگرتنی هیندستان زیاتر دەکات لە کاتی ئەگەری داخستنی گەرووی هورمزدا.

٢. یەدەگی وڵاتانی کەنداو: وڵاتانی کەنداو خاوەنی یەدەگی عەمبارکردنی بەرچاون، بەڵام ئەم وڵاتانە تا ڕادەیەکی زۆر ئاڕاستەکراون بۆ پشتگیریکردنی ڕەوتی هەناردەکردن نەک قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان. لە ئەگەری داخستنی گەرووی هورمز:

أ. وڵاتانی هەناردەکار (بە تایبەت عێراق، کوێت، قەتەر و بەحرەین) ڕووبەڕووی وەستانی نزیکەی تەواوی هەناردەکردنەکانیان دەبنەوە، چونکە ڕێگای جێگرەوەیان نییە.

ب. تەنها عەرەبستان و ئیمارات توانای بەرجەستەیان هەیە بۆ بەردەوامبوون لە هەناردەکردنی نەوت بەدوور لە گەرووەکە، بەڵام تەنها لە سنووری توانای بۆرییەکانی خۆیاندا.

## ڕۆڵی ئۆپێک پڵەس و نەوتی یەدەگ لە کەمکردنەوەی شۆکەکەدا

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە مەزەندە دەکات کە کۆی توانای بەرهەمهێنانی یەدەگ لە ناو وڵاتانی ئۆپێک لە ساڵی ٢٠٢٥دا نزیکەی ٥.٠-٨.٥ ملیۆن بەرمیل دەبێت لە ڕۆژێکدا (م. ب/ڕۆژ)، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە سعودیە نزیکەی ٠.٣م. ب/ڕۆژ، ئیمارات نزیکەی ١.٠-٢.١م. ب/ڕۆژ، عێراق نزیکەی ٤.٠-٦.٠م. ب/ڕۆژ و کوێت نزیکەی ٣.٠-٤.٠م. ب/ڕۆژ(٨٣). لە ڕووی تیۆریەوە دەتوانرێت ئەم توانایە بەکار بهێنرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی بەشێکی کەم لە هەر پچڕانێکی دابینکردن لە ڕێگەی

گەرووی هورمزەوە، بەڵام تەنها بەشێکی کەم بە نزیکیی ٠٢ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دەگرێتەوە کە پیایدا تێدەپەڕێت، سەرباری بوونی ڕێگریی کات و لۆجستی کە وا دەکات وەک پێویست کاردانەوەی نەبێت، بەڵام بە کردەوە:

١. توانای یەدەگ کێشەی ڕێڕەوی دەریایی لەناو نابات، تەنانەت ئەگەر بەرهەمهێنان زیاد بکات، ڕێگای پێویست بۆ هەناردەکردنی نەوت نابێت ئەگەر بۆریی جێگرەوە لە بەر دەستدا نەبێت.

٢. لە ساڵی (٤٢٠٢-٥٢٠٢)دا، ئۆپێک پڵەس لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوتدا کار دەکات بۆ پاراستنی هاوسەنگیی بازاڕ. هەر بڕیارێک بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان بڕیارێکی سیاسیی ئاڵۆز دەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی وڵاتانی ئەندام و نرخی نەوت(٩٣).

٣. لە ئەگەری داخستنی گەرووی هورمزدا، ئۆپێک پڵەس خۆی لە بەردەم بژاردەیەکدا دەبینێتەوە: کەمبوونەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەندێک لە ئەندامان (کەنداو) لە بەرامبەر توانای ئەندامانی دیکە بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان لە ڕێگەی جیاوازەوە (ڕووسیا، هەندێک لە بەرهەمهێنەرانی ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتین).

## کاریگەریی داخستنی گەرووی هورمز لە سەر عێراق

لە بەرامبەر داخستنی گەرووی هورموزدا، عێراق زۆرترین زیانی بەر دەکەوێت، نەک تەنها بە هۆی پشتبەستنی تەواوەتی بە هەناردەکردنی نەوت، بەڵکوو بە هۆی لاوازیی هەمەچەشنیی ئابووری و نەبوونی جێگرەوەیەکی جوگرافیی جێگیر و ناجێگیری پێکهاتەی دارایی و دراوی ئەو وڵاتە. بە پێچەوانەی عەرەبستان یان ئیمارات، عێراق جێگرەوەیەکی گونجاوی نییە بۆ مانۆڕکردن ئەگەر تاکە ڕێگای گەیشتن بە بازاڕە جیهانییەکانی لێ دابخرێت(٠٤).

١. گرنگیی نەوت بۆ ئابووریی عێراق: بە پێی دەیتا فەرمییەکان، نەوت زیاتر لە ٣٩٪ی داهاتی بودجەی گشتی پێک دەهێنێت، نزیکەی ٥٨-٠٩٪ی کۆی هەناردەکردن پێک دەهێنێت و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە ڕێژەی ٠٦٪ بەشداره لە بەرهەمی ناوخۆییدا. لە ئێستادا عێراق لە نێوان ٤،٣ بۆ ٦،٣ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا تەنها لە ڕێگەی بەندەرەکانی بەسرەوە (بەندەری نەوتی بەسرە، خور ئەلعەمییە)

هەناردە دەکات، بەم پێیە زۆرینەی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی کەنداو و گەرووی هورمزەوە ئەنجام دەدرێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە ٠٠١٪ی هەناردەی نەوتی عێراق پەیوەستە بە ئاسایشی ئەم گەرووەوە، هەر ئەمەش وای کردووە عێراق زۆرترین زیانی بەر بکەوێت لە ئەگەری داخستنی گەرووەکەدا تەنانەت زیاتر لە ئێران(١٤).

٢. زیانی دارایی ڕاستەوخۆ لە حاڵەتی داخستنی گەرووەکەدا: ئەگەر وا گریمانە بکەین کە عێراق ٥٫٣ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەناردە دەکات و نرخی بەرمیلێک نەوتیش ٥٨ دۆلارە، زیانی ڕاستەوخۆی ڕۆژانە بە نزیکەیی دەگاتە ٧٩٢ ملیۆن دۆلار، واتە زیاتر لە ٩.٨ ملیار دۆلار لە مانگانێکدا و ساڵانەش دەگاتە زیاتر لە ٧٠١ ملیار دۆلار. ئەمەش بە نزیکەیی هاوتایە لەگەڵ تەواوی خەرجیی حکومەتی عێراق، یاخود زیاتر لە ٠٧٪ی بودجەی ساڵی ٤٢٠٢. هەروەها کاریگەریی لە سەر مووچە و هاوکاری دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زیاتر لە ٧ ملیۆن هاوڵاتی ڕاستەوخۆ پشت بە مووچەی حکومەت دەبەستن و لە ٠٤٪ی دانیشتووان پشت بە تۆڕەکانی پشتیوانیی حکومەت دەبەستن. وەستانی هەناردەکردنی نەوت دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا حکومەت بێتوانا بێت لە پێدانی مووچە، تەواوی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بوەستێت، سیستمی پشتیوانیی خۆراک و خزمەتگوزاری دابڕمێت و ئەمەش دەرگا بە ڕووی نائارامی و پشێویی کۆمەڵایەتیدا دەکاتەوە(٢٤).

٣. کاریگەریی لە سەر بەهای دیناری عێراقی و کەرتی بانکی: داخستنی گەرووی هورمز بە واتای لەدەستدانی ئەو داهاتە دێت کە لە فرۆشتنی نەوتەوە دەست دەکەوێت. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی شۆک بۆ یەدەگی دراوی بیانیی بانکی ناوەندیی عێراق، فشارێکی زۆر لە سەر نرخی دینار دروست دەبێت، بازاڕی ڕەشی دراو سەر هەڵدەدات و بە خێرایی هەڵئاوسان دروست دەبێت بە تایبەتی لە کەرتەکانی خۆراک، سووتەمەنی، کەرەستەی بیناسازی و دەرمانسازی. هەروەها سیستمی بانکیی عێراقی کە لە ئێستاوە ناجێگیرە، کاریگەر دەبێت بە داخستنی گەرووەکە بە شێوەیەک کە هاوڵاتییان پارە دانراوەکانیان لە بانکەکان دەکێشنەوە، متمانە بە بانکەکان نامێنێت، دابینکردنی پشتیوانی بۆ بازرگانیی دەرەکی لەدەست دەچێت(٣٤).

٤. کاریگەریی داخستنی گەرووەکە لە سەر هاوردەی (خۆراک، دەرمان، سووتەمەنی): عێراق زیاتر لە ٠٧٪ی خۆراک، زیاتر لە ٠٩٪ی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان، زیاتر لە ٠٦٪ی پێکهاتەکانی سووتەمەنی (سەرەڕای ئەوەی وڵاتێکی بەرهەمهێنەری نەوتە) لە دەرەوە هاوردە دەکات. بەشێکی زۆر لەم هاوردەکردنانە لە ڕێگەی بەندەرەکانی کەنداوی عەرەبییەوە دابین دەکرێت، بەم پێیە داخستنی گەرووەکە بە مانای بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی خۆراک لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، کەمیی دەرمان لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا، قەیرانی توندی سووتەمەنی و کارەبا، پەککەوتنی ڕێژەیی هێڵەکانی گواستنەوە دێت(٤٤).

٥. کاریگەریی سیاسی و ئەمنی لە ناوخۆی عێراقدا: داخستنی گەرووی هورمز نەک هەر مەترسیی ئابووری دروست دەکات، بەڵکوو لە چەند گۆشەنیگایەکەوە خودی هاوسەنگیی سیستمی سیاسیی عێراق دەخاتە مەترسییەوە:

أ. دەوڵەتی عێراق لە سەر بنەمای: نەوت + مووچە + متمانەی سیاسیی ڕێژەیی دامەزراوە، کاتێک ئەم خولە تێک دەچێت، سیستمەکە دەچێتە دۆخی بۆشایی شەرعیەتی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە.

ب. پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان و ئەگەری توندوتیژی: لە ساڵەکانی (٩١٠٢ و ٢٢٠٢)دا دەرکەوت کە قەیرانە داراییەکان بە خێرایی دەگۆڕدرێن بۆ ناڕەزایەتیی بەرفراوان کە ڕەنگە بەرەو توندوتیژی پەرە بسێنێت، لە لایەکی دیکەوە میلیشیاکان بەهێزتر دەبن، ئابووریی هاوتەریب سەر هەڵدەدات، تۆڕەکانی قاچاخچێتی دروست دەبن بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە و توانای بەغدا بۆ کۆنترۆڵکردنی پارێزگاکان لاواز دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بێسەرەوبەرەیی(٥٤).

٦. ئایا عێراق جێگرەوەی جوگرافیای هەیە؟

أ. بۆریی عێراق-تورکیا (جەیهان): توانای هەناردەکردنی ٦,١ ملیۆن بەرمیلی هەیە لە ڕۆژێکدا، بەڵام لە ساڵی (٣٢٠٢)ەوە بە هۆکاری سیاسی پەک خراوە و تەنانەت ئەگەر دەست بە کارەکانی بکاتەوە، تەنها ٥٤٪ی هەناردەی باشوور دەگرێتەوە(٦٤).

ب. بژاردەی بۆریی ئوردن/عەقەبە: هێشتا لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دانوستاندایە و تا چەند ساڵێکی تر ئامادە نابێت و توانای سنووردارە.

**هەڵسەنگاندنی توانای جێگرەوەکان لە سیناریۆی داخستنی گەرووەکاندا**

١. وڵاتانی هەناردەکاری کەنداو

أ. عەرەبستان: لە ڕووی تیۆرییەوە دەتوانێت زۆربەی هەناردەکردنی لە ڕێگەی بۆریی ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاواوە ئەنجام بدات، بەڵام ئەمە پێویستی بەوە هەیە کە بەوپەڕی توانای خۆیەوە کار بکات، واتە (٥-٧ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا) لەگەڵ گونجانی ژێرخانی یانبوع بۆ ئەو کارە(٧٤).

ب. ئیمارات: دەتوانێت زۆربەی نەوتەکەی لە ڕێگەی بۆریی حەبشان-فوجەیرە هەناردە بکات، بەڵام بە توانای ٥,١-٨,١ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا(٨٤).

ج. عێراق، کوێت، قەتەر، بەحرەین: لە ڕووی پراکتیکەوە توانای هەناردەکردنیان نامێنێت، لە ئەگەری داخستنی تەواوەتیی گەرووی هورومز بە هۆی نەبوونی ڕێگای جێگرەوەوە. قەتەر دەتوانێت هەوڵی گۆڕینی ڕێڕەوی بەشێک لە «GNL›› بدات لە ڕێگەی ڕێکخستنی کارەکە لەگەڵ بەندەرەکانی دیکە، بەڵام ئەمە قەرەبووی ئەو قەبارەیە ناکاتەوە کە بە گەرووی هورمزدا تێدەپەڕێت(٩٤).

د. ئێران: سەرەڕای قسەوباسەکانی سەبارەت بە تێپەڕاندنی هورمز، بە شێوەیەکی تەواو وابەستەی دوورگەی خارک و بەندەرەکانیەتی لە کەنداوی فارس. هێڵی بۆریی غورە-جاسک هێشتا نەبووەتە جێگرەوەیەکی سەرەکی و کاریگەر و داخستنی گەرووەکە بە مانای لەدەستدانی بەشێکی بەرچاو لە داهاتی نەوتی خۆی دەبێت، ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی ئێران دوودڵە لە جێبەجێکردنی ڕاستەقینەی هەڕەشەی داخستنی گەرووەکە(٠٥).

**٢. هاوردەکارانی سەرەکی (ئاسیا، ئەورووپا و ئەمەریکا)**

أ. چین: خاوەنی یەدەگی زۆرە و هەمەچەشنییەکی فراوانی جوگرافییە لە هاوردەکردن (ڕووسیا، ئەفەریقا، ئەمەریکای لاتین)، بەڵام تا ئێستاش ڕووبەڕووی ئاستەنگییەکی زۆر دەبێتەوە، چونکە بەشێکی بەرچاو لە هاوردەکردنی وزەی لە عەرەبستان و عێراق و ئیماراتەوە بە گەرووی هورمزدا تێدەپەڕێت(١٥).

ب. هیندستان: نزیکەی ٤٠-٥٠٪ی هاوردەکردنی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە دابین دەبێت، لەگەڵ یەدەگی ستراتیژیی تا ڕادەیەک سنووردار، ئەمەش وا دەکات کە ڕووبەڕووی فشاری هەڵئاوسان و دارایی زیاتر ببێتەوە لە ئەگەری داخرانی گەرووەکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن(٢٥).

ج. ژاپۆن و کۆریای باشوور: سەرەڕای خاوەندارێتیی یەدەگی تا ڕادەیەک گەورە، پشتبەستنی ژاپۆن بە نەوتی هورمز دەگاتە نزیکەی ٧٠-٨٠٪ و کۆریای باشوور نزیکەی ٦٠٪، ئەمەش وای کردووە ئاسایشی گەرووەکە ببێتە پرسێکی بونیادی بۆ ئابووریی ئەو دوو وڵاتە(٣٥).

د. ئەورووپا: زۆرترین کاریگەریی تایبەتە بە گازی سروشتیی شلی قەتەرەوە (GNL)، لەبەر ئەوەی نزیکەی ٠١٪ی هاوردەکردنی «GNL»ی ئەورووپا بە هورمزدا تێدەپەڕێت، سەرباری هاوردەکردنی بەشێک لە نەوتی عەرەبستان و عێراق لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە(٤٥).

ە. ئەمەریکا: بە هۆی شۆڕشی نەوتی بەردینەوە، کەمتر پشت بە نەوتی کەنداو دەبەستێت، بەڵام تا ئێستاش بەرامبەر بە بەرزبوونەوەی نرخی جیهانی و زنجیرە دابینکردنی دەریایی (کەشتیوانی، بیمە، تێچووی گواستنەوە) لە ژێر کاریگەریدایە، سەرباری بوونی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی لە ئاسایشی هاوپەیمانە ئاسیایی و ئەوروپییەکانیدا.

## ئەنجامگیری

گەرووی هورمز شارەگێکی ئابووریی جیهانییە، کە بەشێکی بەرچاو لە نەوت و گازی سروشتیی شل لە جیهاندا پیایدا تێدەپەڕێت. هەر جۆرە داخستنێک، تەنانەت داخستنی کاتییش، دەبێتە هۆی شۆکێکی ئابووریی دەستبەجێ و بەربڵاوی جیهانی، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی وزە، هەڵئاوسان، زیادبوونی تێچووی کەشتیوانی و بیمە و پەککەوتنی زنجیرەکانی دابینکردن. ئەم کاردانەوانە دەتوانن ببنە هۆی خاوبوونەوەی ئابووریی جیهانی یان تەنانەت پاشەکشەش لە گەشەی ئابووریدا. ئابوورییە گەورەکانی ئاسیا وەک چین، هیندستان، ژاپۆن و کۆریای باشوور بە هۆی پشتبەستنی زۆریان بە هاوردەکردنی نەوت و گازی سروشتیی شل لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە؛ زۆرترین زیانیان بەر دەکەوێت، بەڵام لاوازییان بە پێی هەوڵەکانیان بۆ هەمەچەشنکردن و یەدەگە ستراتیژییەکانیان دەگۆڕێت. هەروەها وڵاتانی هەناردەکار لە کەنداوی فارس، بە خودی ئێرانیشەوە، لە ئەگەری داخستنی گەرووەکەدا وڵاتەکانیان تووشی داڕمانی ئابووریی توند و زیانێکی گەورە دەبێت. سەرەڕای هەڕەشە دووبارەبووەکانی ئێران، داخستنی درێژخایەنی گەرووی هورمز بە ئەگەرێکی زۆر بەدوور لە ڕوودان دادەنرێت، بە هۆی یەکەم ئەو دەرئەنجامە ئابوورییە وێرانکەرانەی کە بۆ ئێرانی دەبێت و دووەم بە هۆی بوونی هێزی دەریایی ئەمەریکا کە بە هەر شێوەیەک کە بووە هەوڵ دەدات ڕێگری لەو کارە بکات. بۆرییە جێگرەوەکان و یەدەگی ستراتیژیی نەوت دەتوانن بۆ ماوەیەک بەرگەی داخستنی گەرووەکە بگرن، بەڵام لە درێژماوەدا ناتوانن بە تەواوی کەمیی دابینکردنی وزە قەرەبوو بکەنەوە. عێراق هیچ جێگرەوەیەکی خێرای نییە لە ئەگەری داخرانی گەرووی هورمزدا و دەبێتە قوربانیی شەڕێک کە هیچ ڕۆڵێکی تیایدا نییە و لە هەمان کاتدا قورسترین بارگرانیی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەکەوێتە سەر شان و دەبێتە یەکەم وڵات کە ئابوورییەکەی هەرەس دەهێنێت. هەڕەشەی داخستن یان پچڕانی کورتخایەنی تێپەڕینی وزە دەتوانێت ببێتە هۆی ناجێگیرییەکی بەرچاوی نرخەکان و کاردانەوەی نەرێنیی ئابووری. بۆ پاراستنی سەقامگیریی ئابووریی جیهانی، پێویستە هەوڵەکان لە سەر بەهێزکردنی گفتوگۆی دیپلۆماسی، دوورکەوتنەوە لە پەرەسەندنی سەربازی لە ناوچەکە و بەردەوامبوونی ستراتیژییەکانی هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی وزە و بەهێزکردنی یەدەگە ستراتیژییەکان بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە گەرووی هورمز؛ چڕ بکرێنەوە.

## سه‌رچاوه‌كان

1. Amid regional conflict, the Strait of Hormuz remains critical oil chokepoint. June 16, 2025

2. About one-fifth of global liquefied natural gas trade flows through the Strait of Hormuz June 24, 2025

3. Potts, D. T. (1990). The Arabian Gulf in antiquity. Oxford: Oxford University Press.

4. Potts, D. T. (1997). The Archaeology of Elam. Cambridge University Press.

5. Daryaee, Touraj (2003). “The Persian Gulf Trade in Late Antiquity

6. An overview of Iran›s main gas field and oil infrastructure. June 16, 20254:25 PM GMT+3Updated June 16, 2025

7. Yergin, D. (1991). The Prize: The Epic Quest for Oil, Money, and Power.

8. Milward, A. (1984). The Reconstruction of Western Europe 1945–51.

9. Louis, W. R. (2006). Ends of British Imperialism.

10. Gause, F. G. (2010). The International Relations of the Persian Gulf.

11. Gause, F. G. (2010). The International Relations of the Persian Gulf.

12. StraitofHormuzFactsheet. PDF (iea.blob.core.windows.net).

13. Potts, D. T. (1990). The Arabian Gulf in Antiquity. Oxford: Clarendon Press.

14. Yergin, D. (2011). The Prize: The Epic Quest for Oil, Money & Power. New York: Simon & Schuster.

15.U.S. Department of Defense. (2001). the Persian Corridor and Aid to Russia. Washington, DC.

16. Yergin, D. (1991). The Prize: The Epic Quest for Oil, Money, and Pow-


ئه‌م گۆڤاره له‌ ماڵپه‌ڕی هه‌واڵنامه‌ی كتێب داگیراوه hewalname.com/ku

er. New York: Simon & Schuster.

17. Gause, F. G. (2010). The International Relations of the Persian Gulf. Cambridge University Press.

18. Yergin, D. (1991). The Prize: The Epic Quest for Oil, Money, and Power. New York: Simon & Schuster.

19. Louis, W. R. (2006). Ends of British Imperialism.

20. EIA. (2023). The Strait of Hormuz is the world's most important oil chokepoint.

21. Cordesman, A. H. (2014). Iran and the Gulf Military Balance. CSIS

22. U.S. Energy Information Administration — Country Analysis Brief: Iran (2024)

23. JPMorgan Chase & Co. (2024). Oil Markets under Extreme Geopolitical Risk. New York.

24. U.S. Energy Information Administration. (2023). World Oil Transit Chokepoints: Strait of Hormuz. Washington, DC.

25. International Monetary Fund. (2023). World Economic Outlook: Energy Price Shocks and Inflation. Washington, DC.

26. UNCTAD. (2024). Review of Maritime Transport: Chokepoints and Trade Disruption. Geneva.

27. EIA. (2023). World Oil Transit Chokepoints: Strait of Hormuz. Washington, DC.

28. EIA. (2023). The Strait of Hormuz is the world's most important oil chokepoint.

29. EIA. (2023). Country Analysis Brief: Iran. Washington, DC.

30. U.S. Energy Information Administration. (2024). Country Analysis Brief: Iran.

31. EIA. (2023). The Strait of Hormuz is the world's most important oil chokepoint. U.S. Department of Energy.

32. U.S. Energy Information Administration. (2024–2025). Weekly Petroleum Status Report.

33. U.S. Energy Information Administration. (2024–2025).

34. IEA. (2024). Oil 2024 – Security of Supply. Paris.

35. International Energy Agency. (2023). Japan 2023 energy policy review. IEA.

36. International Energy Agency. (2021). India energy outlook 2021. Paris: IEA.

37. International Energy Agency. (2024). Oil Market Report. Paris: IEA.

38. International Energy Agency. (2024). Medium-Term Oil Market Report 2025. Paris: IEA.

39. OPEC. (2024–2025). Monthly Oil Market Report. Vienna: OPEC Secretariat.

40. U.S. Energy Information Administration. (2024). Iraq exports most of its crude oil from the Persian Gulf through the Strait of Hormuz. Washington, DC.

41. International Monetary Fund. (2024). Republic of Iraq: Article IV Consultation. Washington, DC.

42. Ministry of Finance – Republic of Iraq. (2024). Federal Budget Law 2024. Baghdad.

43. United Nations Development Programme. (2023). Energy and Service Delivery Risks in Iraq. Baghdad.

44. International Monetary Fund. (2024). Republic of Iraq: Article IV Consultation. Washington, DC.

45. International Energy Agency. (2024). Oil Market Report. Paris: IEA.

46. U.S. Energy Information Administration. (2024). Iraq–Turkey (Ceyhan) crude oil pipeline capacity and operations. Washington, DC.

47. Abu Dhabi National Oil Company. (2023). Abu Dhabi crude oil pipe-

line (ADCOP) specifications.

48. QatarEnergy. (2023). LNG export facilities and shipping routes.

49. U.S. Energy Information Administration. (2024). Iran country analysis brief. Washington, DC.

50. U.S. Energy Information Administration. (2024). China country analysis brief. Washington, DC.

51. U.S. Energy Information Administration. (2024). India country analysis brief. Washington, DC.

52. U.S. Energy Information Administration. (2024). Japan country analysis brief. Washington, DC.

53. International Energy Agency. (2024). Gas Market Report. Paris: IEA.

54. U.S. Energy Information Administration. (2024). U.S. petroleum production and imports. Washington, DC.

# ئاڵۆزییەکانی دەریای سوور و ڕەوشی بازرگانیی جیهانی دەستپێکی قۆناغێکی نوێ




**د. زانا کەریم**

پسپۆڕ لە سیاسەتی نێودەوڵەتی


**بەرایی**

ڕێگا و ڕێڕەوە بازرگانییە جیهانییەکان، چ وشکانی بن یان دەریایی، ڕایەڵەی پێکەوەبەستنی جیهان و شادەماری جیهانگیرین و ئومێدی بەرجەستەکردنی «یەک جیهان، یەک خەون[1]» بەم ڕێڕەوانەدا تێدەپەڕێت. ئابووریی وڵاتان بە هۆیانەوە بە بازاڕ و هەلی نوێ دەگات و فراژوو دەبێت. شمەک و کاڵا بازرگانییەکان، چ پێش دروستکردنیان و چ پاش دروستکردنیان، لە هاتوچۆدان و هات و چوونەکەش بەم ڕێڕەوانەدا تێدەپەڕێت. بۆیە ئاڵۆزبوونی ڕەوشی ئاسایشی ئەم ڕێگایانە لێکەوتەی نەرێنی لە سەر ئابووریی جیهان دادەنێت. دەریای سوور یەکێک لە گرنگترین ڕێڕەوە ئاوییە جیهانییەکانە و گرنگییەکی سیاسی و ئابووری و ستراتیژیی بۆ هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هەیە.


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە ئێستادا ئەم ڕێگا بازرگانییە لە بەردەم ئاڵنگاریدایە و کەوتووەتە بن باندۆری بەریەککەوتن و تەنگژە جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییەکان، ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی لە سەر بازرگانیی جیهانی داناوە، بە جۆرێک هەندێک لە چاودێران وەک دەستپێکی سەرەولێژبوونەوەی جیهانگیری و لەبەریەکهەڵوەشانی جیهانی بەجیهانیبوو لێی دەڕوانن. ئاڵۆزییەکانی دەریای سوور چین؟ چ پەیوەندییەکیان بە وەرچەرخان و ململانێ نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە و چ کاریگەرییەک لە سەر ئایندەی بازرگانی و ئابووریی جیهانی دادەنێن؟ ئایا ئەم ئاڵۆزییانە سەر دەکێشن بۆ کۆتاییهێنان بە قۆناغێک لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دەبنە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ و داڕشتنەوەی پەیوەندییە جیهانییەکان لە سەر بنەمایەکی نوێ؟

## یەکەم: دەریای سوور زیاتر لە ڕێڕەوێکی بازرگانی

دەریای سوور ڕێڕەوێکی ئاویی گرنگ و ستراتیژی جیهانییە و خۆرهەڵات و خۆرئاوا پێکەوە دەبەستێتەوە. لە مێژوودا ڕێڕەوێکی گرنگی پێکەوەگرێدانی کیشوەرەکانی جیهانی کۆن (ئاسیا، ئەفەریقا، ئەورووپا) بووە و لەگەڵ کردنەوەی نۆکەندی سوێس و دۆزینەوەی نەوتیشدا، گرنگییەکی زیاتری پەیدا کرد و بووە جێگەی بایەخی دەوڵەتە هەرێمی و جیهانییە کێبەرکێکارەکان و مەیدانی بەیەکداچوون و کارلێکی نێوان بکەرە جیاوازەکان.

ئەم ڕێڕەوە ئاوییە چەندین بەندەری گرنگ لەخۆ دەگرێت، بۆ بازرگانیی هەرێمی و نێودەوڵەتی سوودی لێ وەردەگیرێت و وێستگەیەکی گرنگن لە گواستنەوەی ئاویدا، بۆیە ڕێڕەوەکە بە یەکێک لە شادەمارەکانی سیستمی بازرگانیی جیهانی دادەنرێت[٢].

بە بۆچوونی ڕیچارد هایمان، مامۆستای جوگرافیای ستراتیژی لە زانکۆی لەندەن، یەکێک لەو فاکتەرانەی گرنگی و بایەخی ڕێڕەوێکی ئاوی (گەروو) دەستنیشان دەکات، قەبارەی بازرگانیی نێودەوڵەتی و جۆر و گرنگیی ستراتیژی ئەو شمەکانەیە کە بە ڕێڕەوەکەدا تێدەپەڕێت[٣]. گرنگی و بایەخی دەریای سوور لەوەدا دەردەکەوێت هەم قەبارەی بازرگانیی نێودەوڵەتی کە بەم ڕێڕەوەدا تێدەپەڕێت گەورەیە، هەم جۆر و گرنگیی ستراتیژیانەی شمەکەکانیش.

نزیکەی ١٥٪ی تێکرای بازرگانیی جیهانی لە ڕێگەی ئاوییەوە بەم ڕێڕەوە ئاوییەدا تێدەپەڕێت. ساڵانە بەهای ٧٠٠ ملیار دۆلار لە تێکرای بەهای بازرگانیی نێوان ئاسیا و ئەوروپا بە گەرووی بابولمەندەبدا، کە دەکەوێتە دامێنی دەریای سوور، تێدەپەڕێت. هەروەها ڕۆژانە ٤،٨ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو و بەرهەمە نەوتییەکان، کە هاوتای ٤٪ی تێکرای بازرگانیی نەوتە لە جیهاندا، بەم ڕێڕەوە دەریاییەدا تێدەپەڕێت. سەرباری ئەمە، بە ڕێڕەوی سەرەکیی گواستنەوەی نەوتی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی کە ڕۆژانە لە نێوان ملیۆنێک بۆ ملیۆن و نیوێک بەرمیلدا دەبێت؛ بۆ بازاڕەکانی جیهان دادەنرێت، هەروەک ڕێڕەوی سەرەکیی تێپەڕبوونی کێبڵەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێتە (نزیکەی ١٧٪ی قەبارەی ئینتەرنێتی جیهان بەم کێبڵانەدا تێدەپەڕێت). سەرباری هەموو ئەمانە، ناوچەی دەریای سوور و بڕەی ئەفەریقا[٤]، لەم دواییانەدا بوونەتە یەکێک لە گرنگترین ناوچەکانی ڕاکێشانی وەبەرهێنان لە جیهاندا، بە تایبەتییش هەرێمەکە بە بەرهەمی کانزایی و نەوتی و کشتوکاڵی و ئاژەڵی دەوڵەمەندە[٥].

بایەخ و گرنگیی دەریای سوور ڕەهەندی بازرگانی و ئابووری تێدەپەڕێنێت و گرنگیی ستراتیژی و جیۆپۆڵەتیکییشی هەیە. لە ڕووی جیۆپۆڵەتیکییەوە باڵادەستبوون لەم ڕێڕەوە ئاوییەدا واتە زاڵبوون بەسەر یەکێک لە گرنگترین ڕێگەکانی بازرگانیی جیهانی و زنجیرەی بەرهەمهێناندا، هەروەها دەستەبەرکردنی نفوزی سیاسی و سەربازی و کاریگەریدانان لە سەر مەلەفە هەرێمییەکان، بۆیە بایەخێکی گرنگی بۆ گەشەسەندن و زاڵبوون و پاراستنی هەژموونی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هەیە. ڕەنگە بۆ تێگەیشتن لە گرنگیی جیۆپۆلەتیکیانەی ڕێڕەوی دەریای سوور، تێزەکانی ئەلفرێد تاییر ماهان[٦]، لە بارەی هێزی دەریاییەوە، دەروازەیەکی گرنگمان بۆ واڵا بکات. بە لای ئەلفرێد ماهانەوە، هێزی دەریایی بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن و بووژانەوە و ئاسایشی دەوڵەتان زۆر گرنگە و کاتێکیش باس لەو فاکتەرانە دەکات کە بایەخێکی زۆر و یەکلاکەرەوەیان لە گەشەسەندنی دەوڵەتدا هەیە، باس لە ڕەوشی جوگرافیایی دەوڵەت، لە ڕووی ڕوانینی دەوڵەتەکە بەسەر زیاتر لە دەریایەکدا، هەروەها هەبوونی پەیوەندی لە نێوان دەریاکاندا، ئاستی زاڵبوونی دەوڵەتەکە بەسەر ڕێڕەوە ئاوییە سەرەکییەکان و بنکە ستراتیژییەکاندا دەکات و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە

بارەی هێزی دەریاوانیی بەریتانیاوە بەم بەرەنجامە گەیشتووە[٧]. ماهان پێی وایە بەریتانیا بەوەی کە دوورگەی گرنگ و بنکەی ستراتیژیی وەک جەبەلتاریقی بەدەستەوە بوو، توانیویەتی دەست بەسەر دەریای ناوەڕاستدا بگرێت. دەستبەسەرداگرتنێک کە لە ڕووی بازرگانی و جەنگەوە باندۆرێکی زۆری لە سەر مێژووی جیهان داناوە[٨]. لە سۆنگەی بۆچوونەکانی ماهانەوە تێدەگەین بالادەستی لە ڕێڕەوێکی وەک دەریای سوور و گەرووی بابولمەندەبدا چ کاریگەرییەک لە سەر هێز و گەشەی دەوڵەتان دادەنێت.

ئەم گرنگی و بایەخەی دەریای سوور وای کردووە ناوچەکە ببێتە مەیدانێکی ململانێی جیۆسیاسیی هەرێمی و نێودەوڵەتییش. چەندین نیشاندەر هەن ئاماژەی کێبەرکێی جیۆسیاسیی هەرێمی و نێودەوڵەتین لە ناوچەی دەریای سووردا، ڕەنگە دیارترینی ئەو نیشاندەرانە پێشبڕکێی مۆڵخواردن (تمرکز)ی سەربازی و فراوانکردنی نفوزی دەریایی بن. ئەمەش لە بنیادنانی بنکەی سەربازی و بەهێزکردنی ئامادەگیی دەریایی لە ناوچەکەدا لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چین و ڕووسیا و فەڕەنسا، سەرباری هێزە هەرێمییەکانی وەک ئێران و تورکیا و ئیسرائیل و ئیمارات و سعودیەوە ئەنجام دەدرێت؛ خۆی پیشان دەدات[٩]. لە ئێستادا هەریەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، فەڕەنسا، ڕووسیا، چین، تورکیا، ئیسرائیل، ئێران، سعودیە و ئیمارات، لە جیبۆتی و سۆماڵ و ئەریتیریا و سوودان بنکەی سەربازییان هەیە[١٠]. میسریش مانگی یەکی ساڵی ٢٠١٧ کردنەوەی سەرکردایەتیی کەشتیگەلی باشووری لە سفاجا ڕاگەیاند و مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٠ بنکەی سەربازیی بەرنیسی کردەوە، کە گەورەترین بنکەی سەربازییە لە ناوچەی دەریای سووردا[١١].

یەکێکی دیکە لە نیشاندەرەکانی کێبەرکێی جیۆسیاسی، کێبەرکێی نێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانە لە پێناوی زاڵبوون بەسەر ڕێڕەوەکانی دەریاوانیدا، بە مەبەستی سەپاندنی نفوزی خۆیان بەسەر ئەم ڕێڕەوانەدا و دەستەبەرکردنیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، ئەمە سەرباری پێکهێنانی هاوپەیمانێتی و هاوبەشیی ناکۆک بە یەکی هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا، کە زۆربەی

جار لە سەر بنەمای ناکۆک بە یەک پێک دەهێنرێت، هەروەها کێبەرکێی ئابووری و پڕۆژە ستراتیژییەکان کە لە هەوڵی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ زاڵبوون بەسەر سەرچاوەی ئابووریی دەوڵەتانی ناوچەکەدا لە میانی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیژی گەورە لەو دەوڵەتانەدا وەک پەرەپێدانی بەندەرەکان یان ژێرخاندا کە نفوزی ئابووری و سیاسییان بەهێز دەکات؛ خۆی دەردەخات[١٢].

گرنگیی جیۆستراتیژی و جیۆپۆلەتیکیی ڕێڕەوی ئاویی دەریای سوور بۆ هێزە هەرێمی و جیهانییەکان، سەرباری دابەشبوونی ناوخۆیی و ناکۆکیی ئیتنی و تایفی لە دەوڵەتانی هەردوو بەری ڕێڕەوە ئاوییەکەدا، زەمینەیەکی لەباری بۆ دەستتێوەردان ڕەخساندووە و وای کردووە ناوچەی دەریای سوور ببێتە گۆڕەپانێک بۆ بەرژەوەندیی جیاواز و ململانێی دەوڵەتە کێبەرکێکارە هەرێمییە کاریگەرەکانی وەک میسر، سعودیە، ئیمارات، تورکیا، ئێران و هێزە جیهانییەکانی وەک ئەمەریکا، چین، ڕووسیا، فەرەنسا، سەرباری بکەرە نادەوڵەتەکانی، وەک حوسییەکانی یەمەن و کۆمەڵە چەکدار و تیرۆرستییەکان و بەیەکداچوونی بەرژەوەندییەکانیان. ئەم بارودۆخە سەری کێشاوە بۆ دروستبوونی ڕەوشێکی ئاسایشی ناسەقامگیر و پڕ لە پشێوی و بردنە سەری ئاستی ئاڵۆزی و جەمسەربەندییەکان لە ناوچەکەدا.

### دووەم: ئاڵۆزییەکانی دەریای سوور و تەنگژەی وەرچەرخانی جیهانی

لە کۆتا دەیەی سەدەی ڕابردوودا و بە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو بە تاقانە هێزی جیهانی و دەوڵەتیی بەهەژموون لە شیرازەی نێودەوڵەتی (النظام الدولي)دا. لەو کاتەوە ئەمەریکا وەک دەوڵەتێکی قایل بە باری ئارا (Status quo State)، لە هەوڵی پاراستنی هەژموونی خۆیدایە و ڕێگری لە هەر هێزێکی دیکەش دەکات شان لە شانی بدات. لە بەرانبەردا دەوڵەتە هەموارگەراکان (Revisionist State) بە بارودۆخی نێودەوڵەتیی نوێ قایل نین و لە هاوسەنگیی هێز و ڕێساکانی شیرازەی نێودەوڵەتی نیگەرانن. ئەم دەوڵەتانە لە هەوڵدان ئەم هەژموونە تاک لایەنەی ئەمەریکا کۆتایی پێ بهێنن و چاویان لە جیهانێکی فرە لایەن بڕیوە. لە ئێستادا دەکرێت وەک دوو دەوڵەتی هەموارگەرا لە

هەر یەکە لە کۆماری ڕووسیای فیدراڵ و کۆماری چینی میللی بنواڕین، ئەم دوو دەوڵەتە، سەرەڕای جیاوازییەکانیشیان، لەم خاڵەدا تەبا و کۆکن. هەر یەکێک لەم دوو دەوڵەتە شێوایێکی ڕووبەڕووبوونەوەی گرتووەتە بەر و لەم پێناوەدا چەندین هەنگاوی ناوە و دەستاوێژی جۆراوجۆری گرتووەتە بەر. ئەگەر ڕووسیا ڕێگەچارەی سەربازی هەڵگرتبێتەوە، ئەوا چین زیاتر لە ڕێگەی ئامرازی ئابوورییەوە کێبەرکێی ڕکابەرەکەی دەکات و لە هەوڵی کۆتاییپێهێنانی هەژموونی تاکلایەنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادایە[١٣].

لە ساڵی ٢٠٢٢دا ڕووسیا پالاماری ئۆکراینی دا و پێکا هەڵپژان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چین لە سەر سروشتی پێکەوەژیانیان پێکەوە ناکۆکی کەوتە نێوانیان، مەترسیی تێوەگلانی چین لە جەنگێکی هاوشێوەی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراین لەگەڵ تایوان لەئارادایە. دوو جەمسەری نوێ لە دەرکەوتندان و پێچەوانەی دوو جەمسەرەکەی جەنگی سارد، ئەم دوو جەمسەرە پشت بە وەلائی سەربازی نابەستن، بەڵکوو پشت بە وەلائی بازرگانی دەبەستن[١٤].

ململانێی ئەم هێزە گەورەوارانە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا زەق و زۆپتر دەرکەوتوون و شیرازەی نێودەوڵەتیی وەرچەرخانی پەیکەریی قووڵی بەخۆیەوە بینیوە، بە جۆرێک پێکهێنانی تەرازووی هێز و ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی ململانێی داڕشتووەتەوە و جۆرە هەڕەشەیەکی دووپەژم (هجین)ی بەرهەم هێناوە، چەمکە تەقلیدییەکانی بەرگری و سەروەریی تێپەڕاندووە. ئەم وەرچەرخانانە تەنها لە جوغزی گۆڕانی پێگەی دەوڵەتە گەورەوارەکان یان دووبارە دابەشکردنەوەی نفوزدا هەڵنایەت، بەڵکوو بەر گەوهەری شیرازەی ئاسایشی جیهانییش کەوتووە و چەمکی نوێی لە بابەت بکەرە نادەوڵەتەکان، بەرگریی ناهاوتا و جەنگی سایبەرانی، بەو پێیەی توخمی کاران، هێناوەتە ناو هاوکێشەکانی سەقامگیرییەوە. لەم بەستێنەدا دەریای سوور لە سای هەڵکشانی کێبەرکێکان لە پێناو ڕێڕەوە ژیانییەکان و زیادبوونی هەڕەشە لەیەکنەچووەکان کە ئاستەنگ بۆ ئازادیی دەریاوانی و سەقامگیریی زنجیرەی دابینکردنی جیهانی (سلاسل الامداد العالمیة) دروست دەکات، وەک گۆڕەپانێکی ستراتیژی دەرکەوتووە کە بەیەکداچوونی وەرچەرخانە جیۆسیاسی و سەربازی و

ئابوورییەکانی بەرجەستە کردووە[١٥].

لە ئێستادا ناوچەی دەریای سوور لەگەڵ چەندین ئاڵنگاریی ئاسایشیی ئاڵۆز و بەیەکداچوودا، بە جۆرێک سەقامگیریی ناوچەکەیان خستووەتە بەردەم هەڕەشە، ڕووبەڕووە. هەڵکشانی ئاستی کێبەرکێی هەرێمی لە نێوان هێزگەلێکدا کە هەوڵی سەپاندنی نفوزی خۆیان دەدەن، هەروەها ئاڵۆزتربوونی قەیرانی ناوخۆیی ئەو وڵاتانەی دەکەونە سەر دەریای سوور و پەڕینەوەی لێکەوتەکانی ئەم قەیرانە ناوخۆییانە بۆ ئەو دیوی سنووری وڵاتەکان، پەرەگرتنی مەترسیی کۆمەڵە تیرۆرستییەکان و چالاکییە تاوانکارییە ڕێکخراوەکان کە ڕەوشی ناسەقامگیریی ناچەکەیان لە پێناو پەرەپێدانی کارنامەکانیاندا بەسوود هێناوە. ئەمانە سەرباری هەڕەشە کلاسیکییەکان، وەک چەتەگەری و ئاسایشی وزە و ڕێڕەوەکانی دەریاوانی، هەروەها لێکەوتە ئاسایشییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، وەک بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی ڕووی دەریا و کاریگەرییەکانی لە سەر ژێرخان و کۆمەڵگە کەناراونشینەکان، لە گرنگترینی ئاڵنگارییەکانن[١٦].

سەرباری ئەم ئاڵنگارییانە، قەیرانی یەمەن و زاڵبوونی حوسییەکان بەسەر باکووری وڵاتەکەدا؛ ڕەوشەکەی ئاڵۆزتر کرد و لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماسیشدا ئاڵۆزییەکان پێیان نایە قۆناغێکی دیکەوە و هەڵکشان. کەشتییە ئیسرائیلییەکان و کەشتیی ئەو دەوڵەتە خۆرئاواییانەی هاوکاریی ئیسرائیل دەکەن، بە تایبەتییش کەشتییە ئەمەریکایی و بەریتانیاییەکان، لە لایەن حوسییەکانەوە کرانە ئامانج. بە گوێرەی دەیتاکانی پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان (International Institute for Strategic Studies)، تەنها لە ماوەی نێوان مانگی ٢٠٢٣/١١ بۆ مانگی ٢٠٢٤/١٢، حوسییەکان زیاتر لە ٣٠٠ هێرشیان بۆ سەر کەشتییەکان لە دەریای سووردا ئەنجام داوە[١٧].

ئەم هێرشانەی حوسییەکان بوو بە هۆکاری چڕبوونەوەی زیاتری ئاستی بەسەربازگەکردنی ناوچەی دەریای سوور. لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پرۆسەی پاسەوانی گەشە (Operation Prosperi-ty Guardian)ی ڕاگەیاند. پاسەوانی گەشە دەستپێشخەرییەکی ئاسایشیی فرە ڕەگەزە و لە ژێر چەتری هێزە دەریاییە هاوبەشەکان و فەرماندەیی دەستەی کاری هاوبەش

(CTF 153) کە لە ساڵی ٢٠٢٢ لە پێناو پارێزگاریکردن لە دەریاوانی لە دەریای سوور و کەنداوی عەدەن دروست بوو، کار دەکات. لای خۆشییەوە یەکێتیی ئەورووپا مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٤ پرۆسەی ئەسپایدێس (Aspides)ی ڕاگەیاند، کە ئەرکەکەی بریتی بوو لە هاوەڵیکردنی کەشتییە بازرگانییەکان[١٨]. سەرەڕای ئەم هەوڵانەی هێزە دەریاییەکانی خۆرئاوا و بەئامانجگرتنی حوسییەکانی یەمەن لە سەر زەوی، لە لایەن هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیاوە، کەچی هێرشەکان بۆ سەر کەشتییە بازرگانییەکان هەر بەردەوامن و جموجووڵی دەریاوانی داویەتی لە کزی، بە جۆرێک تێپەڕینی کەشتییەکان بە نۆکەندی سوێسدا، کە دەریای سوور بە دەریای ناوەڕاستەوە دەبەستێت، بە ڕێژەی دوو لە سەر سێ پاشەکشەی کردووە[١٩].

لێرەوە دەکرێت ئەنجامگیری بکەین کە وا ناوچەی دەریای سوور لە بەستێنی سیاسی و جیۆستراتیژیی خۆیدا، بە ڕوانین لە بەردەوامیی ڕەوشی ناسەقامگیریی چەند ساڵە بە هۆی جەنگەوە لە یەمەن، هەروەها ئەو ململانێیەی ئێستا لە نێوان دەوڵەتانی بڕەی ئەفەریقاییدا هەیە و هەڵسوکەوتی هەندێک لە دەوڵەتان و بوونی حاڵەتێک لە لەبەرڕۆیشتنی سیاسی و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا، بووەتە یەکێک لە گرنگترین ناوچە چاوەڕوانکراوەکان بۆ ململانێ و ئەمەش بە کردەوە حاڵەتێکی لە توندبوونەوەی قەیرانی سیاسی و ستراتیژی بەرهەم هێناوە، دەبێتە ناونیشان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژی داهاتوو، بە تایبەتییش پاڵنەری پەرەدان بەم حاڵەتە و گەشەپێدانی ململانێ شاراوەکان لەئارادان[٢٠]. کەواتە بە ڕوانین لە پێدراوەکان و بارودۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتی، دەکرێت پێشبینیی ئەوە بکرێت لانی کەم لە ئایندەیەکی مامناوەند مەودادا، ڕەوشی ناسەقامگیریی دەریای سوور بەردەوام دەبێت و باندۆری نەرێنی لە سەر بازرگانی و ئابووریی جیهانییش دادەنێت.

## سێیەم: بازرگانیی جیهانی لە پای ئاڵۆزییەکانی دەریای سووردا

بازرگانیی جیهانی ژمارەیەکی بێشومار شمەک و خزمەتگوزاری لەخۆ دەگرێت و شمەکە پیشەسازییەکان پشکی شێری ئەم بازرگانییە پێک دەهێنێت. بازرگانیی جیهانی بریتییە لە کۆی هەناردەی جیهانی، یاخود کۆی هاوردەی جیهانی، واتە

جیاوازیی نییە، دەکرێت بڵێین کۆی هەناردەی جیهانییە، هەروەها دەکرێت بڵێین کۆی هاوردەی جیهانییە. ئەم هاوتابوونی هەناردە و هاوردەش لەبەر ئەوەیە هەناردەی جیهانی ئەگەر کرێی بارکردن و دڵنیایی لێ دەربکەیت، یەکسان دەبێت بە هاوردەی جیهانی، هەروەها ئەوەی لە وڵاتێکەوە هەناردە دەکرێت هەمان شتە کە لە وڵاتێکی دیکە هاوردە دەکرێت[٢١]. لە لایەکی دیکەوە، بازرگانی جیهانی هەم ئامرازێکە بۆ پێشکەوتنی ئابووری و هەم پێوەرێکیشە بۆ پێوانی پێشکەوتنی ئابووری، بەمەش ئامانجە دوورمەوداکانی بازرگانی لە ئابووریی نێودەوڵەتیدا بەدی دەهێنێت کاتێک ئەرکی دابەشکردنی کەرستە خاوەکان بەسەر بەرهەمهێنەرەکان و شمەک و بەرهەمەکانیش بەسەر بەکاربەرەکاندا ئاسان دەکات، بە جۆرێک خزمەت بە ئامانجەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نیشتمانی دەکات[٢٢]. کەواتە بازرگانیی نێودەوڵەتی هۆکارێکە بۆ خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی وڵاتان و کەڵەکەکردنی سەرمایە و هێز، بۆیە هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر بازرگانیی جیهانی و جموجووڵ و ڕێڕەوەکانی ئەم بازرگانییە، هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتان.

بە هۆی تێچووی کەم و کارامەیی لە ڕاییکردندا، گواستنەوەی دەریایی زیاتر لە ٨٠٪ی کۆی بازرگانیی جیهانی لە سەرتاسەری جیهاندا پێک دەهێنێت، ئەمەش ئاسایشی ڕێڕەوە دەریاییەکان دەکات بە یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی ئاسایشی وزە لە جیهاندا و ڕوودانی هەر پشێوییەک لەم ڕێڕەوانەدا جیهان تووشی قەیرانی وزە دەکات، بۆیە دەستەبەرکردنی ئاسایشی ڕێڕەوە ئاوییەکان گرنگیی ستراتیژیانەی خۆی بەسەر هێزە دەریاییە جیهانییەکاندا دەسەپێنێت[٢٣].

لێرەوەیە هەر هەڕەشەیەک کە ڕووبەڕووی دەریای سوور دەبێتەوە، ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر بازرگانیی نێودەوڵەتی دادەنێت. کەوتنە ژێر هەڕەشەی کاری دەریاوانی لەم ڕێڕەوە ئاوییەدا، دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی وزە و بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵاوسان و خاوبوونەوەی گەشە و پاشەکشەی تێکڕای وەبەرهێنان لە سای نادڵنیایی ئابووریدا و پەکخستنی جووڵەی بازرگانیی جیهانی، ئەمەش ئاستەنگ بۆ بووژانەوەی ئابووریی (التعافي الاقتصادي) جیهانی دروست

دەکات[٢٤].

ئاڵۆزییەکانی دەریای سوور بە شێوەیەکی کاتی بووەتە هۆکاری داڕشتنەوەی نەخشەی بازرگانیی جیهانی، سەدان کەشتی ناچار بوون ڕێڕەوی خۆیان بەرەو ڕێگای سەری ئاواتی چاک (Cape of Good Hope) بگۆڕن، ئەم گۆڕینەش بە گوێرەی ڕاپۆرتی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی جیهانی، وەک مێرسک (Maersk) و هاپاگ لوید (Hapag-Lloyd)، وا دەکات گەشتی کەشتییەکان ١٠ بۆ ١٤ ڕۆژ زیاتر بخایەنێت و تێچوویەکی زیاتریشیان تێبچێت کە لە نێوان ٥٠٠ هەزار بۆ ١,٢ ملیۆن دۆلاردایە بۆ هەر گەشتێک[٢٥]. سەرباری ئەمە، ئاستی تێچووی بیمەکردنیش بەرز بووەتەوە، لە کاتێکدا پێشتر و بە شێوەیەکی ئاسایی تێچووی بیمەکردن دەگەیشتە ٠,٦٪ی بەهای شمەکەکانی ناو کەشتییەکە؛ زیادی کردووە و گەیشتووەتە ٢٪ی بەهای شمەکەکانی ناو کەشتییەکە[٢٦]. بەرزبوونەوەی نرخی بیمەکردن لە ساڵی ٢٠٢٤دا نزیکەی هەژدە کۆمپانیای وا لێ کردووە پلانی دەستپێکردنەوەی تێپەڕین بە دەریای سووردا هەڵبسپێرن[٢٧].

ئەم ئاڵۆزییە تەنها لە جوغزی تێچووی زیاتری سووتەمەنی یان بەرزیی نرخی دڵنیایی و بیمەکردنی دەریاییدا کورت هەڵنایەت، بەڵکوو سەر دەکێشێت بۆ خنکانی زنجیرەی هاوردەکردنی جیهانییش، بە تایبەتی لە کەرتە ژیانییەکانی وەک:

- **وزە:** دواکەوتنی بارەکانی نەوت و غازی شل باندۆر لە سەر دەوڵەتە هاوردەکارە ئەورووپایی و ئاسیاییەکان دادەنێت، ئەمەش فشار لە سەر بازاڕەکانی وزە دروست دەکات.

- **بابەتە ئەلکترۆنییەکان و ئۆتۆمبێل:** کارگەکان لە ئەورووپا و ئاسیا ڕووبەڕووی کەمیی ئەو پێکهاتانەی کە لە پیشەسازیدا بەکار دێن دەبنەوە، ئەمەش بەرهەمهێنان خاو دەکاتەوە و نرخەکان بەرز دەکاتەوە.

- **شمەکە بەکاربەرییەکان:** بەرزبوونەوەی تێچووی گواستنەوە ڕەنگدانەوەی لە سەر نرخی کوت (أسعار التجزئة)[٢٨] دەبێت، ئەمەش تێکڕای هەڵاوسان لە چەندین دەوڵەتدا بەرز دەکاتەوە[٢٩]. بۆ نموونە؛ تێکچوونی باری ئاسایشی دەریای سوور لێکەوتەی نەرێی بۆ ئابووریی هەر یەکە لە میسر و ئەریتیریا و سوودان لێ کەوتووەتەوە و تێکڕایی هەڵاوسانی

گەیاندووەتە ئاستێکی بەرز، بە جۆرێک لە مانگی ٢٠٢٤/٤دا تێکڕای هەڵاوسان لە میسر گەیشتووەتە دەوروبەری ٣٢,٥٪ و لە ئەریتیریا ٦,٤٪، لە سوودانیش ١٤٥,٥٪[٣٠].

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی «Bloomberg Economics»، ئەگەر قەیرانەکە تا کۆتایی ساڵ بەردەوام بێت، بەردەوامبوونی قەیرانەکە دەبێتە هۆکاری نزمبوونەوەی تێکڕای گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی بە ڕێژەی ٠,٣ بۆ ٠,٥ خاڵی سەدی. هەر چی کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانیش هەیە، زیاتر گیرۆدەی بێتوانایی لە بەرگەگرتنی ئەم زیادبوونە کتوپڕەی تێچوون و بە خێرایی خۆگونجاندن لەگەڵ زنجیرەی هاوردەکردنی جێدار (سلاسل توريد بديلة)دا دەبن[٣١].

ئەم هەڕەشە ڕوولەزیادبوونانەی دەریای سوور، پاڵی بە چەندین گەورەکۆمپانیای بواری گواستنەوەی وەک مێرسکی دانیمارکی و «MSC»ی ئیتاڵیایی و «CMA-CGM»ی فەرەنساییەوە ناوە، تێپەڕینی کەشتییەکانیان بە دەریای سووردا هەڵسپێرن، هەروەک کۆمپانیای دیکەی وەک هاپاگ لویدی ئەڵمانیایی ڕسوماتێکی زیاتر بەسەر ئەو بارانەدا بسەپێنێن، کە بە ناوچەی دەریای سووردا تێدەپەڕن. لە بەرانبەردا کۆمپانیاگەلێکی دیکە وەک کۆمپانیای ئێڤەرگرین (Ever-green)ی تایوانی و ئۆرێنت ئۆڤەر سیز (Orient Overseas) لە هەوڵێکدا و لە پێناو خۆدوورگرتن لەوەی بکرێنە ئامانج، ڕێگای مامەڵەنەکردن لەگەڵ کەلوپەلی ئیسرائیلی یان هەڵسپاردنی گەشتەکانیان بەم ڕێڕەوە گرنگەدا گرتووەتە بەر[٣٢].

لە سای ئەم ئاڵۆزییانەدا، سەکۆی فریتۆس (Freifgtos Platform) بەرزبوونەوەیەکی لە نرخی گواستنەوەی دەریاییدا لە ناوەڕاستی مانگی (٢٠٢٣/١٢) ەوە بە ڕێژەی ١٧٣٪ تۆمار کردووە. کۆمپانیای تێسلا (Tesla) هەڵسپاردنی بەشێکی گەورەی بەرهەمهێنانی لە کارگەکانی خۆی لە ئەڵمانیا ڕاگەیاند، بە هۆی دواکەوتنی گەیشتنی پێکهاتەکانی ئەو بەرهەمانە لە ڕێگەی دەریای سوورەوە[٣٣]. دروستبوونی گرفت بۆ زنجیرەی دابینکردن تەنها ڕووبەڕووی کۆمپانیای تێسلا نەبووەتەوە، بەڵکوو گرفتی بەردەم زۆربەی زۆری کۆمپانیا خۆرئاواییەکانە و لە ساڵی ٢٠٢٣دا؛ ٦٩٪ی زنجیرەی دابینکردنی کۆمپانیا سنووربڕە خۆرئاواییەکان، بە هۆی ڕووداوە جیۆسیاسییەکانەوە ڕووبەڕووی پشێوی بووەتەوە[٣٤].

## ئەنجامگیری

لە پێشەکیی کتێبی «ماڵئاوا جیهانگیری[٣٥]»دا، کە بۆ چاپی عەرەبیی کتێبەکەی نووسیوە، خانمە نووسەر و توێژەری سویدی ئەلیزابێس براو؛ ئاڵۆزییەکانی دەریای سوور دەکاتە دەستپێک و بە دەرکەوتنی شێوازێکی نوێی ململانێ و بە هەڵمەتێکی بەرنامەبۆدارێژراو، دژ بەو کاروبارانەی کە بە جیهانیبوون لەقەڵەمی دەدات. ئەلیزابێس دەنووسێت: کەشتییە خۆرئاواییەکان بە توندی ڕووبەڕووی هێرش دەبنەوە و دەکرێنە ئامانج، بە جۆرێک سەرەڕای تێچووی زۆر، ناچار بوون ئاڕاستەی هاتوچۆی ئاوی خۆیان بگۆڕن و ڕێڕەوی «لوتکەی ئاواتی چاک» بەکار بهێنن. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و سێرەلەسەرگرتنە لەم پرسەدا، بە تەنها کەشتییە خۆرئاواییەکان ڕووبەڕووی هێرش و پەلامار دەبنەوە. لە جەرگەی ئەم ئاڵۆزییانەدا، کەشتییە چینی و ڕووسیاییەکان بە ئارامی کەشتییەوانیی خۆیان دەکەن و بەم ڕێڕەوە ئاوییەدا تێپەڕ دەبن، بە بێ ئەوەی هیچ ئاستەنگێکیان بێتە بەردەم[٣٦].

ئەلیزابێس ئەمە بە کۆتایی سەردەمی بێلایەنی و سەرلەنوێ دابەشبوونەوەی جیهان دادەنێت و دەنووسێت: «ئێستا سەردەمی بێلایەنی کۆتایی هاتووە». لەگەڵ توندبوونەوەی ئاستی پشێوییە جیۆسیاسییەکان لە نێوان خۆرئاوا لە لایەک و چین و ڕووسیا لە لایەکی دیکەوە، کۆمپانیاکان و ئیش و کارەکانی دیکە بۆیان دەردەکەوێت بوون بە ئامانجی ناکۆکییەکان. کاتێک ڕووسیا پەلاماری ئۆکراینی دا، حکومەتە خۆرئاواییەکان دەستیان کرد بە سەپاندنی سزا بەسەر ڕووسیادا، بە ئامانجی پەکخستنی ئابووریی ڕووسیا. بەڵام ڕووسیا پەنای بردە بەر هاوبەشە بازرگانییەکانی دیکە، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی بە هۆی جیهانگیرییەوە دەوڵەمەند بوون، هەروەها لە ڕێگەی زەوتکردنی خاوەندارێتیی ئەو کۆمپانیا خۆرئاواییانەی کە هێشتا لە ڕووسیا کار دەکەن؛ سزای حکومەتە خۆرئاواییەکانیشی دا[٣٧].

لە جیهانێکدا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لێک دەترازێت و ململانێ و دابەشبوونەکان

تۆختر دەبنەوە، سیاسەتی پاراستنی ئابووری و جەنگی بازرگانیی نێوان دەوڵەتە گەورەوارەکان بەرەو توندبوونەوە دەچێت؛ تەرازووی هێز لاسەنگ دەبێت و لە بەردەم ئەگەری وەرچەرخاندایە، دەکرێت چۆن لە ئایندەی جیهان و ڕەوشی بازرگانیی جیهانی بنواڕین؟ ئایا ئەو قۆناغەی لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردەوە دەستی پێ کرد و شانی لە سەر بنەماکانی لیبراڵیزمی دادا، چیتر بایی ئەوەندەی بەبەرەوە ماوە، بەردەوامی بە خۆی بدات و نەکەوێتە گیانەڵا؟ جیهان وەکوو ئەوەی ئەلیزابێس براو دەڵێت «سەرلەنوێ دابەش دەبێتەوە»، یاخود دەکرێت ئەم ئاستەنگی و تەنگژانە تێپەڕێنرێت و  جارێکی دیکە جیهان لە سەر خوانی یەک خەون کۆ ببێتەوە؟ ئایا ڕێسا و ڕێکخراوەکانی شیرازەی نێودەوڵەتی توانای ئەوەیان ماوە ئەم تەنگژە و ئاڵۆزییانە لەخۆ بگرن و تێیانپەڕێنن؟ ئایا هەرێمی کوردستان لە کوێی ئەم وەرچەرخانانەدا جێگە دەگرێت و چۆن دەتوانێت پارێزگاری لە پێگە و ڕۆڵ و تەنانەت مانەوەی خۆی وەک قەوارەیەک بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بە کراوەیی دەمێنێتەوە، بەو ئومێدەی بتوانێت دەرگا بە ڕووی گفتوگۆیەکی بەرهەمداردا بکاتەوە...


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. «یەک جیهان، یەک خەون»، درووشمی خولی یارییە ئۆڵۆمپییەکانی ساڵی ٢٠٠٨ بوو، لە پەکینی پایتەختی چین.

٢. د. أبو بكر الدسوقي، «مصاد ر التهديد وفرص التعاون في البحر الأحمر»، السياسة الدولية، ٢٤١ (يوليو ٢٠٢٥): ١٠٦.

٣. وەرگیراوە لە: هشام محمود، 30 مضيقا مائيا تمثل عصب التجارة في العالم .. و«هرمز» أهمها للصادرات النفطية، الإقتصادية (٢٠١٩/٧/١٣): بەردەستە لە:
https://www.aleqt.com/2019/07/13/article_1636941.html

٤. بڕەی ئەفەریقا (القُرن الافريقي) لە ڕووی جوگرافیاییەوە بەو دەوڵەتانە دەگوترێت کە دەکەونە خۆرئاوای دەریای سوور و کەنداوی عەدەن و بریتین لە: سۆماڵ و جیبۆتی و ئەریتیریا و ئیسیوپیا. بۆیە پێیشی دەگوترێت بڕە (قُرن)، چونکە ئەگەر لە سەر نەخشە سەیری ناوچەکە بکەیت؛ لە کەللە و شفرەی کەرکەدەن دەچێت.  لە زمانی کوردیدا (قُرن) بە: شاخ، قۆچ، شفرە، بڕە؛ وەردەگێڕدرێت.

٥.  الدسوقي، «مصادر التهديد وفرص التعاون في البحر الأحمر»، ١٠٦.

٦. ئەلفرێد تاییر ماهان (A. T. Mahan) (١٨٤٠-١٩١٤): مێژوونووس و ئەکادیمی و ئەفسەرێکی هێزی دەریایی ئەمەریکاییە، پێگەیەکی گرنگی لە مێژووی هزری سەربازیدا هەیە و خاوەنی بیردۆزی هێزی دەریاییە. کوڕی دەنیس هارت ماهانی ئوستادی پێشووی ئەکادیمیای سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. لە نیویۆرک چووەتە زانکۆی کۆڵۆمبیا، پێچەوانەی ئارەزووی باوکی کە حەزی کردووە کوڕەکەی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا بمێنێتەوە، ماهان خۆی گواستووەتەوە بۆ ئەکادیمیای دەریایی ئەناپۆڵس و لەگەڵ دەرچووانی ساڵی ١٨٥٩دا وەک ئەفسەرێکی دەریاوان دەرچووە. خاوەنی چەندین وتار و لێکۆڵینەوەیە لە بارەی ستراتیژی دەریایی و کاروباری نێودەوڵەتییەوە و سێ کتێبی گرنگیشی لە بارەی هێزی دەریاییەوە نووسیوە: «کاریگەریی هێزی دەریایی لە مێژوودا» (١٦٦٠-١٧٨٣)، «کاریگەریی هێزی دەریایی لە سەر شۆڕش و ئیمپراتۆریای فەڕەنسایی» (١٧٩٣-١٨١٢)، «هێزی دەریایی و پەیوەندیی هێزی دەریایی بە جەنگی ساڵی (١٨١٢)ەوە». بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ماهان و ستراتیژی هێزی دەریاییەوە بە زمانی کوردی، خوێنەر دەتوانێت

بۆ ئەم دوو سەرچاوەیە بگەڕێتەوە: مارگرێت تتل سپروت، «ماهان و ستراتیجی دەریایی»، و: هێمن سەلیم ئەحمەد، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ١٥ (تشرینی یەکەمی ١٩٩٥): ٤٣-٧٧؛ مارگرێت تتل سپروت، «ماهان و ستراتیژی دەریایی»، و: هێمن سەلیم ئەحمەد، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ١٦ (کانوونی دووەمی ١٩٩٦): ٦٧-٩٦.

٧. د. كاظم هاشم نعمة، الوجيز في الاستراتيجية (بغداد: شركة اياد للطباعة الفنية، ١٩٨٨)، ٣٧.

٨. سپروت، «ماهان و ستراتیژی دەریایی»، ٥١.

٩. د. احمد يوسف محمد عبدالنبي، «محددات الرؤية الأمنية المصرية لضبط اتجاهات الصراع في منطقة البحر الأحمر»، السياسة الدولية، ٢٤١ (يوليو ٢٠٢٥): ٥٩.

١٠. الدسوقي، «مصادر التهديد وفرص التعاون في البحر الأحمر»، ١٠٦.

١١. المصدر نفسه.

١٢. عبدالنبي، «محددات الرؤية الأمنية المصرية...»، ٥٩.

١٣. لە کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ڕەفتاری دەوڵەتان بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبێت: هەندێک لە دەوڵەتان لە قۆناغێکدا بەو ڕەوش و بارودۆخی هەرێمی یان نێودەوڵەتییە قایل نین و لە شێوازی دابەشکردن و تەرازوی هێز ڕازی نین، بۆیە هەوڵی گۆڕینی دەدەن، بەم جۆرە دەوڵەتانە دەگوترێت ‹‹دەوڵەتی هەموارگەرا›› (revisionist)؛ بە جۆری دووەمی دەوڵەتان دەگوترێت ‹‹دەوڵەتی باری ئارا›› (status quo). مەبەست لە دەوڵەتی باری ئارا ئەو دەوڵەتانەیە کە لە قۆناغێکدا لە شێوازی دابەشکردنی هێز لە نەزمی نێودەوڵەتیدا ڕازین، پشتیوانیی باری ئاران و ڕێگە لە گۆڕانکاری دەگرن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
Hans J. Morgenthau, Politics Among Nations: the Struggle for Power and Peace (New York: McGrew-Hill,1993), 50-55.

١٤. إليزابيث برو، وداعاً للعولمة: انقسام العالم من جديد، ت: دينا عبدالمنصف (أبو ظبي: مركز المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة، ٢٠٢٤)، ١٧.

١٥. د. أحمد مصطفى الجيزاوي، «أبعاد الاستراتيجية الأمنية المصرية في البحر الأحمر»، السياسة الدولية، ٢٤١ (يوليو ٢٠٢٥): ١١٠.

١٦. عبدالنبي، «محددات الرؤية الأمنية المصرية...»، ٥٣-٥٤.


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

١٧. وەرگیراوە لە: تقي النجار، «دوافع وتداعيات دور الحوثيين في أمن البحر الأحمر»، السياسة الدولية، ٢٤١ (يوليو ٢٠٢٥): ١٣٦.
١٨. تقي النجار، «تأثير حركة الشباب الصومالية على أمن البحر الأحمر»، أوراق السياسات الأمنية، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية (اكتوبر ٢٠٢٤): ٩.
https://spp.nauss.edu.sa/index.php/spp/article/view/138/108
١٩. برو، وداعاً للعولمة...، ٩.
٢٠. د. طارق فهمي، «المتغيرات الاقليمية في البحر الأحمر في اطار تجاذبات القوى الرئيسية»، السياسة الدولية، ٢٤١ (يوليو ٢٠٢٥): ١١٩.
٢١. د. كريم مهدي الحسناوي، المدخل الى الاقتصاد الدولي (بغداد: مطبعة التعليم العالي، ١٩٨٧)، ٤٠.
٢٢. د. محمد علي الجاسم، الاقتصاد الدولي – الكتاب الأول (بغداد: مطبعة دار الجاحظ، ١٩٧٦)، ٢٢١.
٢٣. رحيمة الفقى، «مستقبل التنافس على الممرات الملاحية الدولية»، السياسة الدولية- ملحق تحولات استراتيجية، ٢٢٥ (يوليو ٢٠٢١): ٦.
٢٤. د. سالي محمد فريد، «فرص واليات التعاون الاقتصادي في البحر الأحمر»، السياسة الدولية، ٢٤١ (يوليو ٢٠٢٥): ١٥٤.
٢٥. د. أشرف سليمان غبريال، «متطلبات حماية الأمن في البحر الأحمر»، السياسة الدولية، ٢٤١ (يوليو ٢٠٢٥): ١٣٤.
٢٦. **د. شيماء سعيد العربي**، الاضطرابات في البحر الأحمر وتأثيرها على التجارة العالمية وسلاسل الإمداد.. الواقع والتداعيات، مركز فاروس للاستشارات والدراسات الاستراتيجية (٢٠٢٤/٣/٢٧)، متاح على:
https://pharostudies.com/%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B6%D8%B7%D8%B1%D8%A7%D8%A8%D8%A7%D8%AA-%D9%81%D9%8A-%
٢٧. هجمات البحر الأحمر تهدد التجارة العالمية وتدفع نحو ارتفاع التضخم، موقع جريدة الشرق الأوسط (٢٠٢٤/١/٦)، متاح على:
https://aawsat.com/%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9

%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF/4772836-
%D9%87%D8%AC%D9%85%D8%A7%D8%AA

٢٨. لە ناوچەی بادینان وشەی «کوت و کۆم» لە بەرانبەر وشەی «جملة ومفرد»ی عەرەبیدا بەکار دەهێنن. ئێمەش وشەی «کوت»مان لەوێوە هێناوە و لە بەرانبەر «التجزئة»ی عەرەبیدا بەکارمان هێناوە، چونکە مەبەست لە «التجزئة» لێرەدا نرخی موفرەدی شمەکە.

٢٩. غبريال، «متطلبات حماية الأمن في البحر الأحمر»...، ١٣٤.

٣٠. أحمد إمبابي، «التهديدات الأمنية في باب المندب وتداعياتها على الشرق الأوسط»، السياسة الدولية ٢٣٩ (يناير ٢٠٢٥): ١٢٢.

٣١. غبريال، «متطلبات حماية الأمن في البحر الأحمر»...، ١٣٤.

٣٢. المصدر نفسه.

٣٣. المصدر نفسه، ١٣٤-١٣٥.

٣٤. برو، وداعاً للعولمة...، ١٠.

٣٥. ماڵئاوا جیهانگیری: گەڕانەوەی جیهانی دابەشبوو یاخود سەرلەنوێ دابەشبوونەوەی جیهان (Goodbye Globalization: The Return of the Divided World)؛ کتێبێکی خانمە نووسەر و توێژەری سویدی ئەلیزابێس براوە، ساڵی ٢٠٢٤ لە لایەن چاپخانەی زانکۆی یەیڵ لە وڵاتی بەریتانیا چاپ کراوە. کتێبەکە ساڵی ٢٠٢٤ مەدالیای ئاڵتوونیی خەڵاتەکانی ئەکسیۆم (AXIOM)ی بەریتانیایی لە بواری بیزنسدا پێ بەخشراوە. ڕانانێکمان بۆ کتێبەکە کردووە و بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە کتێبەکە، خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ: د. زانا کەریم، ماڵئاوا جیهانگیری: گەڕانەوەی جیهانی دابەشبوو، جۆرناڵی ئاوەز ٤ (حوزەیرانی ٢٠٢٥): ٢٩١-٣١٠.

٣٦. برو، وداعاً للعولمة...، ٩.

٣٧. المصدر نفسه، ١٠.

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

# ئایندەناسی

# جەنگی کۆریدۆرە بازرگانییەکان؛
## هەڵکشانی ململانێکان لە نێوان چین، ڕووسیا، ئێران و ڕۆژئاوا

ئەنتۆنیا کۆلیباسانو/ ئەندامی باڵا لە سەنتەری توێژینەوەی جیهانی دێلفی و شرۆڤەکاری باڵای جیۆپۆلەتیك لە Geopolitical Futures.

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: بەهرە مەهدی میکە

**سەرچاوە:**

(The Foreign Policy Research Institute (FPRI

**لینك:**

https://www.fpri.org/article/2024/12/trade-corridor-wars-china-russia-iran-west/

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ململانێ هاوچەرخەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە نێوان چەندین نەتەوە و ناوچە بە چەندین شێوازی جیاواز دەردەکەون، هەر لە شەڕە زەمینییە باوەکانەوە تا دەگاتە ئۆپەراسیۆنە ستراتیژییە گاریگەرەکان. هاوپەیمانێتییە نافەرمییەکەی نێوان چین، ئێران، ڕووسیا و لەم دواییانەشدا کۆریای باکوور، کە بە بەرەیەکی هەرێمیی کاریگەر دادەنرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی سیاسی و ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژئاوا. لە کاتێکدا کۆریای باکوور چووەتە بەرەی ڕووسیاوە لە ئۆکراین، بە ڕوونی ئەمە لە نمایشە سیاسی و سەربازییەکاندا دیارە، چین و ئێران و ڕووسیا لە نزیکەوە پێکەوە کار دەکەن بۆ بنیاتنانی سەکۆیەکی نوێی بازرگانی و وەبەرهێنان بۆ پشتیوانیکردنی ئامانجە سیاسییەکانیان.

ئەگەرچی ئێستا لە جەنگێکی جیهانیی تەواوەتیدا نین، بەڵام ناکۆکیی ئابووریی جیهانی لەئارادایە، کە بۆی هەیە سەر بکێشێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ئاشکرا. دەکرێت بوترێت سەرەتای دەستپێکردنی ئەم ناکۆکییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٢، کاتێک ڕووسیا ڕێگەی گرت لە ئۆکراین لە بەکارهێنانی کۆریدۆرە بازرگانییەکانی دەریای ڕەش و هەموو کەناڵە گرنگەکانی هەناردەکردنی بۆ بازاڕی جیهانی پەک خست، هەنگاوێک کە بە سزاکانی ڕۆژئاوا وەڵام درایەوە. لە دوو ساڵی ڕابردوودا هاوپەیمانێتیی «CIRN» کە بە «CRINK»یش ناو دەبرێت، پێک هاتووە لە چین، ئێران، ڕووسیا و لەم دواییانەشدا کۆریای باکوور بە شێوەیەکی بەرچاو توندوتۆڵتر بووە، لە کاتێکدا کۆریدۆرەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان بە شێوەیەکی ستراتیژی لە لایەن ڕۆژئاوا و دژەڕۆژئاواوە ڕێک خراونەتەوە، ئەمەش ڕەنگدەرەوەی پێداچوونەوە و دووبارە داڕشتنەوەی ئابووریی جیهانە.

من کورتکراوەی «CIRN» بە باشتر دەزانم بۆ وەسفکردنی هاوپەیمانێتییە نافەرمییەکەی نێوان چین، ئێران، ڕووسیا و کۆریا، چونکە کورتکراوەی پیتی یەکەمی سێ وڵاتە سەرەکییەکەی هاوپەیمانییەکەیە. لێرەدا پیتی «N» کورتکراوەی «Network»ە نەک «North Korea». تێوەگلانی کۆریای باکوور لە پشتیوانیی ڕووسیا لە ئۆکراین، بە ئەگەری زۆرەوە بە ڕەزامەندیی چین بوو. هێزەکانی بۆ گەیشتن بە ڕووسیا پشتیان بە کۆریدۆرەکانی گواستنەوەی چین دەبەست. واتە کۆریا

لایەنێکی سەرەکی نییە و وەک ڕێککەوتنی نێوان چین-ئێران-ڕووسیا دەبینرێت کە هاوبەشییەکی ستراتیژیی نافەرمییە، برەو دەدات بە بەرژەوەندییەکانی هەریەک لە وڵاتە هاوبەشەکان، لە هەمان کاتدا بە بەردەوامی بەرەنگاری هەژموونی ڕۆژئاوا دەبێتەوە، بە تایبەتی لە ئۆراسیادا.

ئەم هاوپەیمانێتییە نافەرمییە بە ڕوونی لە ساڵی ٢٠٢٢دا هەستی پێ کرا، کاتێک ڕووسیا بە پەکخستنی کۆریدۆرە بازرگانییە چەسپاوەکان دەستی بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئابووریی جیهانی کرد. لەو کاتەوە «CIRN» چالاکانە بەدوای کۆریدۆری جێگرەوەدا گەڕاوە بۆ کاریگەریدانان لە سەر ڕەوتی بازرگانی و سوودی لە پێگەکەی وەرگرتووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتە باڵاکەی ڕۆژئاوا بەسەر جیهاندا کە لەم دواییانەدا ڕووی لە کەمی کردووە.

شەڕی ئۆکراین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوو لێکەوتەی سەرەکیی لێ کەوتەوە: یەکەم، زیادبوونی فشار و زیانگەیاندن بە گواستنەوەی بازرگانیی دەریایی. نەک تەنها تێچووی گواستنەوەی نێودەوڵەتی و بیمە بەرز بووەتەوە کە بووەتە هۆی هەڵئاوسان، بەڵکوو ئەگەرێکیش هەیە کە ململانێکان هەڕەشە لە هێڵە دەرییاییە کراوە و ئازادەکان بکەن، ئەمەش کێشە و گۆڕانکاری بۆ کۆریدۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دروست دەکات. دووەم و لێکەوتەی هەرە گرنگ لە دوو لێکەوتە سەرەکییەکەی ململانێ ئاڵۆزەکە، بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییەکانیان لە سەر ئابووریی جیهان، بریتییە لە پێناسەکردنەوەی کۆریدۆرە بازرگانییە وشکانییەکان، چونکە هاتوچۆی بار لە کۆریدۆرە کۆنەکانی ئۆراسیاوە لە ساڵی (٢٠٢٢)ەوە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە.

سەرکەوتنی ئەم تێڕوانینە دەکەوێتەوە سەر ڕۆژئاوا و بە تایبەتی توانای ئەمەریکا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵۆزییەکان لە ئەنجامی یەکگرتنە نافەرمییەکەی نێوان چین، ئێران، ڕووسیا و بە هاوکاریی کۆریای باکوور و هەروەها دانانی ستراتیژی کاریگەر بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی پێویست.

کۆریدۆری باکوور، یان پردی وشکانیی نوێی ئۆراسیا، هەر لە کۆنەوە وەک شادەماری سەرەکیی گواستنەوە کار دەکات کە ئاسیا و ئەورووپا بەیەکەوە

دەبەستێتەوە. ئەم سیستمە هێڵی ئاسنینی نێوان کیشوەرەکانە، لە چینەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو کازاخستان، ڕووسیا و بیلاڕووسیا و کۆمەڵێ شوێن بەیەکەوە دەبەستێتەوە بە هۆی بوونی هێڵی ئاسنینی یەکگرتوو و هەروەها لێهاتوویی لە ڕێکخستنەکاندا لە ژێر چاودێریی ڕێکخراوی هاوکاریی هێڵە ئاسنینەکان. ئەم ستانداردە تەکنیکییە گونجاوانە و هەماهەنگیی میکانیزمەکانی حوکمڕانی، لە ڕووی مێژووییەوە گرنگیی ستراتیژیی کۆریدۆرەکەیان لە گواستنەوەی بازرگانیی ئۆراسیادا پتەو کردووە. بەڵام جەنگی ئۆکراین بووە هۆی سەپاندنی سزاکان و دروستبوونی جۆرێک لە نادڵنیایی، کە بووە هۆی کەمبوونەوەی گواستنەوە بە ڕێرەوەکەدا بە شێوەیەکی بەرچاو. لە ساڵی ٢٠٢٣دا قەبارەی گواستنەوە بەرەو ڕۆژئاوا لە سەر ئەم کۆریدۆرە بە بەراورد بە ساڵی پێشوو بە ڕێژەی لە سەددا ٥١ کەمتر بوو، هەروەها قەبارەی گواستنەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ چین لە سەددا ٤٤ لە خوار ئاستەکانی ساڵی (٢٠٢٢)ەوەوە بوو.

لە ئەنجامدا هەردوو کۆریدۆری باشوور (کە لە چینەوە دەست پێ دەکات، بە ئاسیای ناوەڕاست، ئێران و تورکیادا تێدەپەڕێت تا دەگات بە دەریای ناوەڕاست و ئەورووپا) و کۆریدۆری ناوەڕاست (کە لە چینەوە دەست پێ دەکات، بە کازاخستان، دەریای قەزوین، ئازەربایجان، گورجستان، تورکیا و دەریای ڕەشدا تێدەپەڕێت)؛ کۆریدۆری بازرگانیی گرنگن لە نێوان ئەورووپا و چیندا و هێڵی سەرەکیی گواستنەوە و بازرگانیی جیهانن. لە کاتێکدا چین چەندین کۆریدۆری بازرگانیی خۆی گۆڕیوە، ڕووسیا لە ساڵی (٢٠٢٢)ەوە هەوڵەکانی بۆ کاراکردنی کۆریدۆری گواستنەوەی نێودەوڵەتیی باکوور-باشوور (INSTC) خێراتر کردووە، کە بەندەرەکانی باکووری ڕووسیا و ئێران لە ڕێگەی قەوقاز و دەریای قەزوینەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەروەها ‹‹INSTC›› ڕێگایەکی کورتتر و کەم تێچووترە بە بەراورد بە کۆریدۆرە باوەکانی تری وەک نۆکەندی سوێس.

ئەگەر سەرنج بدەینە جوگرافیای ئەم کۆریدۆرانە، دەکرێت چەند شتێک تێبینی بکرێت. یەکەم، تورکیا وەک خاڵێکی هاوبەش دەبینرێت بۆ کۆریدۆری ناوەڕاست و کۆریدۆری باشوور. دووەم، هەر چەندە یەکێک لە لقەکانی کۆریدۆری ناوەڕاست؛

تورکیا لەخۆ ناگرێت و پشت بە دەریای ڕەشی کراوە و ئازاد دەبەستێت، بەڵام کۆریدۆری ناوەڕاست و باشوور بەشێکی گرنگن لە پلانە ستراتیژییەکەی چین کە لە ساڵی (٢٠١٣)وە کاری لە سەر دەکات بۆ بەستنەوەی ئاسیا و ئەورووپا و ئەفەریقا. سێیەم، ئێران لە چوارڕێیانی پەڕینەوەی باشوور و ‹‹INSTC››یە.

هەروەها، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەماهەنگییەی نێوان ئەندامانی ‹‹CIRN››، بۆی هەیە تاران هاوکاریی ڕووسیا و چین بکات لە بنیاتنانی کۆریدۆری باکوور-باشوور و بەشدار بێت لەو کۆریدۆرە ستراتیژییەی کە چین بە پشتێنە و ڕێگەی ئاوریشم ناوی دەبات و هەوڵی دروستکردنی دەدات. لە بنەڕەتدا ئێران چەندین ساڵ پێش ٢٠٢٢ بەدوای دامەزراندنی تۆڕ و سیستمی بازرگانیی هاوتەریبدا گەڕاوە، ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی خۆی کە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەندێک وڵاتی تری ڕۆژئاواوە سزا دراوە بە هۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەیەوە.

لە هاوینی ٢٠٢٤دا، مۆسکۆ و تاران ئامادە بوون نزیکەی ٢٥ ملیار دۆلار بخەنە وەبەرهێنانەوە بۆ پەرەپێدانی کۆریدۆرە ئاوییە ناوخۆییەکان و هێڵە ئاسنینەکان بۆ بەستنەوەی سەینت پیتەرسبێرگ بە بەندەرەکانی چابەهار و بەندەر عەباسەوە. هەر لەم کاتەدا بوو ئێران یەکەم شەمەندەفەری بارهەڵگری بەرەو چین بەڕێ کرد، بە بەشێک دادەنرێت لە ڕێرەوی هێڵی ئاسنی چین-ئێران-ئەورووپا. لە ڕێگەیدا بۆ چین، شەمەندەفەرە ئێرانییەکە بە کازاخستان و تورکمانستاندا تێدەپەڕێت، کە بەشێکە لە پڕۆژەی ڕێرەوی باشوور.

بەم پێیە ئێران دەبێتە ئەڵقەیەکی پەیوەندیی لە هاوپەیمانێتییە نافەرمییەکەی ‹‹CIRN››، ئەمەش بناغەی پەیوەندییەکان پتەوتر دەکات، وا دەکات هەر چوار وڵاتە هاوپەیمانەکە کاریگەرتر بەرەنگاری ڕۆژئاوا ببنەوە. ئەگەرچی دەکرێت وەک کاردانەوەیەکی ڕووسیا بۆ سزاکانی ڕۆژئاوا و ئامرازێک بۆ چین ببینرێت تا لەبەر هۆکاری ئابووری لە هاوکاریکردن لەگەڵ ڕووسیا بەردەوام بێت، بەڵام وەبەرهێنان لە ڕێرەوە بازرگانییە نوێکان ئامانجێکی ستراتیژیی درێژخایەنی هەیە. خستنەگەڕ و سەرخستنی ئەم کۆریدۆرانە تەنها واتای دروستکردنی کۆریدۆری نوێ نییە، بەڵکوو

پرۆسەیەکە بۆ جیابوونەوەیان لە ڕۆژئاوا و لەم نێوەندەشدا زەمینە دەسازێنێت بۆ هاوبەشیی فرەلایەنە و وڵاتانی تر هان دەدات بۆ ئەوەی پەیوەندییان پێوە بکەن.

تورکیا لە ساڵی (٢٠١٨)ەوە بە ئاشکرا ئارەزوومەند بووە بچێتە ڕیزەکانی گرووپی بریکس (BRICS). لەو ساڵەدا هەنگاوێکی نا کە مەبەست لێی دەرخستنی هێزی هەرێمیی وڵاتەکە بوو لەگەڵ ڕێبازە فرەڕەهەندەکەی لە سیاسەتی دەرەوەدا. لەم دواییانەشدا، لە ئەیلوولی ٢٠٢٤دا، ڕاپۆرتەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە تورکیا بە فەرمی داواکاریی پێشکەش کردووە، بەڵام هیچ پشتڕاستکردنەوەیەکی فەرمی لەئارادا نەبوو.

لە هەمان کاتدا تورکیا و چین لێک نزیکتر بوونەتەوە، ئەوەش لەگەڵ پەرەسەندنی بازرگانی و وەبەرهێنانی دووقۆڵی و زیاتربوونی سەردانی سەرانی باڵا لە ساڵانی ڕابردوودا. جگە لەوەش، ڕێککەوتنە چینییەکە کە لە کۆسکۆ پاسیفیک، چین مێرچانتس هۆڵدینگس ئینتەرناشناڵ و سی ئای سی کاپیتەڵ پێک هاتووە، لە ساڵی ٢٠١٥دا لە سەددا ٦٥ی پشکەکانی کومپۆرتی بەدەست هێنا، ئەمەش بە گرنگترین وەبەرهێنانی چینی دادەنرێت لە یەکێک لە بەندەرەکانی دەریای ڕەشی تورکیا، کە ئەوکات بەشێک بوو لە دەستپێشخەرییەکان بۆ دروستکردنی پشتێنەکەی چین و ئێستا چالاکانە بەشێکە لە کۆریدۆری ناوەڕاست.

سیاسەتی پاراستنی هاوسەنگیی ستراتیژی لە لایەن تورکیاوە لە نێوان ڕووسیا، چین و ڕۆژئاوا و هەڵکەوتەکەی لە سەر کۆریدۆرە بازرگانییە گرنگەکانی ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا، دەرئەنجامی گرنگی هەیە بۆ کۆریدۆرە جێگرەوەکان. تورکیا دەتوانێت توانای ئەم کۆریدۆرانە بەهێز بکات لە ئاسانکردنی شەپۆلە بازرگانییە ناڕۆژئاواییەکان، ئەمەش لەگەڵ ئامانجەکانی «CIRN»دا یەک دەگرێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییە ئاڵۆزەکەی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان، تورکیا پەیوەندییە لەمێژینەکانی لەگەڵ ڕووسیا و پەیوەندییە بەهێزەکەی ئێستای لەگەڵ چین بەکار هێناوە بۆ پیشاندانی کاریگەریی ستراتیژیی خۆی لە لای واشنتن. بە دوورکەوتنەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئۆراسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەنقەرە وەک لاوازبوونی ئەمەریکا لە ناوچەکە لێکی دەداتەوە، بە دەرفەتی

دەزانێت تا پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین و ڕووسیا بەکار بهێنێت بۆ بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی و لە پاڵیشیدا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هاوتەریب دەمێنێتەوە لەگەڵ هێزە بەهێزەکانی ناوچەکە.

لە دەریای ڕەشدا تورکیا تەنها نییە لە پێشوازیی وەبەرهێنانەکانی چیندا کە ئامانجیان پەرەپێدانی ڕێڕەوە بازرگانییەکانە. لە ساڵانی ڕابردوودا چین شوێنپێی ئابووریی خۆی لە جۆرجیا داکوتیوە، ئەوەش لە ڕێگەی پێشینەدان بەو پرۆژە ستراتیژیانەی کە کاریگەریی هەرێمیی گرنگیان هەیە. لە ئایاری ٢٠٢٤دا، کۆنسۆرسیۆمێک بە سەرکردایەتیی چین گرێبەستی پەرەپێدانی بەندەری ئاوە قووڵەکانی ئاناکلیای لە کەناراوەکانی دەریای ڕەشی جۆرجیا واژۆ کرد، پرۆژەیەک کە ڕۆڵی جۆرجیا بەهێز دەکات لە کۆریدۆری ناوەڕاست و هەروەها پشتێنە ستراتیژییەکەی چین و ڕێگە بنەڕەتییەکەی چین. لە پاڵ ئەمەدا، کۆمپانیا چینییەکان چەندین پرۆژەی گەورەیان دەست پێ کردووە، وەک دروستکردنی تونێلی کڤێشێتی-کۆبی، کە گەورەترینە لە جۆرجیا و وڵاتەکە زیاتر تێکەڵ بە تۆڕی بازرگانیی گەشەسەندووی ئۆراسیای چین دەکات. ئەم هەوڵانە جەخت لە بەرژەوەندیی ستراتیژیی چین دەکەنەوە لە دیاریکردنی پێگەی جۆرجیا وەک ناوەندێکی گرنگی گواستنەوە، کە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ئامانجە فراوانەکانی چین لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی و جێدەستی لە سەرانسەری ئۆراسیادا.

مەبەستی چین لە فراوانکردنی کۆریدۆرە بازرگانییەکانی ئۆراسیا تەنها بۆ دروستکردنی کۆریدۆری نوێ نییە، بەڵکوو دەیەوێت دڵنیایی بدات کە توانای ڕکابەریی ڕۆتینەکانی تری هەیە و بۆ گوێزەرەوەکانیش سەرنجڕاکێشە. هەڵسەنگاندنی توانای ڕکابەریی ئەم کۆریدۆرانە گرنگە بۆ ئەوەی بزانین کامیان بۆ نێوان ئاسیا-ئەورووپا گونجاوترن. لە لێکۆڵینەوەیەکی تەمووزی ٢٠٢٤، هەڵسەنگاندن کراوە بۆ کۆریدۆرە جیاوازەکان. دەرەنجامەکان ئەوەیان دەرخست کە کۆریدۆرە دەریاییە کۆنەکە لە پێشەنگدایە بە ڕێژەی ڕکابەریی ٠.٧٢٠٣ (لە سەر پێوەرێک لە ٠ بۆ ١). بەدوای ئەمدا کۆریدۆری ترانس-سیبیریا دێت بە ڕێژەی ٠.٤٠٥٦، دواتر کۆریدۆرەکانی ناوەڕاست و باشوور کە ژمارەیان لە یەکەوە نزیکە و ڕێژەیان ٠.٢٨٦٤ و ٠.٢٦٦٢یە.

بۆ بەرەنگاربوونەوەی چین و هاوپەیمانێتییە نافەرمییەکەی «CIRN» کە هەوڵ دەدەن بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتیان بەسەر ئۆراسیادا و کار دەکەن بۆ دارِشتنەوەی دینامیکی بازرگانیی جیهان لە ڕێگەی ڕێرەوەکانی وەک کۆریدۆری باکوور-باشوور، کە ڕووسیا پەرەی پێ دەدات و تۆڕەکانی ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا دەبەستێتەوە بە کۆریدۆرە دەریاوانییە جیهانییەکانەوە، ئەوا پێویستە ڕۆژئاوا بە چالاکی کار بکات بۆ بەهێزکردنی خۆی لە سەر ئەم کۆریدۆرە ستراتیژییانە. بەدەستهێنانی ئەمەش تەنها بە زیادکردنی وەبەرهێنانەکانی لەم کۆریدۆرانەدا ناکرێت، بەڵکوو پێویستە بە شێوەیەکی ستراتیژییش گرنگی بدرێت بەو کۆریدۆرانەی کە کەمتر لە ژێر کاریگەری و مەترسیی هەژموونی «CIRN»دان. وەبەرهێنان لەم کۆریدۆرانەدا قازانجێکی بەهێزی دەبێت، نەک تەنها لەبەر ئەوەی پاساوێکی بازرگانیی ڕوون هەیە بۆ جێگرەوەکانی کۆریدۆری باکوور کە بە ئەگەری زۆرەوە بە کەمی بەکار دەهێنرێن، بەو پێیەی تەنانەت دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئۆکراینیش، تێکەڵبوونەوەی ڕووسیا بە بازرگانیی ئەورووپا ڕووبەڕووی کێشەی گەورە دەبێتەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە وەبەرهێنانی لەو شێوەیە دەسەڵات دەدات بە ڕۆژئاوا کە دەسەڵاتی خۆی لە کاتی گۆڕانکارییە خێراکاندا بپارێزێت و دڵنیایی دەدات لە دارِشتنی هاوسەنگیی کۆریدۆرە ئابووری و بازرگانییە جیهانییەکاندا.

لە ڕووی جیۆستراتیژییەوە چین دەکەوێتە نێوەندی هەموو ئەو کۆریدۆرە بازرگانییانەی کە ئاسیا بەیەکەوە دەبەستنەوە، ئەمەش وادەکات دەکات «CIRN» پێویستی بە هاوکاریی ڕۆژئاوا نەبێت لە دروستکردنی کۆریدۆرە جێگرەوەکاندا، بە جۆرێک کە لە ئێران لا بدەن و پشتبەستن بە تورکیاش سنووردار بکەن. ڕێبازەکەی تورکیا کە بریتییە لە هاوسەنگیی ڕاگرتنی نێوان هاوپەیمانەکان و پێشینەدان بە دەستکەوتە خێراکان، وای کردووە زیاتر لە چین نزیک بێتەوە، هێندێک جار لەگەڵ ڕووسیا سازش بکات، ئەمەش جۆرێک لە نادڵنیایی دێنێتە ئاراوە. دەکرێت ئەورووپا بەرگەی ئەم ناڕوونییە بگرێت، بەو پێیەی کاریگەریی کردەوەکانی هاوپەیمانێتییەکەی «CIRN» لە سەر کۆریدۆرە بازرگانییە جیهانییەکانی کەمتر لە سەرە، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان ناتوانێت هیچ نەرمییەک بنوێنێت، لەبەر ئەوەی پشت بە کارکردنی

کۆریدۆرە دەریاییە جیهانییەکان دەبەستێت کە یەکێکە لە پێویستییە جیۆپۆلەتیکییە سەرەکییەکانی. بۆیە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئاگادار بێت و ڕێگری لە هەر گۆڕانکارییەک بکات کە لەوانەیە «CIRN» لە هاوکێشە بازرگانییەکانی ئێستادا بیهێنێتە کایەوە.

خاڵی بەیەکگەیشتنی کۆریدۆری باکوور-باشووری ڕووسیا و کۆریدۆرەکانی ناوەڕاست و باشوور، کە چین دەسەڵاتی خۆی تیایاندا فراوان دەکات، نەک تەنها بۆ ئۆراسیا کێشە دروست دەکات، بەڵکوو بۆ تەواوی سیستمی بازرگانیی نێودەوڵەتییش. بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجە درێژخایەنە ڕاگەیەنراوەکەی چین و ڕووسیا بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ڕۆژئاوا لە بازاڕە جیهانییەکاندا، بناغەی دیزاینکردنی ئەم کۆریدۆرانە بە جۆرێکن کە بە ئاڕاستەی ئەو ئامانجە کار بکەن. ئەگەرچی بۆ مەودای کورت یان مامناوەند دانەنراون، بەڵام ئەگەر ئەم کۆریدۆرە نوێیانە ڕێسایەک جێگیر بکەن کە نۆرمە باوەکانی ئێستای کەشتیوانیی کراوە و ئازاد؛ لاواز بکات، کە لە ئێستادا لە لایەن ڕۆژئاواوە دەپارێزرێن، ئەوا کاریگەرییەکەی لە سەر بازرگانیی جیهان دەردەکەوێت.

بۆیە ئەگەری هەیە ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان بەدوای ڕێگەچارەدا بگەڕێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی هاوپەیمانێتیی «CIRN » لە ئۆراسیادا، لەوانەش لێکۆڵینەوەی ورد لە پەرەسەندنی کۆریدۆرە بازرگانییەکانی ئێستا. کۆریدۆری ناوەڕاست دوو جۆری هەیە: یەکێکیان لە ڕێگەی تورکیا و دەریای ناوەڕاستەوە دەگاتە ئەورووپا، ئەوی دیکەیان لە ڕێگەی دەریای ڕەشەوە بە ئەورووپاوە دەبەسترێتەوە و دەگاتە بەندەرەکانی ڕۆمانیا و بولگاریا. لە پاڵ کۆریدۆری باشووردا، دەکرێت ئەم کۆریدۆرانە وەک کۆریدۆری ناوەڕاستی «A» و «B» پۆلێن بکرێن، لەگەڵ بەراوردکارییەک کە تیشک دەخاتە سەر ئەو هەرێم و وڵاتانەی پێیدا تێدەپەڕن. ئەم شیکارییە دەریدەخات کە گونجاوترین کۆریدۆری ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژئاوا، لە ڕووی کۆنترۆڵ و کەمترین ئاڵۆزییەوە بریتییە لە کۆریدۆری ناوەڕاستی «B». ئەم کۆریدۆرە لە چینەوە درێژ دەبێتەوە بە ناو ئاسیای ناوەڕاست و قەوقازدا، پاشان بە ناو دەریای ڕەشدا ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو ئەورووپا، ڕێگەیەکە جێی متمانەیە و

مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان تێیدا کەم کراونەتەوە.

ئەو جۆرە کۆریدۆری بازرگانییەی کە لە ئێران و تورکیا لا دەدات؛ بە دەریای ڕەشدا تێدەپەڕێت، کە ناوچەیەکە لە ئێستادا مەترسیی ململانێی لە سەرە. ئامانجی ستراتیژیی ڕووسیا بۆ کۆنترۆڵکردنی کەناراوەکانی باشووری ئۆکراین کە بە هۆی زیادبوونی هێرشەکان بۆ سەر بەندەری ئۆدێسا لە مانگەکانی ڕابردوودا جەختی لێ کراوەتەوە، نیگەرانییەکانی سەر ئەم کۆریدۆرەی زیاتر کردووە. ئەگەرچی لە ئێستادا کۆریدۆری ناوەڕاست کەمێک زیاتر توانای ڕکابەریی هەیە بە بەراورد بە کۆریدۆری باشوور بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای گواستنەوەی هەمەجۆر، بەڵام پشتیوانییە بەردەوامەکەی ڕۆژئاوا بۆ وەبەرهێنان دەتوانێت زیاتر شیاوی بکات. لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوە هەیە لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە و لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی ئۆکراین بە شێوەیەک کە لە بەرژەوەندیی ڕۆژئاوادا بێت، دەریای ڕەش بگەڕێتەوە دۆخی دەریایی کراوە و ئازاد، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکان بۆ ڕێگەدان بە تێپەڕبوونی بازرگانی.

هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بۆ پەرەپێدانی کۆریدۆری ناوەڕاست و برەودان بە «ئاسیای ناوەڕاستی کراوە» کە لە دەرەوەی چین و ڕووسیا وەبەرهێنان دەکات، لە ئێستاوە دەرەنجامەکانی دەرکەوتوون. ستراتیژیی یەکێتیی ئەورووپا بۆ ئاسیای ناوەڕاست و بەشداریکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پرۆژەکانی پێکەوەبەستنی هەرێمیدا، ڕۆڵیان هەبووە لە بڕیارەکەی کازاخستان بۆ نەچوونە ناو بریکس (BRICS) لە ساڵی ٢٠٢٤دا و لە بریی ئەوە جەخت لە گەشەی ئابووریی خۆی بکاتەوە. لە بەرامبەردا هاوکاریی هەرێمیی ڕۆژئاوا بە بێ سیاسەتی ئاشکرای هاوپەیمانی، بە باشی لەگەڵ هەڵوێستی سەربەخۆی سیاسەتی دەرەوەی کازاخستاندا دەگونجێت. کازاخستان ئارەزووی بۆ دەستپێشخەری «دەروازەی جیهانی»ی یەکێتیی ئەورووپا نیشان داوە کە ژێرخانی پرۆژەکان پارەدار دەکات، ئەمەش نیشانەی پێشوازییە بە ڕووی ئەو گەشەسەندنەی کە لە لایەن ڕۆژئاواوە پشتیوانی دەکرێت.

پەرەپێدانی کۆریدۆری ناوەڕاستی ‹‹B››، ئەو کۆریدۆرەی لە ڕێگەی دەریای ڕەشەوە دەگاتە ئەورووپا، دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە ببینێت لە هێشتنەوەی

قەوقازی باشوور بە کراوەیی بە ڕووی گەشتەکانی ڕۆژئاوادا، سەرەڕای هاوپەیمانییەکەشی لەگەڵ ڕووسیا و چین. ئەم توانایەش لە سەر دوو هۆکار وەستاوە:

یەکەم: تا ئەو کاتەی ئاسیای ناوەڕاست، بە تایبەتی کازاخستان، هاوکاریی ڕۆژئاوا دەکات لە دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەکاندا، قەوقازی باشوور لەم کراوەییە سوودمەند دەبێت. دووەم: فراوانکردنی کۆریدۆری ناوەڕاستی «B» لەگەڵ «هێڵی گەمارۆدان»ی ڕۆژئاوادا یەک دەگرێتەوە کە لە دەریای بەڵتیکەوە درێژ دەبێتەوە بۆ دەریای ڕەش و دەریای ئەدریاتیک. ئەم یەکگرتنە ستراتیژییە کە بە ڕەوتە گرنگەکەی سێ دەریاکەش ناسراوە، ئامانجی ئەوەیە پەرە بە وەبەرهێنان بدات بۆ هەردوو مەبەستی ئابووری و سەربازی. لەوەتەی جەنگی ئۆکرانیاش دەستی پێ کردووە، گرنگییەکەی زیاتر بووە.

ئەم گرنگییە ستراتیژییە لە ئێستاوە پەرەی بە وەبەرهێنانی داوە لە بەندەرە سەرەکییەکانی وەک گدانسک و کۆنستانتا، لەگەڵ پەرەپێدانی هێڵێکی پەیوەندیی ئاسنین لە نێوانیاندا. لە ئایندەدا دەکرێت ئەم هەوڵانە ببە هۆی گۆڕینی ڕووباری دانووب بۆ کۆریدۆرێکی بازرگانی لە پاڵ بەکارهێنانی بۆ مەبەستی سەربازی. لە هەمان کاتدا، ڤیا کارپاسیا، کە ڕێگای خێرای نێوان نەتەوەکانە و دەریای بەڵتیک بە دەریاکانی ئیجە و ڕەشەوە دەبەستێتەوە بۆ بەهێزکردنی گواستنەوەی باکوور-باشوور و بازرگانیی هەرێمی، وەک کۆریدۆری سەرەکی بۆ سێ دەریاکە دەمێنێتەوە. ئەگەرچی زۆرێک لە پڕۆژەکان پارە لە یەکێتیی ئەورووپا وەردەگرن، بەڵام لە هەمان کاتدا وەبەرهێنانی بەرچاوی کەرتی تایبەت ڕادەکێشن، ئەمەش ئەو بیرۆکەیە دەچەسپێنێت کە داهاتی وەبەرهێنان تێیاندا بەرزترە لە زۆربەی پڕۆژە کلاسیکییەکانی دیکە.

سەرکەوتنی ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە بەندە بە توانای ڕۆژئاواوە، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە تێگەیشتن لەو کێشانەی کە لە ئەنجامی هاوپەیمانێتییە نافەرمییەکەی «CIRN»، چین، ئێران، ڕووسیا و پشتیوانیی کۆریای باکوور دروست دەبن، هەروەها بەندە بە داڕشتنی ستراتیژیی کاریگەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان. لە

بنەڕەتدا بەشێکی زۆری ئەمە لە سەر ئەوە وەستاوە کە ئایا دەریای ڕەش وەک ناوچەیەکی دەریاوانی و دەستپێکەیشتوو دەمێنێتەوە یان نا؟ ئەگەر ململانێکان لە ئۆکراین لە مانگەکانی داهاتوودا پەرە بسێنن و ڕووسیا دەست بەسەر بەشێکی زیاتری کەناراوەکانی ئۆکرایینادا بگرێت، ئەوا بۆی هەیە دەریای ڕەش ڕەوشێکی ستراتیژیی نوێ بەخۆیەوە ببینێت کە زۆر جیاواز دەبێت لەو سیناریۆیەی تێیدا ڕووسیا ناچار بە کشانەوە دەکرێت و ڕێگە بە ئۆکراین دەدات ناوچەی ئابووریی تایبەتیی خۆی لەوێ وەربگرێتەوە. لە حاڵەتی یەکەمدا هاوپەیمانێتییەکە (CIRN) نەک تەنها خاک بەدەست دەهێنن، بەڵکوو کاریگەریی بەهێزتریشیان دەبێت لە سەر پێناسەکردنی کۆریدۆرە بازرگانییە «ئازاد و کراوەکان»، ئەمەش کاریگەریی دەبێت بۆ بازرگانیی دەریاوانی لە ناوچەکە و سەرانسەری جیهانیشدا.

# کۆریدۆری هیندستان-ئەورووپا:

## داهاتوویەکی نادیار لە نێوان هاوکاری و کێبڕکێدا

**حەسا عەبدوڵڵا ئەلنوعەیمی/ توێژەر لە ئەنیستیتۆی ترێندز**

**وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: نەورۆز محەمەد عبدولڕەحمان**

**سەرچاوە:**

تریندز للبحوث و الاستشارات (TRENDS Research & Advisory)

**لینک:**

https://trendsresearch.org/insight/future-scenarios-for-imec/?srsltid=AfmBOoqhsGzP٥٤D٥nXLauAg١qPB-UX٤PO_-iGUQFJXjEn٠jhwvguUECj

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە ساڵانی ڕابردوودا جیهان ناچار کراوە بیر بکاتەوە کە چۆن کاڵا و وزە و بیرۆکەکان بەسەر سنوورەکاندا جووڵە دەکەن. پەتای کۆڤید-١٩، شەڕی ئۆکراین و ناسەقامگیری لە دەریای سوور، هەموویان ئەوەیان سەلماندووە کە کۆریدۆرە بازرگانییەکان ئیتر تەنها پەیوەست نین بە ئابوورییەوە، بەڵکوو دەربارەی بەرگەگرتن و کاریگەری و مانەوەن. بۆ هیندستان و ئەورووپا، ئەم هەستکردنە گرۆتینێکی زیاتری دەربارەی دروستکردنی کۆریدۆری تایبەتی هیندستان-ئەورووپا دروست کردووە، کە بتوانێت هەردوو هەرێم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر و سەلامەتتر بەیەکەوە ببەستێتەوە. پێشنیارەکە کە لە کۆڕی «G20»ی ساڵی ٢٠٢٣دا ئاشکرا کراوە، کۆریدۆری ئابووریی هیندستان-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەورووپا (IMEC)؛ سەرنجی جیهانی ڕاکێشا، بەڵێن درا بە دروستکردنی تۆڕێکی یەکگرتووی بەندەرەکان و شەمەندەفەرەکان و بۆریی نەوت و شەقامە دیجیتاڵییەکان کە لە مومبایەوە دەگاتە دەریای ناوەڕاست.

بەڵام گۆڕینی ئەم دیدگایە بۆ ڕاستی، ئاڵۆزە. هیند پێشتر پابەندبوونی خۆی ڕاگەیاندووە بۆ دروستکردنی بەندەرێکی قووڵ بە نرخی ٩ ملیار دۆلار، ئەمە لە کاتێکدا کۆمپانیاکانی وەک «AM Green» بناغە بۆ کۆریدۆرێکی سووتەمەنیی هاوڕێی ژینگە (سەوز) دادەنێن بە نرخی ١ ملیار دۆلار لەگەڵ بەندەری ڕۆتەردامی ئەورووپا. پاڵپشتیی سیاسییش لە گەشەدایە: دەستگرتنی سەرۆکوەزیران نارێندرا مۆدی بە قوبروس، ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە تەنانەت دەوڵەتە بچووکەکانی ئەورووپاش بەشێک دەبن لەم پرۆژە هەماهەنگییەدا. بۆ ئەورووپا گرینگیی پرۆژەکە لە هەمان ئاستدایە. لە درێژەی هەوڵەکاندا بۆ «کەمکردنەوەی مەترسی» لە چین، کۆریدۆرەکە ڕێگایەک پێشنیار دەکات بۆ لەنگەراندنی هیندستان بە شێوەیەکی بەهێزتر لە ستراتیژی ئابووریی درێژخایەنی ئەورووپا. لە هەمان کاتدا دەوڵەتەکانی کەنداو، کە لە ناوەڕاستی جوگرافیی ئەم تۆڕەدا جێگیرن، کۆریدۆرەکە وەک دەرفەتێک دەبینن بۆ پارێزگاری لە پێگەی بازرگانییان لە داهاتوودا و بەهێزکردنی ڕۆڵیان وەک گرێدەرە سەرەکییەکانی جیهانی.

هەر کۆریدۆرێکی سەرەکی لە ڕێگەی بەرژەوەندیی کێبڕکێکار و نادیاریی

جیۆپۆلەتیکییەوە شێوەی پێ دەبەخشرێت. ناسەقامگیریی هەرێمی و پڕۆژە لێکچووەکان وەک دەستپێشخەریی کەمەربەند و ڕێگای چین (BRI)، لە هەمان کاتدا گۆڕانی هۆکارەکانی گواستنەوەی وزەی جیهانی، هەموویان دەتوانن پێشکەوتنەکان ئاڵۆز بکەن. کەواتە پرسیارەکە ئەوە نییە کە «ئایا کۆریدۆری هیندستان-ئەورووپا گرنگە؟»، بە ڕوونی گرنگە، بەڵام ئایا چ شێوەیەک وەردەگرێت. ئەم تێڕوانینە دۆزینەوەی سیناریۆ پێشبینیکراوەکانە بۆ کۆریدۆرەکە و ئەوەی کە چی دەردەخەن دەربارەی دینامیکی گۆڕانی هێز و پەیوەندیی جیهانی.

## گرنگیی ستراتیژی کۆریدۆرەکە

کۆریدۆری هیندستان-ئەورووپا زیاتر لە کۆمەڵێک ڕێگای بازرگانی لەخۆ دەگرێت، ئەو هەوڵە هاوبەشە دەردەخات بۆ پێناسەکردنەوەی چۆنیەتیی پەیوەندیکردنی هەرێمەکان لە جیهانێکی فرەجەمسەریدا.

بۆ هیندستان؛ کۆریدۆرەکە دەرفەتێک بۆ جۆراوجۆرکردنی هاوبەشییە ئابوورییەکان و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە هەر بازاڕێکی تایبەت دەڕەخسێنێت. ئەمە لە کاتێکدایە پێشتریش ئەورووپا یەکێک بووە لە گەورەترین هاوبەشە بازرگانییەکانی هیند، بەڵام کۆریدۆرەکە دەتوانێت دەستگەیشتنێکی خێراتر و متمانەپێکراوتر دابین بکات بۆ بازاڕە پێشکەوتووەکان لە بوارەکانی تەکنەلۆژیا و دەرمانسازی و وزەی نوێبووەوە و وەبەرهێنانی بەهای بەرز، کە سەرەڕای بەرزکردنەوەی بڕی بازرگانی؛ پێگەی جیۆپۆلەتیکیی هیند بەهێز دەکات. هاوکات بە پەیوەندیکردنی فیزیکیی خۆی بە ڕۆژئاوا، هیند وێنەی خۆی وەک پردێک لە نێوان ئاسیا و ئەورووپادا بەهێز دەکات و ڕۆڵێکی گەورەتر لە کاروباری جیهانیدا دەگێڕێت.

بۆ ئەورووپا، کۆریدۆرەکە لە ساتێکی گرنگدا دێتە ئاراوە. پاڵنەری یەکێتیی ئەورووپی بۆ «کەمکردنەوەی مەترسی» لە چین، هیندی کردووەتە هاوبەشێکی بەنرختر بۆ زنجیرەی دابینکردنی سەلامەتی و هاوکاریی دیجیتاڵی. بە هۆی هەبوونی خواستێکی بەرفراوانی بەکاربەر و بەهێزی بواری تەکنەلۆژیا و بەرفراوانکردنی توانای وزەی نوێبووەوە،

وای کردووە هیندستان بە نزیکی لەگەڵ ئامانجە ئابووری و ژینگەییە درێژخایەنەکانی ئەورووپا ببەستێتەوە. هەروەها کۆریدۆرەکە پارێزگاریی گواستنەوەی ئەورووپا بۆ دۆستی ژینگە (سەوز) دەکات، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی وزەی سووتەمەنیی پاک، هەروەک چۆن لەم دواییانە و لە هەماهەنگیی کۆریدۆرێکی سووتەمەنیی هاوڕێی ژینگەدا هیند بە ڕۆتەردامەوە بەسترایەوە. لە ڕێگەی ئەم جۆرە دەستپێشخەرییانەوە، پڕۆژەکە نەک تەنها دەربارەی پەیوەندیکردن دەبێت، بەڵکوو توانای بەرگەگرتن و کێبڕکێ لە گۆڕانی داواکاریی جیهانیدا دەخاتە ڕوو.

وڵاتانی کەنداو پێگەیەکی ناوەندی لەم تۆڕە پەرەسەندووەدا داگیر دەکەن. هەڵکەوتە جوگرافییە ستراتیژییەکەیان دەیانکاتە ناوەندی گواستنەوەی بنەڕەتی و دانەبڕاو، لە کاتێکدا پلانەکانیان بۆ هەمەچەشنکردنی ئابووری؛ هاندەری بەهێز بۆ بەشداریکردن دروست دەکەن[١٠].

بەشداریکردن لەم کۆریدۆرەدا سوودی بەرچاو دەبەخشێت، وەک وەبەرهێنان لە ژێرخان و فراوانکردنی کەرتی لۆجستی و دەستگەیشتن بە هاوبەشیی نوێی وزە، هاوکات بەهایەکی مەعنەوییشی هەیە کە وەک ئەکتەری سەرەکی لە بازرگانیی جیهانی لە داهاتوودا جێگیریان دەکات.

لە کۆتاییدا کۆریدۆرەکە هەڵگری گرنگییەکی مەعنەوییە، بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک جێگرەوەیەکی فرەجەمسەر بۆ دەستپێشخەریی «پشتێن و ڕێگا»ی چین (BRI) سەیر دەکرێت[١١].

لە کاتێکدا «BRI» ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەتەوە بە هۆی دروستکردنی وابەستەیی و چەسپاندنی هەژموون، کۆریدۆری هیندستان-ئەورووپا دیدگایەکی جیاواز دەخاتە ڕوو، دیدگایەک کە لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و پەرەپێدانی هەرەوەزی بنیات نراوە. لەم سۆنگەیەوە، دەروازەکە تەنها بریتی نییە لە بەیەکەوەبەستنی بەندەر و بۆرییەکان، بەڵکوو بریتییە لە داڕشتنەوەی جیهانگیری لە ڕێگەی هاوکارییەوە نەک کۆنترۆڵکردن.

## پەرەسەندن و جووڵەکان لە ئێستادا

کۆریدۆری هیندستان-ئەورووپا قۆناغی گفتوگۆ تیۆرییەکانی تێپەڕاندووە، ئێستا خەریکە لە ڕێگەی وەبەرهێنانی بەرچاو و هەماهەنگیی سیاسییەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. پابەندبوونی پەرەسەندووی هیندستان بە بەرزکردنەوەی توانای ژێرخانی خۆی؛ خاڵی جەوهەریی ئەم پێشکەوتنەیە. لە حوزەیرانی ٢٠٢٤دا، نیودەلهی پڕۆژەی دروستکردنی بەندەرێکی قووڵی ئاوی بە بەهای ٩ ملیار دۆلار لە «ڤاداڤان» پەسەند کرد. بڕیارە بەندەرەکە گەورەترین کەشتییە کۆنتێنەرەکانی جیهان لەخۆ بگرێت، ئەمەش هیندستان وەک رکابەرێکی گرنگ لە بازرگانیی دەریایی جیهانیدا جێگیر دەکات[١٢]. نیودەلهی جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیندستان وەک یاریزانێکی سەرەکی لە زنجیرەکانی دابینکاریی جیهانیدا جێگیر بکات. ئەم پەرەسەندنە شانبەشانی باشترکردنی بەردەوامی کۆریدۆرە لۆجستییەکان و تۆڕەکانی گواستنەوەی کاڵا؛ بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستییە.

هاوکاری لە بواری وزەدا وەک لایەنێکی گرنگی پێشکەوتن دەرکەوتووە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥دا، کۆمپانیای «AM Green» پلانی خۆی بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ بەندەری ڕۆتەردام ڕاگەیاند بە مەبەستی دامەزراندنی کۆریدۆرێکی سووتەمەنیی دۆستی ژینگە (سەوز) کە هیندستان و ئەورووپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بەهای ئەم هاوبەشییە یەک ملیار دۆلار بوو[١٣]. ئەم پڕۆژەیە پشتگیری لە ئامانجەکانی ئاووهەوای هەردوو هەرێمەکە دەکات: ئەورووپا ئامانجی ئەوەیە زیاتر دۆستی ژینگە بێت، لە کاتێکدا هیندستان هەوڵ دەدات خۆی وەک هەناردەکارێکی پێشەنگی سووتەمەنییە نوێبووەکان، وەک ئەمۆنیا و هایدرۆجینی سەوز، بسەلمێنێت. ئەمە نیشانی دەدات کە پەیوەندییە بازرگانییەکان تا دێت زیاتر گرێ دەدرێن بە بەردەوامیی «هاوڕێی ژینگە» و تەکنەلۆژیا تازەکانەوە.

پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هیندستان و ئەورووپا بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێزتر بوون. ئەنجوومەنی بازرگانی و تەکنەلۆژیای یەکێتیی ئەورووپا و هیندستان (TTC) بە فەرمی ڕایگەیاندووە کە هەردوو لا هاوکاری دەکەن لە سیاسەتی دیجیتاڵی و وزەی پاک و بەهێزکردنی خۆڕاگریی زنجیرەی دابینکردن[١٤]. هەوڵە دیپلۆماسییەکانی

سەرۆکوەزیران نەیندرە مۆدی بەرامبەر قوبرس؛ ئاماژەیە بۆ خواستی هیندستان بۆ دروستکردنی هاوبەشی لە دەرەوەی تەنها ئابوورییە گەورەکانی ئەورووپا. ئامانج لێی تێکەڵکردنی وڵاتە بچووکەکانە کە خاوەنی پێگەی ستراتیژین لە چوارچێوەی دەروازەکەدا.[١٥]

لە ئاستی هەرێمییشدا جووڵەکان لە گەشەکردندان. سەرکردەکان لە هەرێمی پەنجاب، کە دەکەوێتە باکووری هیندستان، پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە ویلایەتەکە ببێتە «کۆریدۆری هیندستان بەرەو ئۆراسیا». ئەوان جەخت لە گرنگیی هێڵی ئاسن و ڕێگاوبان دەکەنەوە بۆ بەهێزکردنی بەستەرە دەریاییەکان[١٦]. پڕۆژە نیشتمانی و هەرێمییەکان ئەوە دەردەخەن کە دەروازەکە خەریکە دەبێتە واقیع و وردە وردە لە ڕێگەی هاوکاری لە ژێرخان و وزە و سیاسەتدا بنیات دەنرێت.

## ئاڵنگاری و مەترسییەکان

سەرەڕای ئەوەی هیوا هەیە بۆ کۆریدۆری هیندستان-ئەورووپا، بەڵام بەردەوامییەکەی لە مەودای دووردا هێشتا لێڵە. پڕۆژەکە لە دەیەی داهاتوودا ڕووبەڕووی چەندین کۆسپ دەبێتەوە، لەوانە ناسەقامگیریی سیاسی و سنووردراربوونی ئابووری. چارەسەرکردنی ئەم کێشانە ڕەنگە بڕیار لە سەر ئەوە بدات کە ئایا سەرکەوتنێکی جیهانیی گەورە بەدەست دەهێنێت، یان تەنها وەک ئاواتێکی بەدینەهاتوو دەمێنێتەوە

جیهان لە ئێستادا ڕووبەڕووی ناسەقامگیری بووەتەوە، کە وەک کێشەی سەرەکی و هەرە گرنگ دەمێنێتەوە. کۆریدۆرەکە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێدەپەڕێت، کە ناوچەیەکی گرنگە بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان، هەر چەندە ڕووبەڕووی ناسەقامگیریی سیاسیی بەرچاو دەبێتەوە. ئەم ناوچەیە ساڵانێکی زۆرە لە ژێر کاریگەریی ململانێ و گۆڕانی هاوپەیمانێتییەکان و کێشەکانی پەیوەست بە دابینکردنی وزەدایە[١٧]. ئەگەر گرژییەکان لە کەنداو و شام یان دەریای سووردا پەرە بسێنن، کۆریدۆرەکانی دەروازەکە دەکەونە مەترسییەوە. سەرکەوتنی پڕۆژەکە تەنها پشت بە ژێرخان نابەستێت، بەڵکوو بەندە بە دیپلۆماسیی کاریگەر و پاراستنی ئاشتی لە ناوچەکەدا.

کێبڕکێی ستراتیژی ئاڵۆزییەکی دیکە بۆ دۆخەکە زیاد دەکات. دەستپێشخەریی «BRI»ی چین هێشتا وەک ئامرازێکی کاریگەر دەمێنێتەوە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە جیهانییەکان لە نێوان گەلاندا. سەرچاوەی دارایی زەبەلاحی بۆ تەرخان کراوە و ژێرخانێکی گەورەی لە سەرانسەری ئاسیا و ئەفەریقا و ئەورووپا بنیات ناوە[١٨]. هیندستان بژاردەی ئەوەی هەیە لە ڕێگەی ئێران و دەریای قەزوینەوە بگاتە ئەورووپا بە بەکارهێنانی دەروازەی گواستنەوەی نێودەوڵەتیی باکوور-باشووری ڕووسیا .[١٩] (INSTC)پێویستە کۆریدۆری هیندستان-ئەورووپا تیشک بخاتە سەر سوودە تایبەتەکانی خۆی، وەک کراوەیی و بەردەوامی و هاوبەشیی دادپەروەرانەی ڕاستەقینە، لە جیاتیی لاساییکردنەوەی مۆدێلەکانی وابەستەیی کە لە دەستپێشخەرییە جیهانییەکانی دیکەدا ڕەخنەیان لێ دەگیرێت.

پشتیوانیی سیاسی ناتوانێت گومانە ئابوورییەکان نەهێڵێت. پرۆژە گەورەکانی ژێرخان پێویستیان بە پشتیوانیی دارایی بەردەوام و دڵسۆزیی بەکۆمەڵ هەیە. زۆرێک لە لایەنەکان کێشەی دابەشکردنی خەرجییەکان و بەڕێوەبردنی قەرز، یان چاوەڕوانیی جێبەجێکردنی وەبەرهێنەرانیان هەیە[٢٠]. هیندستان و ئەورووپا بەردەوامن لە پشتیوانیکردنی سیاسەتی پارێزگاریی بازرگانی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد (FTA) کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوان دەکرێت، کاتی زیاتری دەوێت بۆ کۆتاییپێهێنان. ئەم ڕێککەوتنە دەتوانێت دەروازەکە بکاتە دەرفەتێکی ئابووریی ڕاستەقینە لە جیاتیی تەنها بیرۆکەیەکی دیپلۆماسی[٢١]. ئەگەر ئەمە ڕوو نەدات، پێشکەوتن تەنها لە چوارچێوەی تیۆریدا دەمێنێتەوە، کە ئەمەش ڕاکێشانی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت بۆ کۆریدۆرەکە سەختتر دەکات.

لە کۆتاییدا گۆڕانی وزە؛ چینێکی جیاواز لە گومان دەهێنێتە کایەوە. کۆریدۆری سووتەمەنیی هاوڕێی ژینگە (سەوز) بە بەهای یەک ملیار دۆلار کە هیندستان و ڕۆتەردام بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش پێشکەوتنێکی بەرچاوە و نیشاندەری توانای پێکەوە هەڵکردنی بازرگانی و پاراستنی ژینگەیە[٢٢]. خێرایی بازاڕە جیهانییەکان لە بەکارهێنانی وزەی نوێبووەوە؛ بڕیار لە سەر سەرکەوتنی دەدات. ئەگەر خواست لە

سەر سووتەمەنیی سەوز کەمتر بێت لەوەی پێشبینی کراوە، ڕەنگە ئەم پڕۆژانە بەو شێوەیە سەرکەوتوو نەبن کە مەبەست بوو، کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژێرخانێکی گرنگ بە کەمتر لە توانای خۆی بەکار بهێنرێت.

ئایندەی کۆریدۆرەکە بەندە بە فاکتەرگەلێکەوە کە لە بەندەر و بۆرییەکان تێدەپەڕن. سیاسەت و ڕای گشتی کاریگەریی گەورەیان لە سەر ئەنجامەکە دەبێت. ئاڵنگاریی ڕاستەقینە تەنها لە دروستکردنی کۆریدۆرەکەدا نییە لە نێوان هیندستان و ئەورووپا، بەڵکوو لە بەردەوامبوونی کارکردنیدایە لە ناوەڕاستی گۆڕانکارییە سیاسییەکان و کێشە ئابوورییەکان و پێویستیی بەپەلە بۆ ئایندەیەکی سەقامگیرتر.

## سیناریۆکانی ئاینده

ئایندەی کۆریدۆری هیندستان-ئەورووپا نادیارە. وەک هەموو پڕۆژە گەورەکانی بەیەکەوەبەستن، ئەمەش دەکەوێتە سەر بژاردە سیاسییەکان و قەیرانە دەرەکییەکان و توانای لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ خۆگونجاندن. سێ سیناریۆ وەک باشترین ڕێگە دەردەکەون بۆ تێگەیشتن لە کۆریدۆرەکانی داهاتوو. هەر یەکێکیان چیرۆکێکی جیاواز نیشان دەدات دەربارەی ئەوەی دە ساڵی داهاتوو چۆن دەبێت.

### سیناریۆی یەکەم: لێکنزیکبوونەوەی ستراتیژی

لە باشترین دۆخی ئایندەدا، سیاسەت و ئابووری بەیەکەوە کار دەکەن. ئەگەر هیندستان و یەکێتیی ئەوروپا دواجار لە سەر ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد ڕێک بکەون کە ساڵانێکە گفتوگۆی لە سەر دەکرێت، ئەمە پاڵنەرێکی گەورە بە بازرگانی و وەبەرهێنان دەبەخشێت[٢٣]. لە ژێر ئەم سیناریۆیەدا، کۆریدۆری «IMEC» دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە: کەشتییەکان لە بەندەرە ئاوییە قووڵە نوێیەکەی هیندستان لە «ڤادافان» لەنگەر دەگرن، سووتەمەنیی سەوز لە ڕێگەی ڕۆتەردامەوە دەگوازرێتەوە و وڵاتانی کەنداو دەبنە ناوەندی وزەی نوێبووەوە و دیجیتاڵی[٢٤]. لەم جیهانەدا دەروازەکە تەنها بریتی نییە لە ژێرخان، بەڵکوو سیمبولی متمانە و ئامانجی هاوبەشە. ئەمە نیشانی دەدات کە هیندستان دەبێتە دابینکەرێکی جیهانی بۆ کاڵا و وزە و خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان، لە

کاتێکدا بۆ ئەورووپا هەنگاوێکە بەرەو زنجیرەی دابینکردنی پارێزراوتر. وڵاتانی کەنداو ئابوورییەکەیان دەبووژێننەوە لە ڕێگەی زیادبوونی قەبارەی بازرگانی، هەروەها پێگەی جیهانییان وەک بەستەری بازرگانی بەهێزتر دەکەن.[٢٥]

**سیناریۆی دووەم: کێبڕکێیەک کە باش ڕێک نەخراوە**

ڕەنگە ڕووداوەکان بە ئاڕاستەیەکی جیاواز و تاریکتردا بڕۆن. بە لەبەرچاوگرتنی ناسەقامگیریی سیاسیی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوەندە سەرەکییەکانی گواستنەوە ڕەنگە کەمتر جێی متمانە بن[٢٦]. لە هەمان کاتدا، پرۆژەی «BRI»ی چین و «INSTC»ی ڕووسیا وەک گرنگترین پرۆژەکان لە ناوچەکەدا دەمێننەوە[٢٧]. کۆریدۆری هیندستان-ئەورووپا، هەروەک تێکەڵەیەک لە پرۆژەی تەواونەکراو و ڕاگەیاندنی سیمبولی دەمێنێتەوە. ئەورووپا بێزار دەبێت لە خاویی گفتوگۆکانی ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد (FTA)و هیندستانیش تیشک دەخاتە سەر کاروباری خۆی. دەروازەکە هێشتا دەمێنێت، بەڵام زیاتر وەک مانشێتی هەواڵ دەبێت نەک تۆڕێکی کارا. لە جیاتیی ئەوەی هەرێمەکان بەیەکەوە گرێ بدات، دەریدەخات کە بیرۆکە گەورەکان چەندە لاوازن لە جیهانێکدا کە هەمیشە لە گۆڕاندایە.

**سیناریۆی سێیەم: خۆڕاگرییەک کە بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت**

ئەگەری زۆرە ئایندە لە شوێنێکدا بێت لە نێوان دوو سیناریۆکەی سەرەوە. دەروازەکە بەرەوپێش دەچێت، هەر چەندە کۆریدۆرێکی ڕاست پەیڕەو ناکات. پەرەسەندنی ئەرێنی لەئارادایە: کۆریدۆری سووتەمەنیی هاوڕێی ژینگە دەکەوێتە کار، بەندەرەکان باشتر دەبن و هاوبەشییە تەکنەلۆژییەکان بەهێزتر دەبن[٢٨]. بەڵام کێشەی سیاسی یان دارایی دەبێتە هۆی دواکەوتن لە هەندێک ناوچەدا. هیندستان و ئەورووپا کەلێنەکان بە شێوازی جیاواز پڕ دەکەنەوە. بۆ نموونە؛ کۆریدۆری «INSTC» کە بە ئێراندا تێدەپەڕێت، یان تەنانەت هێڵەکانی گواستنەوە لە جەمسەری باکوور کە بە هۆی گۆڕانی ئاووهەواوە کراونەتەوە[٢٩]. ئەنجامەکە ڕێگایەکی ساف و بێ کێشە نییە لە مومبایەوە بۆ دەریای ناوەڕاست، بەڵکوو تۆڕێکی مەتاتییە کە خۆڕاگری دەخاتە پێش خێراییەوە. ڕەنگە وەک ئەو پلانە گەورەیە دەرنەکەوێت کە سەرەتا بیری لێ کرایەوە، بەڵام نیشانی دەدات کە بازرگانیی جیهانی لە ئێستادا چەندە ئاڵۆز و مەتاتییە.

## دەرئەنجام

کۆریدۆری هیندستان-ئەورووپا تەنها دەستپێشخەرییەکی بازرگانی نییە، بەڵکوو هەوڵێکی بوێرانەیە بۆ گۆڕینی شێوازی کارکردنی جیهان. ئەم پڕۆژەیە ئاسیا و کەنداو و ئەورووپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە نیشانەیەکە بۆ ئومێدی جیهانێک کە تیایدا هیچ زلهێزێک بە تەنها کۆنترۆڵی ناکات. گرنگیی پڕۆژەکە هەم لەوەدایە کە خەڵک بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە و هەم لەوەدایە کە کاڵا و وزە و دەیتا بە سنوورەکاندا دەگوازێتەوە.[٣٠]

بەڵام ڕێگای بەردەممان هێشتا نارِوونە. سەرکەوتنی دەروازەکە بەندە بە ئیرادەی سیاسی لە نیودەلهی و برۆکسل و پایتەختی وڵاتانی کەنداو، هەروەها سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە مێژوویەکی هەیە لە شۆک و ململانێکان[٣١]. وەبەرهێنانی درێژخایەن لە پیشەسازییە سەوز و دیجیتاڵییەکان بە هەمان ئەندازە گرنگە بۆ ئەوەی دەروازەکە نوێنەرایەتیی ئایندەی بازرگانی بکات نەک ڕابردوو[٣٢]. ئەگەر ئەم بەشانە بەیەکەوە کۆ ببنەوە، دەستپێشخەرییەکە ڕەنگە جیهانگیری بە شێوەیەک بگۆڕێت کە دادپەروەرتر و بەهێزتر بێت.

لە کۆتاییدا، کۆریدۆری هیندستان-ئەورووپا وەک تاقیکردنەوەیەکە بۆ سەردەمی ئێمە. چاودێران دەپرسن: «ئایا جیهانگیریی فرەجەمسەر دەکرێت لە سەر بنەمای متمانە و کارکردن بەیەکەوە بنیات بنرێت، یان بە هۆی کێبڕکێ و بیرۆکە جیاوازەکانەوە لێک هەڵدەوەشێتەوە؟»، وەڵامەکە تەنها چارەنووسی ئەم کۆریدۆرە دیاری ناکات، بەڵکوو سروشتی بنەڕەتیی پەیوەندییە جیهانییەکان لە دەیەکانی داهاتوودا دەستنیشان دەکات.[٣٣]

## سەرچاوەکان:

[1] The White House, Memorandum of Understanding on the Principles of an India–Middle East–Europe Economic Corridor, September 9, 2023, https://bidenwhitehouse.archives.gov/briefing-room/statements-releases/2023/09/09/memorandum-of-understanding-on-the-principles-of-an-india-middle-east-europe-economic-corridor/.

[2] "India Approves $9-Billion Port to Boost Trade with Europe," Reuters, June 19, 2024, https://www.reuters.com/world/india/india-approves-9-billion-port-boost-trade-with-europe-2024-06-19/.; "AM Green Partners Rotterdam Port to Build $1 Bn Green Fuel Corridor from India to Europe," The Economic Times, January 25, 2025.

[3] "India and Cyprus to Step up Defense, Maritime and Cybersecurity Cooperation, Indian PM Says," AP News, September 9, 2024, https://apnews.com/article/cyprus-india-defense-cybersecurity-maritime-modi-imec-22f6e19d-4a4554e9867473ed10a10324.

[4] European Parliament, "EU-India Strategic Partnership: A Roadmap to 2025," 2020,https://www.europarl.europa.eu/cmsdata/240671/EU-India-roadmap-2025.pdf.

[5] Jyoti Vij, "India-Middle East-Europe Economic Corridor: A New Global Binding Force," Gulf News, July 19, 2025, https://gulfnews.com/opinion/op-eds/india-middle-east-europe-economic-corridor-a-new-global-binding-force-1.500203227.

[6] European Parliament, "EU-India Strategic Partnership: A Roadmap to 2025."

[7] Shairee Malhotra, "A New EU-India Strategic Agenda in 2025," Observer Research Foundation, February 20, 2025, https://www.orfonline.org/research/a-new-eu-india-strategic-agenda-in-2025.

[8] European Parliament Research Service, India's Connectivity Initiatives: A multi-faceted strategy, 2024, https://www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

BRIE/2024/762471/EPRS_BRI%282024%29762471_EN.pdf.

[9] "AM Green Partners Rotterdam Port to Build $1 Bn Green Fuel Corridor from India to Europe," The Economic Times, January 25, 2025, https://economictimes.indiatimes.com/industry/renewables/am-green-partners-rotterdam-port-to-build-1-bn-green-fuel-corridor-from-india-to-europe/articleshow/121413687.cms.

[10] Jyoti Vij, "India-Middle East-Europe Economic Corridor: A New Global Binding Force."

[11] Alberto Rizzi, "The Infinite Connection: How to Make the India-Middle East-Europe Economic Corridor Happen," European Council on Foreign Relations (ECFR), April 23, 2024, https://ecfr.eu/publication/the-infinite-connection-how-to-make-the-india-middle-east-europe-economic-corridor-happen/.

[12] "India Approves $9-Billion Port to Boost Trade with Europe."

[13] "AM Green Partners Rotterdam Port to Build $1 Bn Green Fuel Corridor from India to Europe."

[14] Rajat Kathuria and Amaia Sánchez-Cacicedo "Tapping into the Momentum: The EU-India Trade and Technology Council," Heinrich Böll Stiftung, May 2025, https://www.boell.de/sites/default/files/2025-06/tapping-into-the-momentum-the-eu-india-trade-and-technology-council.pdf.

[15] "India and Cyprus to Step up Defense, Maritime and Cybersecurity Cooperation, Indian PM Says."

[16] "Bajwa Bats for Repositioning Punjab as India's Gateway to Eurasia," The Times of India, September 28, 2025, https://timesofindia.indiatimes.com/city/chandigarh/bajwa-bats-for-repositioning-punjab-as-indias-gateway-to-eurasia/articleshow/124195225.cms.

[17] Alberto Rizzi, "The Infinite Connection: How to Make the India-Middle East-Europe Economic Corridor Happen."

[18] "The Belt and Road Initiative at Ten: A Reality Check," Chatham House, October 2023, https://www.chathamhouse.org/2023/10/belt-and-road-initia-

tive-ten-reality-check.

[19] United Nations ESCAP, "International North–South Transport Corridor: Opportunities and Challenges," 2023, https://www.unescap.org.

[20] World Bank, "Reshaping Global Value Chains in a New Era of Reshoring," 2023, https://www.worldbank.org/en/topic/trade/publication/reshaping-global-value-chains.

[21] European Parliament Research Service, "India's Connectivity Initiatives: A multi-faceted strategy."

[22] Ibid.

[23] European Parliament, "EU-India Strategic Partnership: A Roadmap to 2025."

[24] "India Approves $9-Billion Port to Boost Trade with Europe."; "AM Green Partners Rotterdam Port to Build $1 Bn Green Fuel Corridor from India to Europe."

[25] Jyoti Vij, "India-Middle East-Europe Economic Corridor: A New Global Binding Force."

[26] Alberto Rizzi, "The Infinite Connection: How to Make the India-Middle East-Europe Economic Corridor Happen."

[27] "The Belt and Road Initiative at Ten: A Reality Check."; United Nations ESCAP, "International North–South Transport Corridor: Opportunities and Challenges."

[28] Alberto Rizzi, "The Infinite Connection: How to Make the India-Middle East-Europe Economic Corridor Happen."

[29] World Bank, "Reshaping Global Value Chains in a New Era of Reshoring."

[30] The White House, Memorandum of Understanding on the Principles of an India–Middle East–Europe Economic Corridor.

[31] Alberto Rizzi, "The Infinite Connection: How to Make the India-Middle East-Europe Economic Corridor Happen."

[32] "AM Green Partners Rotterdam Port to Build $1 Bn Green Fuel Corridor from India to Europe."

[33] World Bank, "Reshaping Global Value Chains in a New Era of Reshoring."


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

راپۆرتی ئایندەیی

ئایندەناسی

# لە ڕێگەی ئاوریشمییەوە

## بۆ ڕێگای دیجیتاڵی و شەڕی مایکرۆچیپس

## شاڕێیەکانی دیپلۆماسی و سیستمی نوێی جیهانی

ئامادەکردن: سەنگەر ڕەسووڵ

توێژەر لە ئابووریی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

لە ئێستادا جیهان ئەزموونی شەڕی دووەمی سارد دەکات، هەر چەندە شەڕی ساردی یەکەم زیاتر پەیوەست بوو بە پێشبڕکێی ئەتۆم و چەک، بەڵام لە ڤێرژنی دووەمیدا شەڕی سارد لە چەک و ئەتۆمەوە پەڕیوەتە دروستکردنی ڕێڕەوەکان و بەدەستخستنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو. لەو چوارچێوەیەی شەڕی دووەمی ساردیشدا، چین لە ساڵی ٢٠١٣دا بە ڕاگەیاندنی پڕۆژەی دروستکردنی ڕێگای ئاوریشمی سەرنجی جیهانی بۆ لای گرنگیی دیپلۆماسیەت و جیۆپۆلەتیکی ڕێڕەوەکانی ڕاکێشا. لە بەرامبەریشدا، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بە شێوەیەک لە شێوەکان دژ بە مەرام و ئەجێندا شارەواکانی پشت ئەو پڕۆژەی ڕێگای ئاوریشمی دەستیان بە جووڵە کرد، لە دەرئەنجامیشدا نەک پڕۆژەکە سارد و خاو نەبوویەوە، بەڵکوو فراوانتر و کاریگەرتر خۆی لە چوارچێوەی سیستمی ئابووری و بازرگانیی جیهانی بەیان کرد و پەڕییەوە بۆ ململانێی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانیش. لەو نێوەندەشدا جوگرافیای وڵاتانی مامناوەند بوونە مەیدانێک بۆ یەکلاکردنەوەی پڕۆژەی زلهێزەکان

و ئەمەش بووە هۆی لەدایکبوونی ژمارەیەک ڕێڕەوی ئەلتەرناتیف تاوەکوو بتوانرێت لە داهاتوودا وەکوو کارتێک لە گەمە سیاسی و دیپلۆماسی و ئابوورییەکاندا بەکار بهێنرێن. ئەمەش وەکوو ڕێگای گەشەپێدانی عێراقی، ڕێگای داوودی ئیسرائیلی و ڕێگای هیندستان-ڕووسیا بۆ ئەورووپا. دروستبوون و کەوتنەکار و کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێڕەوانە ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت لە سیستمی نوێ و داهاتووی جیهانیدا کە ئێستا لە ژانی لەدایکبووندایە. بۆیە ئەم لێکۆڵینەوە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری و ستراتیژیەتەکانی بەکارهێنانی ئەو ڕێرەوە دیپلۆماسییانە، هەم لە بواری ئابووری و بازرگانی و هەمیش لە جیۆسیاسی و ململانێکانی داهاتوودا.

## ڕێگا وەکوو سەرەداوی دەوڵەمەندبوون

چینییەکان وتەیەکی باویان هەیە: «دەتەوێت دەوڵەمەند بیت؟ یەکەم جار ڕێگاکان دروست بکە و بونیاد بنێ!» ئەمەش دەرئەنجامی ئەو ڕیفۆرم و ستراتیژیەتانەی لە دوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی ١٩٧٨ بەدواوە لەو وڵاتە دەستی پێ کرد و بە پێی توێژینەوەکان و چاودێریکردنی لێکۆڵەرانی ئابووری دەرکەوت، کە پێکەوەبەستی گوند و شارۆچکە بەربڵاوەکانی سەرزەوییە فراوانەکانی چین بە شارێیەکان، نەک بووە هۆکارێک بۆ کارئاسانیی هاتوچۆ و گواستنەوە، بەڵکوو داهاتی دەوڵەت و خەڵکیشی زیاد کرد و هەلی کاری زیاتریشی ڕەخساند. بۆیە ئەم وانەیەی بونیادنانی ڕێگا و کۆکردنەوەی سامان بۆ چینییەکان بەس بوو کە چۆن بیکەنە چەکێکی دیپلۆماسی لە ڕێی زیندووکردنەوەی ڕێگای دێرین و کۆنی پێکبەستنەوەی چین بە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا بکەنە ستراتیژیەتێکی مۆدێرن بۆ سەردەمێکی چاوەڕوانکراوی نوێ. بۆیە لە ساڵی ٢٠١٣دا چین پڕۆژە زەبەلاحەکەی ڕێگای ئاوریشمی لە ژێر دروشمی «یەک پشتێنە و یەک ڕێگا» ڕادەگەیێنێت.

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردووشدا، هاوشان لەگەڵ پڕۆژەی چین بۆ بونیادنانەوەی ڕێگای ئاوریشمی، ستراتیژیەتی زلهێزە جیهانییەکانیش گۆڕدرا و چیدیکە قەتیس نەما لە چوارچێوەی بلۆکی کۆنی سەربازی، بەڵکوو دیقەت و پرسیارەکان کەوتە سەر ئەوەی کێ ڕێگاکە دروست دەکات؟ لە ژێر کۆنترۆڵی کام لایەن دەبێت؟ لە چ سەرچاوەیەکەوە فەند و پشتگیریی دارایی دەکرێت؟ پێکبەستنەوە و دیزاینی نێتۆرکەکانی ڕێگاکان لە

دەسەڵاتی کێدا دەبێت؟ بە تایبەتییش ژێرخانە پێویستییەکان و هێڵە ئەلکترۆنییەکان و داهات چۆن ڕێک دەخرێن و کۆنترۆڵ دەکرێن؟

لە ئەنجامی وروژاندنی ئەو پرسیارانەوە دەردەکەوێت بە هۆی سروشتی سەربەخۆیی میکانیکی کارکردنی ڕێڕەوەکان، ژێرخانی دیجیتاڵی و ئەلکترۆنییەکەیەوە، بە هۆی لینکەکانی سەرچاوەی کاڵاکان (Supply-Chain linkage)، ئەوا هەژموون و باڵادەستی چیتر بە تەنها لە ڕێی دیپلۆماسیەت و هێزەوە بەدەست نایەت، بەڵکوو لە ڕێی کاڵا و شمەک و پێدانی قەرز و ستانداردەکانی بەرهەمەکانەوە ڕەسم دەکرێت. بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو جیۆپۆلەتیکەی تەونی جاڵجاڵۆکەییە یاخود تێرمی باوی جیۆپۆلەتیکی پێکبەستنەوەیی (Geopolitics of connectivity) و ڕێگای ئاوریشمی و ڕێڕەوەکانی دیکەی ئەلتەرناتیڤ لە هیندستانەوە بۆ بەندەری فاو و حەیفا و تا نۆکەندی سوێس-گرنگ و پێویستین بۆ ئەوەی لێی هەڵێنجین کامە هێز دەبێتە براوەی دەیەکانی داهاتوو، کامە هێزیش خراپ دەکەوێتە سەر زەوی-، لێرەدا مەبەست دەوڵەت و هێزێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو سیستم و ستراتیژیەتەکانە بۆ ئیدارەدانی دیبلۆماسیەتی شاڕێ و ڕێڕەوەکان.

لەو سیستمی جیۆپۆلەتیکی تەونی جاڵجاڵۆکەییەدا کە لە ئێستادا ڕوو دەدات، هەر قازانج و بونیادنان نییە، بەڵکوو شێوەی شمشێری دوو سەر؛ مەترسی و داڕمانیش بوونی هەیە. بۆ زۆرێک لە گەلان بونیادنانی ژێرخانی ڕێگاوبان دەبێتە سەرچاوەی بارگرانی و کەوتنە ژێر باری قەرزی زۆروزەوەند و لە هەندێک باریشدا لەدەستدانی سەربەخۆیی و یاخود پشتبەستن بە سەرچاوەی دەرەکی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، ئەمەش بە ڕوونی ئەزموون کرا کاتێک لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی چینەوە ژمارەیەک وڵاتانی ئەفەریقی و ئەورووپی لە ڕێی دروستکردن و بونیادنانی وەک هێڵی شەمەندەفەر و بەندەرەکان کەوتنە ژێر باری کۆمەڵێک کۆتوبەندی کۆمپانیا و لایەنی جێبەجێکار و قەرزدەری چینییەوە، کە دواتر لە فەرهەنگی سیاسیی ڕۆژئاوا-ئەورووپییەکان بە «تەڵەی قەرز» ناو نرا. بۆ تێگەیشتن لە بەها و قازانج، لە بەرامبەریشدا کێشە و زیانەکانی ئەو دیپلۆماسیەتە مۆدێرنەی ڕێڕەوەکان، ئەم توێژینەوەیە چەند پرسیار و

ئارگومێنتێک شەنوکەو دەکات بۆ تێگەیشتن لە وێناکردنی داهاتووی سیستمی نوێی جیهانی کە بەڕێوەیە و ئەم لێکۆڵینەوەیەش بۆ ڕوونکردنەوەی گۆمی شێلوی ئێستای پێکدادانی زلهێزە جیهانییەکانە نەک بۆ پەسندکردن و پشتگیریکردنی لایەنێک دژ بە لایەکی دی.

## ڕێڕەوەکانی دیپلۆماسی لە چاویلکەی ڕێگای ئاوریشمی و تەڵەی قەرز

لە زۆر کۆنەوە ڕێگای ئاوریشمی ڕێڕەوی ئابووری و کولتووری بووە، چ لە ڕێگای وشکانی و چ لە ڕێ ئاوییەکانیشی. بۆیە چاینا دەیەوێت ئەو شەرعیەتە و پێگە مێژووییەی ڕێڕەوەکە هەیەتی، لە سەردەمی تازە و مۆدێرندا، نەک تەنها لە ڕووی ئابووری و کولتوورییەوە، لە ڕێگەی بونیادنانی شەقام و ئۆتۆبان و بەندەر و هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر و تەنانەت بۆرییەکانیش، بکاتە ئامرازێک بۆ باڵادەستی و بەکارخستنی دیپلۆماسیەت و جیۆپۆلەتیک و ببێتە بنەمایەک بۆ ژێرخانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی

چونکە ڕێگەی ئاوریشمی بە تەنها شتومەک و کاڵا ناگوازێتەوە، لەگەڵیدا هەژموون و باڵادەستی، کاریگەربوونی هێزی نەرم و بەهێزکردنی پەیوەندیی دوولایەنە و بڵاوبوونەوەی زیاتری کولتووری و تێکەڵبوون دروست دەکات و ئەمەش زۆر جار لە گرێبەستێکی ئابووریدا ڕەنگ ناداتەوە ئەگەر ڕێڕەوێک بوونی نەبێت. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو ڕێگا ئاوریشمە مۆدێرنەی ئەمڕۆ لەچاو کۆنەکە ئەوەیە کە لە مێژووی خۆیدا ڕێگای ئاوریشمی زیاتر لامەرکەزیەت-ناناوەندی بەڕێوە چووە، بەڵام لە ستراتیژیەتی ئێستایدا کە چاینا دروستی دەکاتەوە، زیاتر ناوەندی و یەک ئیدارەیی بەڕێوەبردن کە سەرچاوەکەی دەوڵەتی چین دەبێت؛ بەسەریدا زاڵ دەبێت. جگە لەوەش، بە هۆی فراوانبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و قەبارەی داهاتەکان و خەرجییەکان و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، هەر لایەنێک دەسەڵاتی بەسەر ڕێڕەوەکەدا ڕەها بێت، ئەوا هەژموون و کاریگەرییەکەی لەچاو کۆنترۆڵکردنی ڕێگای ئاوریشمی کۆن زۆر زێدەتر و کاریگەرترە. بۆیە دەتوانین بڵێین: ڕێگای ئاوریشمی سەرچاوەی یەکەم و گرنگی دیپلۆماسیەتی ڕێڕەوەکانە کە بووەتە یەکێک لە پایە گرنگەکانی جیۆپۆلەتیکی جیهانی ئەمڕۆ و سەردەمەکە بۆ نەخشاندنی وێنەی داهاتووی سیستمی جیهانی.

## سیحری تەڵە و داوی قەرز لە جیۆپۆلەتیکی مۆدێرن

پەندێکی کۆنی چینی هەیە دەڵێت: «لە جۆری تەڵە و داونانەوەکە مەترسە، بەڵکوو لەو شتە بترسە کە بۆت دانراوە بیخۆیت یا بیبەیت»، مەبەستی ئەوەیە چۆلەکەکە یان تەنانەت مرۆڤیش بە هۆی زیرەکی و ئالۆزیی تەڵەکەوە نییە تێدەکەوێت، بەڵکوو ئارەزوو و تەماحی ئەو شتەیە کە لە چوارچێوەی تەڵەکە بە هەرزانی و سانایی بۆی دانراوە تا ڕایبکێشێت. لە سەردەمی ئەمڕۆشدا قەرزدەری نێودەوڵەتی لە هەر لایەکەوە بێت کۆمەڵێک مەرج و ڕێوشوێنی ئەو دەوڵەتە یان ئەو بانکە نێودەوڵەتییە بەسەر داواکاری قەرزدا دەسەپێنێت کە مامەڵەکە بە پێی جۆری شوێن و باری دارایی وەرگر و قەرزدەر دەگۆڕدرێت.

لەو چوارچێوەیەشدا ژمارەیەک لەو قەرزانەی لە ناو بازنەی پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی بە وڵاتانی داهات مامناوەند دراون، بارودۆخێکی نالەباری بۆ دروست کردوون، بە تایبەتی لە بەشێک لە وڵاتانی ئەفەریقا و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا کە دوای پێدانی قەرزەکان بۆ دروستکردنی ژێرخانە پێویستییەکان، دەرکەوتووە شێوازی دانەوەی قەرز و مەرج و ڕێککارە یاساییەکانی زیاتر لە بەرژەوەندیی کۆمپانیا و بانکە چینییەکاندا بووە. هەروەها ئەوەش دەرکەوت کە شێوازی گرێبەستەکان هەر بە تەنها لە چوارچێوەی چەمک و پابەندە داراییەکاندا سنووردار نەکراون، بەڵکوو بە کۆمەڵێک کۆتوبەندی کاریگەری سیاسییشەوە کۆتوبەند کراون.

بۆ نموونە؛ لە کەیسی وڵاتی ئەورووپی مۆنتینیگرۆ بە وەرگرتنی نزیکەی یەک ملیار دۆلاری ئەمەریکی قەرز لە بانکێکی بازرگانیی چین لە ساڵی ٢٠١٤دا (ئەوکات دەیکردە ٢٥٪ی جەی دی پیی وڵاتەکەی)، بۆ مەبەستی بونیادنانی ئۆتۆبان -ڕێگای سەرەکی لە بەندەری بارەوە بۆ وڵاتانی دیکەی ئەورووپی. هەر چەندە یەکێتیی ئەورووپا هۆشداریی بە مۆنتینیگرۆ دا کە ئەو گرێبەستە واژوو نەکات، بەڵام گوێی پێ نەدا و لە ساڵانی دواتردا پەشیمان بوویەوە لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە: بە هۆی زۆریی تێچووی دروستکردنی ڕێگاکە و زۆریی بڕینی گرد و شاخ و تونێلەکان، وای کرد ئەگەر پرۆژەکەش تەواو بکات داهاتی ڕێڕەوەکە ئەوەندە نابێت لەچاو ئەو بودجە زۆری کە پێویستە خەرجی بکات و لەوەش خراپتر بە پێی بەندەکانی گرێبەستی واژووکراو

لەگەڵ لایەنی چینیدا لە کاتی شکستهێنانی مۆنتینیگرۆ لە پێدانەوەی قەرزەکانی، ئەوا لایەنی چینی دەتوانێت لە جیاتیی قەرزەکە خاوەندارێتی لە بەشێک لە موڵکەکانی دەوڵەت وەکوو بەندەرێکی گرنگ لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە بۆ چین هەژمار دەکرێت

مۆنتینیگرۆ لە ساڵی ٢٠٢١دا هانای بۆ یەکێتیی ئەورووپا برد بۆ ڕزگارکردنی لەدەست قەرزی چین، بەڵام یەکێتیی ئەورووپا ئامادە نەبوو هاوکاریی بکات. دواتر لە ٢٠٢٤دا لەگەڵ چین لە دانوستانێکدا پێداچوونەوەی بە چەند بڕگەیەکی ڕێککەوتنەکەی کرد، بەڵام زۆربەی پابەندییەکانی وەک خۆی مایەوە و بە پێی ڕێککەوتنەکە تا ٢٠٣٤ دەبێت لە ژێر مەرج و دانەوەی قەرزەکانی چیندا بێت.

هەر لە چوارچێوەی ڕێگای ئاوریشمی و لە کیشوەری ئەورووپادا بە تەنها بە قەرزپێدان بۆ پڕۆژەکان نەوەستاوە، بەڵکوو وەبەرهێنانی چەکێکی دیکەی چینییەکانە. بۆ نموونە؛ لە کەیسی وەبەرهێنان لە بەندەری پیرایۆسی یۆنانی (Piraeus)، دوای وەبەرهێنان تێیدا و فراوانکردنی، ئەوا کۆمپانیای گواستنەوەی کەشتیی چینی (COSCO) توانیی ببێتە خاوەنی نیوەی زیاتری پشکەکانی بەندەرەکە. جگە لەوەش، لە کیشوەری ئەمەریکاش هەردوو بەندەری گرنگی چوون و هاتن لە کەناڵی پەنەما لە لایەن کۆمپانیای چینییەوە بەڕێوە دەبرێن کە نزیکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، لەبەر ئەم هۆکارانەشە بەم دواییانە ئەمەریکا داوای خاوەندارێتیی ئەو بەندەرانە لە هەردوو لای کەناڵەکە دەکاتەوە.

ئەمەش لە لایەن ڕکابەرانی چینەوە وەکوو جێپێکردنەوەی چینە لە دەروازەیەکی گرنگی ئەورووپا و ئەمەش یارییە جیۆپۆلەتیکەکانی داهاتوو ئاڵۆزتر دەکات. لە کیشوەری ئەفەریقاشدا کۆمپانیا و بانکە چینییەکان پێدانی قەرز و دیزاینکردن و جێبەجێکردن و لە زۆر باریشدا بەڕێوەبردنیشی بە یەک پاکێج دەکەن، ئەمەش وای کردووە لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە چین هەژموونی بەسەر بەشی زۆری کیشوەرەکەدا هەبێت.

لە دوای ڕوونبوونەوەی وێنە گەورەکەی دیپلۆماسیەتی ڕێڕەوەکانی چین، بەندەر و ئۆتۆبان و هێڵی شەمەندەفەر لەخۆ دەگرێت، ئەوا دەوڵەتی ئیتاڵیا لە ساڵی ٢٠٢٣دا پەشیمان دەبێتەوە و دێتە دەرەوە لەو لێکتێگەیشتنەی لەگەڵ چینی ئیمزا کردبوو لە

ساڵی ٢٠١٩دا. لێرەدا ڕاستییەک هەیە دەبێت و گرنگیشە ئاماژەی پێ بدرێت، ئەم خۆبەدوورگرتن و بە خراپ وەسفکردنی وەبەرهێنانەکانی چین و قەرزەکانی؛ بە پێی لێکدانەوە و لێکتێگەیشتنی بلۆکی ڕۆژئاوایە، لە بنەڕەتدا کێشەکە پەیوەست بە قازانجی زۆروزەوەندی کۆمپانیا و بانکە چینییەکانەوە نییە هێندەی مەترسییە لەو هەژموون و جیۆپۆلەتیکی دیپلۆماسیەتی ڕێڕەوەکان لە ڕێگەی ڕێی ئاوریشمییەوە دێتە بوون.

لەم ڕوونکردنەوانەی سەرەوە تێدەگەین کە بۆچی گەلانی داهات مامناوەند و کەم داهات تەنانەت بۆ ئەو وڵاتانەی کە هەژارن لە ئیدارەدانی سامانی دەوڵەمەندی خۆیاندا پێویستە بە وریاییەوە لەگەڵ هەر جۆرە گرێبەستێکی وەبەرهێنان، پێدانی قەرز و مەرج و شێوازەکانی دانەوەی زۆر ورد بن، چونکە لە سەردەمی ئێستادا دروستکردنی ژێرخان و ڕێگەوبان و بەندەر و هێڵی ئاسنین چیدیکە بابەتێکی ئابووریی ڕووت نییە، بەڵکوو تێکەڵەیەکە لە هەژموونی سیاسی و هێزی نەرمی وڵاتانی زلهێز و تەڵەی جیۆپۆلەتیکی.

دەوڵەت و دامەزراوەکانی چین کە دەبینن ستراتیژیەتی ڕێگای ئاوریشمی کە بە درووشمی «یەک پشتێنە و یەک ڕێگا» دەستی پێ کرد، لەم ساڵانەی دواییدا بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخانە هەر ستراتیژیەتی نوێی بۆ ئەو پرۆژەیە نەهێنایە ئاراوە، بەڵکوو ناوی پرۆژەکەشی گۆڕی بۆ پرۆژەی دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگا (Belt and Road Initiative)، هەروەها میتۆد و ڕێگای نوێشی تێدا بەکار هێنا کە لە بەشی داهاتوودا باسی لێوە دەکەین.

## چین گۆڕانکاری لە ستراتیژیەتی ڕێگای ئاوریشمی دروست دەکات

لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی ڕەخنەکان دژ بە پرۆژە و تاکتیکەکانی ڕێگەی ئاوریشمی، چین ژیرانە جووڵە دەکات و ستراتیژیەت و پلانی نوێ دەهێنێتە ئاراوە و عینادیی سیاسی ناکات بە بەردەوامیدان بەو جۆرە ستراتیژیەتەی کە لە لایەن کۆمەڵێک کارەکتەری نێودەوڵەتییەوە ڕووبەڕووی بوویەوە. لە هەڵسانگاندنی گۆڕانکارییەکاندا، چین بۆی دەرکەوت پەلەکردن لە تەواوکردنی پرۆژەکە چیتر پێویست نییە، هەروەها هەڵڕژانی قەرزیش بەم جۆرە لە دوورمەودا خزمەت بە خەزێنەی چینیش ناکات، ئەمەش وا دەکات وڵاتان کەمتر باوەش بۆ پرۆژەکە بکەنەوە. بۆیە لە چوارچێوەی

گۆڕانکارییەکاندا ئەولەویەت بە پڕۆژە گرنگەکان و پێگە هەستیارەکان درا و جەختیش لە سەر ئەو خاڵە کرایەوە دەبێت کواڵتیی پڕۆژەکانیش بەرزتر بکرێنەوە لەچاو ئەوانەی پێشوو.

لە هەمووشی گرنگتر، زیادکردنی بەشێکی دیکەی ستراتیژی بوو بۆ پڕۆژەکە، ئەویش ڕێگای ئاوریشمیی دیجیتاڵی، کە لە ڕێگەی بەدیجیتاڵیکردنەوە، دانان و بەستنی نێتۆرکەکان و ڕاکێشانی فایبەر ئۆپتیک و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی کلاود (cloud centers) و سۆفتویرەکان و مۆدێلەکانی ئیدارەدانی دەیتا و بابەتی دیکەی پەیوەندیدار، ئەوا چین دەتوانێت بە جۆرێکی دیکە هەژموونی خۆی بەسەر ئەو جوگرافیایە دا زاڵ بکات کە ژێرخانە تەکنەلۆژی و دیجیتاڵییەکەی بۆ پێش دەخات. ئەم جۆرە پێشخستنە لە ستراتیژیەتی ڕێگای ئاوریشمی، ئەم ئاماژانەش لەخۆ دەگرێت

- چین ئەو پێکبەستنەوانەی دیجیتاڵی و ڕێگا و بەندەرەکان بەیەکەوە تەنها و تەنها وەکوو ئامرازێکی گواستنەوە و پەیوەندی تەماشا ناکات، بەڵکوو سەرچاوەیەک دەبێت بۆ دروستکردنی کاریگەریی زیاتر و بەدەستخستنی زانیاری و دەیتای زیاتر.
- هەروەها هەبوونی کۆنترۆڵ بەسەر ئامرازەکانی لایەنی نەرمی (سۆفت)ی ژێرخانەکانی ڕێڕەوەکان (ڕێسا و ڕێنماییەکان، دەیتا، عادات و شێوازی کار)، ئەوا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن کاریگەریی ڕاستەقینە دروست دەکەن هاوشێوەی کۆنترۆڵکردنی ژێرخانە بەرجەستەکانی وەکوو بەندەرەکان و هێڵی شەمەندەفەر.
- بۆیە لە ئێستادا خەرجکردنی بودجە و تواناکانی کۆمپانیا چینییەکان بۆ پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە بە لایەنی بەرامبەر؛ زۆر لە سەر چین دەکەوێت، بەڵام لە داهاتوودا بە هۆی پشتبەستن بە تەکنەلۆژیا و ستاندارد و ڕێککارەکانی چین، وڵاتانی بەکارهێنەر بژاردەی دیکەیان نییە جگە لە هەماهەنگی و دۆستایەتی لەگەڵ چین.

لەگەڵ ئەم گۆڕانکاری و پێداچوونەوەی گشتگیری چین بۆ پڕۆژەکە و سەرباری دروستکردنی گومانەکان لە سەر ئەجێندا شاراوە و دوورمەوداکانی کە لە لایەن بلۆکی ڕۆژئاوا دژ بە پڕۆژەکە ورووژێنران، چین سەرکەوتوو بووە لە چوارچێوەی پڕۆژەی دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگا (Belt and Road Initiative)کە زیاتر بە ڕێگای

ئاوریشمی ئاشناترە، ئەوا نزیکەی ١٥٠ دەوڵەت و ٣٠ دامەزراوە و ڕێکخراوی نێودەڵەوتی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن (Memorandum of Understanding) یاخود گرێبەستی حەقیقیی وەبەرهێنان و جێبەجێکردن واژوو کراوە. بۆ ئەوەی بەرچاومان زیاتر ڕوون بێت، سەرباری ئەو ڕەخنە و گومانانەی کە ئاڕاستەی ڕێگای ئاوریشمی کراون، بەڵام پڕۆژەکە لە ژمارەیەک وڵات و شوێن سەرکەوتوو بوو لە بونیادنان، بۆ نموونە:

١. لە پڕۆژەی هێڵی ئاسنینی لاوس-چاینا (Laos-Boten-Vientiane (Laos-(China) Railway)، کە لە ساڵی (٢٠٢١)ەوە بە فەرمی کراوەتەوە و ٦٠٪ی تێچووی پڕۆژەکە بە قەرزی چینی کراوە.

٢. پڕۆژەی هێڵی ئاسنینی

٣. ئیندۆنیزیا-جاکارتا (Indonesia-Jakarta-Bandung High-Speed Railway)، ئەم پڕۆژەیەش لە ساڵی ٢٠٢٣دا کراوەتەوە و دروستکردنی پڕۆژەکەش بە ئامێر و تەکنەلۆژیای چینی بووە و بە هەماهەنگیی هەردوو لا.

٤. پڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەری ئەسیۆپیا/جیبۆتی-ئەدیس ئابابا (Ethiopia/(Djibouti - Addis Ababa-Djibouti Railway)، ئەم پڕۆژەیەش لە ساڵی ٢٠١٨دا کراوەتەوە کە توانای گواستنەوەی بەرزی هەیە.

٥. لە وڵاتانی کینیا و کاراخستان و سریلانکاش بە هەمان شێوە چەندین پڕۆژە کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە هەمووشی گرنگتر هێڵی ئاسنینی گواستنەوەی کاڵا و شمەک لە چینەوە بۆ ئەورووپا لە زۆر شوێن تەواو کراوە و بە دەیان وڵاتی ئەورووپی پێکبەستنەوەی بۆ کراوە.

ئەوەی گرنگە لەو بەشەدا تێبگەین کە دروستکردن و بونیادنانی ئەو ڕێڕەو و ژێرخانە ئابوورییانە بە هۆی سەردەمی نوێ و تەکنەلۆژیا و هەروەها ستراتیژیەتی نوێی چین بۆ کاراکردنی ڕێگای ئاوریشمی دیجیتاڵی لە پاڵ ئەو بیناکردنانە، ئەوا دیقەت و گرنگیی زلهێزەکان گۆڕدرا بۆ پیشەسازییەکی دیکەی دیجیتاڵی ئەویش بەرهەمهێنانی بەهێزترین و پێشکەوتووترین مایکرۆچیپس (Chips, Semiconductors)و بلۆکی ڕۆژئاواش بە تایبەتی ئەمەریکا و تایوان و کۆریای باشوور و هۆڵەندا، بە هۆی لینکییان لە دروستکردنی ئەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە، ئەمە جگە لە وڵاتانی دیکەی

یەکێتیی ئەورووپا و ئوستراليا و ژاپۆن و هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمەریکا، گوشار خستنەسەر ڕێگای ئاوریشمی و ڕێگەگرتن لە زیادبوونی هەژموون و هێزی گلۆباڵی چین وەکوو هەنگاوی یەکەم سنووردارکردنی بەدەستخستنی ئەو تەکنەلۆژیایە بوو.

ئەم تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە ڕەگەزێکی سەرەکی دەبێت لە ئیدارەدان و چۆنیەتیی بە کارایی کارکردنی ئەو ڕێڕەوانە و کات و بودجەش دەگەڕێنێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە تەکنەلۆژیای مایکرۆچیپس (Chips, Semiconductors)ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ پێشخستنی ڕۆکێتی دوورمەودا، فڕۆکەی جەنگیی پێشکەوتوو، سیستمی بەرگری و گەلێک ئامراز و چەکی دیکەی سەربازی و جگە لەوەش ئەو تەکنەلۆژیایە بنەمایەکی سەرەکی دەبێت بۆ پێشخستنی ژیریی دەستکرد (AI). لە بەشی داهاتوودا تیشک دەخەینە سەر ململانێکانی چین و بلۆکی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەر تەکنەلۆژیای مۆدێرن و پێشکەوتوو، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە جیۆپۆلەتیک و دیپلۆماسیەتی ڕێڕەوەکانەوە هەیە.

## مایکرۆچیپس و سامانە دەگمەنەکانی ژێر زەوی وەکوو چەکێکی کاریگەری سەدەی ٢١

ئابووریی مۆدێرن لە بەرگری و هێرشی سەربازییەوە بۆ وزەی خاوێن و سۆلار پەنێل، مۆبایلی زیرەک و بۆ ئەی ئای (AI)، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و سەرەکی پشت بە مایکرۆچیپس و سامانە دەگمەنەکانی ژێر زەوی (rare-earth elements)دەبەستێت. هەر چەندە ژمارەیەک وڵات کار لە سەر دەرهێنانی سامانە دەگمەنەکانی ژێر زەوی دەکەن، بەڵام چین ٦٠ بۆ ٨٠ لە سەدی هەموو جیهان پرۆسەی دەرهێنان جێبەجێ دەکات و کۆی گشتیی پاڵاوتن و جیاکردنەوە و ئامادەکردنی کۆتایی بەرهەمەکە بە زیاتر لە ٨٥٪ی پشکی جیهان دەخەملێنرێت. ئەمەش نیشانەی هەژموونی چینە بەسەر ئەو بەرهەمانەدا کە ڕاستەوخۆ پێویستیی سەرەکین بۆ بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی چیس کە لە کارگەکانی ئەمەریکا و کۆریای باشوور و تایوان دروست دەکرێن. بە تایبەتییش تایوان کە زیاتر لە ٦٠٪ تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی چیپس بەرهەم دەهێنێت، لەگەڵ هاوتاکەی کۆمپانیای نیڤیدیا (NVIDIA GPUs)، بوونەتە چەکێکی

کاریگەر بەدەست بلۆکی ڕۆژئاوا بۆ فشارخستنە سەر پێشکەوتن و هەژموونەکانی چین

کەواتە دەرخەری ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە چین بە چەکی سامانە دەگمەنەکانی ژێر زەوی و بلۆکی ڕۆژئاوا، ئەمەریکا بە تایبەتی بە چەکی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی چیپس، لە ململانێیەکی سەختدان کە کێ لەو یارییە براوە بێت ئەوا زیاتر نزیک دەبێتەوە لە بردنەوەی ململانێی بەدەستهێنانی هەژموون و کاریگەری بەسەر سەدەی داهاتوو.

لەبەر ئەوەشە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەمارۆیەکی سەختی خستووەتە سەر هەناردەکردنی تەکنەلۆژیای چیپس، بە تایبەت ئەو چیپسانەی کە زۆر پێشکەوتوون و لە کاری سەربازی و ژیریی دەستکرد بەکار دەهێنرێن و گرنگ و پێویستین. لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا ڕۆژئاوا لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوودا لە پێش چینە، بەڵام لێکۆڵەران و زانایانی بواری تەکنەلۆژی لە نێوان ٥ ساڵ بۆ ٧ ساڵیان داناوە کە چین بتوانێت بەو ئاستە پێشکەوتووەی ڕۆژئاوا بگاتەوە.

ئەم پرسەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە دیسان دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئارگومێنتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەمان دەربارەی دیپلۆماسیەت و جیۆپۆلەتیکی ڕێڕەوەکان. لەگەڵ دەستخستنی مایکرۆچیپسی پێشکەوتوو، ئیدارەدان و کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوەکان، پەخشکردن دەیتا و کۆکردنەوەی و ئاڕاستەکردنی شمەک و کاڵا و هەناردەکردنی تەکنەلۆژیا و پێویستییەکانی دیکە بۆ هەر کونجێکی جیهان، ئەوا ئەو لایەنە هەژموونی زۆر دەبێت کە زۆرترین بەندەر و ئۆتۆبان و هێڵی شەمەندەفەر و ڕێڕەوەکانی بەدەستە. بۆیە ئەوەی لە ڕووکەشدا و بە گەرمی لە هەواڵەکان و شاشەکان دەیبنین لە شەڕی تەکنەلۆژیی نێوان هەردوو زلهێز ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چین، پەیوەستە بە گومرگ و تەکنەلۆژیای چیپس، بەڵام لە پشتەوەی پەردە زیاتر پەیوەست دەبێتەوە بۆ کۆنترۆڵی ڕێڕەوەکان.

بۆیە دەوڵەتان و زلهێزەکان کە بە گرنگیی دیپلۆماسیەت و جیۆپۆلەتیکی ڕێڕەوەکان دەزانن، هەر گرووپ و هاوپەیمانێتی یان هێزە هەرێمییەکان یان دوو دەوڵەت پێکەوە هەوڵ دەدەن ببنە خاڵێکی پێکبەستنەوە (A Node in a Network)لەو پرۆژەیەی داهاتووی سیستمی نوێی جیهانی. بۆیە لەم بەشانەی سەرەوەدا نەخشەی پێکدادان

و ململانێی زلهێزەکانمان کێشا کە پێویستی سەرەکی بوون بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی ڕێگەی گەشەپێدانی بەندەری فاوی عێراق دەست بە خۆدروستکردن دەکات و پڕۆژەی بەرامبەر یاخود توندتری بکەین دژ کامەیە؟ ئایا ڕێگای داوودیی سعودیە-ئیسرائیلە؟ کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە دیپلۆماسیەت و جیۆپۆلەتیکی ڕێڕەوەکانەوە هەیە و بابەتی بەشی داهاتوومان دەبێت.

## ڕێڕەوە ئەلتەرناتیڤەکان لە بەندەری فاوەوە بۆ بەندەری حەیفا

بۆچی لە ئێستادا ڕێڕەوە ئەلتەرناتیڤەکان سەرچاوەی داهاتی نوێ و زۆرن؟ بە هۆی فراوانبوونی پڕۆژەکانی ڕێگای ئاوریشمی، بە هۆی ئەو دەرفەت و مەترسییانەی پڕۆژەکە لە سەر سیستمی ئابووری، بۆیە گەلێک کارەکتەری نێودەوڵەتی، لەوانە: وەبەرهێنەرانی نێونەتەوەیی یاخود دەوڵەت و کۆمپانیای نزیک و هاوپەیمانیی بلۆکی ڕۆژئاوا، یاخود کارەکتەرە هەرێمییەکان یان هاوپەیمانە هەرێمییە نوێکان، هاتنە ناو کێبڕکێیی جیۆپۆلەتیک و دیپلۆماسیەتی ڕێڕەوەکانەوە. بەشێکیش لەو پڕۆژانە لە سەر بانگەشەی کواڵتیی باشتر و گەرەنتیی حوکمڕانیی باش و هاتنەوە لەگەڵ پاراستنی سەروەرییەکان و دادپەروەریی چاکتر هاتوونەتە پێشەوە. لە هەمووشی گرنگتر، ئەو جۆرە دەستپێشخەرییانە یاخود کێبڕکێکردنە وەکوو پێشکەشکردنی ئەلتەرناتیڤێکە بۆ ئەو جوگرافیا و هەرێمانەی نایانەوێت بکەونە ژێر هەژموونی ڕێگای ئاوریشمی یاخود پاراستن یان ناچارکردنی هەندێک دەوڵەت و کارەکتەر بۆ دوورخستنەوەیە لە پڕۆژە چینییەکە.

بۆیە ڕێڕەوەکان چیتر تەنها و تەنها ڕێگایەک نین بۆ گواستنەوەی سەرنشین و کاڵا و تایبەتمەندیی بێلایەنی هەبێت، لەم سەردەمەدا ڕێڕەوەکان بوونەتە ئامرازێک بۆ دروستکردنی کاریگەری و هەژموونی درێژخایەن کە توانا و تایبەتمەندییەکە زلهێزەکان کاری لە سەر دەکەن و پێویستیانە و کردوویانەتە جێگرەوەی هێزی سەربازی بۆ زۆرێک لە مەبەست و ئەجێنداکانیان.

لێرەدا دوو نموونەی زیندووی ڕێڕەو هەن کە تا ڕادەیەک ئەگەر هەیە بەرژەوەندییەکانیان دژ بە یەک پێکدا بدەن، ئەویش هەردوو ڕێڕەوی ١. گەشەپێدان لە عێراق (لە ڕێگەی ئۆتۆبان و هێڵی شەمەندەفەر پێک دێت)، لە بەندەری فاوەوە

دەست پێ دەکات بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەورووپا، ئەمەش وا دەکات پێگەی عیراق گرنگتر بێت و هەروەها چیدیکە پەیوەست نەبێ بە یەک تاکە ڕێگای گواستنەوەی نێودەوڵەتی. ٢. ڕێڕەوی داوودیی ئیسرائیل، کە دیزاینەکەی لە عەرەبستانی سعودییەوە بۆ ئوردن و لەوێشەوە بۆ بەندەری حەیفای ئیسرائیل، کە لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا کار دەکات و وا پێناسەی پرۆژەکە کراوە کە هەرسێ جوگرافیای (هیندستان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەورووپا) بەیەکەوە گرێ دەدات و ڕێگا تەقلیدییە کۆنەکان تێدەپەڕێنێت. هەردووکیان ئامانجیان کردنەوەی ڕێڕەوێکە بۆ پێکبەستنەوەی ڕێڕەوی ئاوی بە وشکانی و دەروازەکی نوێ بۆ ئەورووپا و بە تەواوبوون و دروستبوونی هەردوو ڕێڕەوەکە، کاریگەریی یەکەم و ڕاستەوخۆ لە سەر ڕێڕەوی دەریای سوور دروست دەکات، کە چەند ساڵێک حوسییەکانی یەمەن زیندووێتیی ڕێڕەوەکەیان شەلەل کردووە و گواستنەوەی گرنگترین ڕێڕەوی ئاوی جیهانیان خستووەتە مەترسیی گەورەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە ڕێڕەوێکی دیکەش بووەتە مژار و ژمارەیەک دەوڵەت و نیمچەزلهێزێکی وەکوو ڕووسیاش (بە بەراورد بە چین و ئەمەریکا کە بە زلهێزی ژمارە یەک هەژمار دەکرێن لە ئێستادا)، چاویان لە ڕێڕەوێکە لە هیندستانەوە دەست پێ دەکات و بە وڵاتی ئێراندا تێپەڕ دەبێت و دەگاتە ڕووسیا و لەوێشەوە بۆ دەروازەکانی ئەورووپا. ئەم ڕێڕەوەش یەکێک دەبێت لە ڕێگە ئەلتەرناتیڤەکان، بەڵام چۆنیەتیی دەستپێکردن و دروستکردنی کات و هەڵسەنگاندنی زۆرتری دەوێت.

## ڕێڕەوە هەرێمییەکان چی دەگۆڕن؟ بۆچی سەرئێشەی نوێی جیۆپۆلەتیکین؟

١. ستراتیژیەتی هەمەجۆری و کەمکردنەوەی مەترسی: وڵاتانی وەکوو عێراق و کەنداوی عەرەبی و ئیسرائیل، دەتوانن پێگەی نێودەوڵەتیی دانوستان بۆ هەمەجۆریی ڕێڕەوەکانیان بەدەست بهێنن. بۆ نموونە؛ چیتر پابەند نین بە یەک ستراتیژیەتی جیۆپۆلەتیکییەوە، بەڵکوو بژاردەی زیاتر و هەمەجۆریان لە بەر دەستە بۆ گونجاندنی بارودۆخەکان بە پێی بەرژەوەندیی وڵاتەکانیان نەک ناچاری بە هۆی هەبوونی یەک ڕێڕەووەوە.

٢. خۆپاراستن لە قۆرغکاریی ڕێڕەوەکان: لە ئەگەری هەبوونی زۆرترین ڕێڕەو،


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

وەکوو ڕێگای ئاوریشمی و ڕێگای گەشەپێدانی عێراقی و داوودیی ئیسرائیلی، ئەوا هیچ زلهێزێکی جیهانی ناتوانێت جووڵەی بازرگانی و ئابووریی جیهان بۆ ئەجێنداکانی خۆی قۆرغ بکات ئیدی چ چین بێت چ بلۆکی ڕۆژئاوا. بۆیە ئەندازەی هاموشۆی جیهانی ئەو کاتە لە خزمەت بەرژەوەندیی هەموو گەلان و لە بەرژەوەندیی بەردەستبوونی کاڵای بێ مەرجی سیاسییش دەبێت.

٣. هەژموونی هەرێمی و نێوەندگیری: ئەم ڕێڕەوە نوێیانە وا دەکەن وڵاتانی وەکوو عێراق و کەنداوی عەرەبی و ئیسرائیل، پێگەی دانوستان و وەبەرهێنانیان بەهێزتر بکات و کێبڕکێی یەکدییش بکەن بۆ دەستخستنی باشترین ئۆفەرەکانی وەبەرهێنان و ڕاکێشانی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان بۆ ناو دامەزراوە و سیستەمی ئابووری و سیستەمی دەوڵەتیش. هەروەها بە هۆی بەهێزبوونی پێگەی جیۆپۆلەتیکییانەوە، دەتوانن ڕۆڵی کاراتر لە نێوەندگیرییەکان بگێڕن.

## سیناریۆی داهاتووی ڕێڕەوە ئەلتەرناتیڤەکان بۆ سیستەمی نوێی جیهانی

لەم ڕوونکردنەوانەی سەرەوە دەردەکەوێـت کە چیتر ئەو ڕێڕەوانە ئامرازێکی پوختی بازرگانی و ئابووری نین، بەڵکوو لەگەڵیدا ئەجێنداکانی سیاسەتی دەرەوە و هەژموون و هێزی نەرم و کۆنترۆڵکردن و کارەکتەری جیۆپۆلەتیکییشی تێکەڵ بوون. بۆیە یەکێک لە سیناریۆ بەهێزەکانی داهاتوو کە ئەو ڕێڕەوە دیپلۆماسییانە لەگەڵ خۆیدا بە سیستەمی نوێی جیهانی دەناسێنێت، ئەوەیە کە پێشخستن و بونیادنانی ئەو ڕێڕەوە ئەلتەرناتیڤانەی بە تایبەت گەشەپێدانی عێراق و داوودیی ئیسرائیلی، زیاتر پشتڕاستکردنەوەی گۆڕینی دیزاینی یەک جەمسەری جیهانییە بۆ هەمەجۆریی جەمسەری یاخود فرەجەمسەریی نوێی جیهانی، کە جگە لە هەردوو جەمسەری ئەمەریکی و چینییەکە، لەوانەیە جیهان بە جەمسەری سێیەمیش لەو نێوەندە ئاشنا بێت و دوور نییە لە دەرئەنجامی هاوپەیمانێتیی چەند دەوڵەتێک یاخود بلۆکێک بێـتە ئاراوە. ئەمەش وا دەکات ئەم ڕێڕەوانە ببنە بژاردە و دیپلۆماسیەت و جیۆپۆلەتیکی جەمسەرەکان، کامە ڕێگە یان ڕێڕەو دەچێتە بەرژەوەندیی کامە جەمسەر. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێڕەوانە بژاردەی باشتر و بەهێزتر دەخەنە بەر دەستی ئەو وڵاتانەی خاوەنی ڕێڕەوەکەن یاخود ڕێڕەوەکە پێیدا گوزەر دەکات.

## ڕێڕەوەکان لە نێوان دەرفەت و ئامرازی بوونە قوربانی

دەوڵەتانی خاوەن ڕێڕەوی ئەلتەرناتیڤی گرنگ لە داهاتوودا، وەکوو عێراق، کە لە هەمان کاتیشدا دەکەوێتە ناوەندی پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی هەردوو بلۆکی چین و بلۆکی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەبێت خاوەن خەون و ستراتیژیەتێکی بەهێز و دیسپلینێکی ڕێکخراو بێت تاوەکوو ئەو دەرفەتەی بە هۆی ڕێڕەوی گەشەپێدانەوە کە ئێستا چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە؛ دێتە ئاراوە، نەگۆڕدرێت بۆ سەرئێشەی جیۆپۆلەتیکی و دەوڵەتەکە نەکاتە قوربانی، ئەوا پێویستی بەم هەنگاوە سەرەتاییانە هەیە (ئەمە جگە لەوەی پێویستی بە دارشتنی ئەجێندا و ستراتیژیەتی ورد و بەدیقەتتر هەیە بۆ ئیدارەدانی ململانێکان کە بە هۆی ڕێڕەوەکەوە سەر هەڵدەدەن):

- شەفافیەت و یاساکان: دەبێت دەوڵەت شەفافیەت لە وەبەرهێنان و داهات بکاتە ئەولەویەت و بە پێی یاساکان چوارچێوەی کار و مامەڵەی ڕێڕەوەکە دیاری بکات، هەروەها خۆیشی بپارێزێت لە قەرزێکی تاک لایەنە بۆ پرۆژەکە و پێویستە سەرچاوەی قەرزەکانی بە پێی یاسای ڕوون و لە سەرچاوەی جیاواز بێت و دەست بەسەر خاوەنداریەتیی تەواوی ڕێڕەوەکە بگرێت.
- خۆگونجاندن و فرەبژاردەیی: دەبێت عێراق خۆی نەبەستێتەوە بە یەک ڕێڕەوی بازرگانییەوە و بەردەوام لە فراوانکردن و پێکبەستنەوەی تۆڕی ڕێڕەوەکەدا بێت، بە مەرجێک سەروەری و خاوەندارێتیی ڕێڕەوەکە لەدەست نەدات. بۆیە باشترە عێراق دەرگای بۆ سەرجەم جەمسەرەکان کراوە بێت و دەکرێت کارایی جەمسەرێک لە ڕێڕەوەکە زیاتر یان کەمتر بێت، بەڵام گرنگە خۆی بە تەواوەتی سنووردار نەکات و ڕێڕەوەکەش ١٠٠٪ نەخاتە بەرژەوەندیی یەک لایەنەوە.
- وەبەرهێنان و بەرهەمهێنەرانی فرەنەتەوەیی: لە پاڵ ڕێڕەوەکەدا، عێراق پێویستە گرێبەستی هەمەجۆر لەگەڵ وەبەرهێنان و بەرهەمهێنەرانی کەلوپەل و تەکنەلۆژیا لەگەڵ وڵاتانی جیاواز ئەنجام بدات، چونکە لە ئێستادا سەرچاوەی

هاوردە و وەبەرهێنان ئەگەر لە یەک وڵاتی دیاریکراوەوە بێت، ئەوا بە لاوازیی جیۆپۆلەتیکی هەژمار دەکرێت و لە کۆتاییشدا کاریگەری لە سەر کارایی ڕێڕەوەکەش دروست دەکات.

■ ڕێڕەوەکە چۆن ببێتە سەرچاوەی ئاوی خاک: هەروەک چۆن لە کشتوکاڵدا ئەگەر زەوییەک ڕووبارێکی بە ناودا تێپەڕێت دەبێتە سەرچاوەی کشتوکاڵکردن و چاندنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، ئەوا بە هەمان شێوە عێراق و هەرێمی کوردستانیش نابێت تەنها و تەنها وەکوو ڕێیەک سەیری ڕێڕەوی گەشەپێدان بکەن، بەڵکوو دەبێت ببێتە هاندانێک بۆ دامەزراندن و دروستکردنی کۆمەڵێک پیشەسازی و کارگەسازی کە ببێتە دەرفەتێک بۆ بەرزکردنەوەی هەناردەی نانەوتیی عێراق و هەرێم.

■ کارتێکی بەهێزی دانوستان: دەکرێت عێراق ڕێڕەوەکە بەکار بهێنێت بۆ دەستخستنی تەکنەلۆژیای نوێ و وەبەرهێنانی زیاتر، ئەمەش بە هۆی هێزی بەکارهێنانی ڕێڕەوەکەوە دێتە دی کە بە هۆی ئەو ئۆفەرانەی پێشکەشی دەکات لە بەرامبەردا عێراق دەتوانێت گەلێک شت بەدەست بهێنێت لەو وڵاتانەی یاخود ئەو کۆمپانیا جیهانییانەی دەیانەوێت بەشێک بن لە ڕێڕەوەکە یاخود بەکاری بهێنن.

## سیناریۆکانی داهاتوو بۆ سیستمی نوێی جیهانی و ڕۆڵی کارەکتەرە مامناوەندەکان

لە داهاتوودا بە هۆی توندبوونەوەی ململانێکانی چین و ئەمەریکا لە سەر پێگەی ڕابەرایەتیکردنی سیستمی داهاتووی جیهانی، هێشتا هیچ سیناریۆیەک یاخود پێشبینییەک بە تەواوەتی ڕوون نییە و دیاریکردنی هەر ڕەسمێکیش بۆ ئەو سیستمە جیهانییەی کە بەڕێوەیە؛ بە هەڵەماندا دەبات، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ناوەرۆکی توێژینەوەکەمانەوە کە تایبەتە بە دیپلۆماسیەتی ڕێڕەوەکان، ئەوا دەکرێت پێشبینیی چەند سیناریۆیەکی لە یەک جیاوازی بۆ بکرێت کە ئەگەری ڕوودانی هەیە و سیناریۆکانیش بەم شێوەیەن:

### سیناریۆی یەکەم: نێتۆرکی پێکبەستنەوەی فرەجەمسەری (Multipolar Connectivity Network)

بە پێی ئەم سیناریۆیە، ئەوا شارێ و ڕێڕەوەی جیاواز و هەمەڕەنگ پێکەوە کارا دەبن و ڕۆڵ دەگێڕن، وەکوو ڕێگای ئاوریشمی و ڕێگای گەشەپێدان و داوودی و ڕێڕەوەکەی هیندستان بۆ ڕووسیا. جووڵەی بازرگانی و ئابووری بە پێی داخوازی و جیاوازیی جیۆپۆلەتیکی و بەرژەوەندیی جەمسەرەکان، بەکارهێنانی ڕێڕەوەکان لەچاو یەکدی؛ ڕێژەکەیان کەم و زیاد دەکات، ئەمەش زیاتر لە بەرژەوەندیی وڵاتان دەبێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان سیستەمە ئابووری و بازرگانییەکان پارێزراوتر دەبن.

### سیناریۆی دووەم: بەسەنتەربوونی چین

چین هەنگاوبەهەنگاو کار لە سەر پێشخستنی پێکەوەیی هەردوو ڕێگای ئاوریشمی لە چوارچێوەی دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگا و هیی دووەمیشیان ڕێگای ئاوریشمی دیجیتاڵی دەکات، کە مەبەستیەتی لە ڕێی کۆنترۆڵکردنی سامانە دەگمەنەکانی ژێر زەوی و بواری دیجیتاڵی و ئەلکترۆنی و ڕێککار و سەرچاوەکانی کاڵا دابینکردن، هەژموونی باڵادەستیی خۆی بەسەر جیهاندا پەیڕەو بکات و ئەو سیناریۆیەشە کە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بە وریایی و گومانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

سیناریۆی سێیەم: دوورکەوتنەوە و لێکترازانی جەمسەرەکان و شەڕی ساردی تەکنەلۆژی

بە پێی ئەم سیناریۆیە، پێشبینی دەکرێت کێبڕکێی نێوان چین-ئەمەریکا بچێتە قۆناغی توندترەوە و هەر جەمسەرە و هەوڵ دەدات سەرچاوەی بەدەستخستنی کاڵای (Supply Chains)تایبەت بە سیاسەتی ئابووریی خۆی هەبێت و خاوەنی سیستمێکی پێشکەوتووی تەکنەلۆژیی سنووردار بە بلۆکەکەی هەبێت و چاودێری و سنووردارکردنی توند لە سەر هەناردەکردنی کۆمەڵێک ماددەی خام

و سەرچاوەی ژێر زەوی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو دابنرێت، وەکوو ئەوەی ئێستا دەیبینین ئەمەریکا ڕێگا نادات هەندێک جۆری پێشکەوتووی چیپس بچێتە چین. لەوەش خراپتر، وڵاتان ناچار دەکرێن لە نێوان جەمسەرەکاندا خۆیان یەکلایی بکەنەوە و بە تەواوەتی بچنە پاڵ جەمسەرێکی دیاریکراوەوە، ئەمەش باش نابێت بۆ دیپلۆماسیەت و جیوپۆلەتیکی وڵاتە بێهێز و مامناوەندەکان.

## ئەنجامگیری

لە سەدەی بیست و یەکەمدا چیتر کێبڕکێ و ململانێی نێوان زلهێزەکان تەنها و تەنها بە هۆی هەبوونی هێزی سەربازی و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان یەکلا ناکرێنەوە، بەڵکوو بۆڕییەکانی گازی سروشتی و نەوت، بەندەرە ئاوییەکان، کێبڵی دەیتاکان و سەرچاوەی کاڵا و شمەک و ڕێڕەوە دروستکراوەکان و ژێرخانەکانی؛ بەشێک دەبن بۆ سەرخستنی ئەجێندای هەر جەمسەر و لایەنێک. هەر جەمسەر و لایەنێکیش کۆنترۆڵی بەسەر ڕێڕەوە ستراتیژییەکاندا هەبێت، ئەوا خۆبەخۆ کۆنترۆڵی بەسەر ئابووری و سیستمی تەکنەلۆژی و دیجیتاڵی و سەرچاوەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا دەبێت و تەنانەت هاوپەیمانییەتەکانیش بەئاسانی دروست دەکات و یەکلا دەکاتەوە و ئەو ڕێڕەوانە دەبنە ستراتیژیەتێکی بە هێزی دیپلۆماسی و جیۆپۆلەتیک بۆی. بۆ زۆرێک لە وڵاتان، بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفەریقا و ئاسیای ناوەند، پرسیارەکە ئەوە نییە کە چۆن بخزێنە ناو جیهانی دیپلۆماسیەتی ڕێڕەوەکانەوە، بەڵام ئەوە دەبێت: لە ژێر چ مەرج و بارودۆخێکدا، ئایا گرەنتییەکان و پارێزبەندییەکان چین؟ چۆن بەکار دەهێنرێن و یارییان پێ دەکرێت؟ مەترسیی تێوەگلان و کەوتنە ناو ململانێی زلهێزەکانیان هەڕەشە دەبن لە سەر کۆی سیستمی ئابووری و سەروەری و خاوەندارێتیی سامانەکانیشی، بە تایبەت لەگەڵ هەڵکشانی ململانێکان لە سەر بەدەستخستن و کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوەکان و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو. بێگومان دەرفەت و سەرکەوتنیش بۆ ئەو لایەن و دەوڵەتانەیە کە بە تەنیا ڕێڕەوەکان وەکوو لاشەیەک یاخود وەکوو ئامرازێک بۆ هاموشۆ نابینن، بەڵکوو وەکوو دیزاین و نەخشەڕێگایەکی

ستراتیژی هەژماری دەکەن بۆ پێشخستنی ئابوورییەکەیان و بەهێزکردنی ئامراز و کەرەستە دیپلۆماسییەکانیان. هەر چەندە ئەم ڕێگایەش بۆ بەکارهێنانی دروستی ڕێڕەوەکان لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی دەرەوەی زلهێزەکان ڕێگایەکی پڕ لە هەوراز و نشێو و سەخت دەبێت، بەڵام بە هەبوونی ستراتیژیەتێکی ورد و هەبوونی دیسپلین و ڕێکخستنەوەی ئیداری و تواناکان و ژێرخانی یاسایی و شەفافیەت و ڕوونی لە هەنگاوەکانی ئایندە؛ دەتوانن ئەو ڕێڕەوانە بکەنە دەرفەتێکی گەورەی پێشکەوتن.

## سەرچاوەکان

1. Askary, H. & Li, X. (2024). Debunking the Chinese «debt-trap» narrative in 3 steps: A new research method. China Diplomacy. Available at: https://en.chinadiplomacy.org.cn/2024-11/29/content_117577057.shtml (Accessed: 9 December 2025).

2. Boston University Global Development Policy Center (2023). GCI Report: BRI 10 FIN. Available at: https://www.bu.edu/gdp/files/2023/09/GCI-Report-BRI-10-FIN.pdf (Accessed: 9 December 2025).

3. Chen, C. (2023). The Belt and Road Initiative: A New Landscape in Mapping the Changing Global Governance. Geopolitique. Available at: https://geopolitique.eu/en/articles/the-belt-and-road-initiative-a-new-landscape-in-mapping-the-changing-global-governance/ (Accessed: 9 December 2025).

4. Cho, H., et al. (2022). Building Bridges: PGII Versus BRI. Brookings Institution. Available at: https://www.brookings.edu/articles/building-bridges-pgii-versus-bri/ (Accessed: 9 December 2025).

5. Davies, P. (2023). China's Belt and Road Initiative and quasi-IMF lending. ASPI Strategist. Available at: https://www.aspistrategist.org.au/chinas-belt-and-road-initiative-and-quasi-imf-lending/ (Accessed: 9 December 2025).


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

6. European Central Bank (ECB) (2023). The Global Economic Costs of Decoupling. Available at: https://www.ecb.europa.eu/pub/pdf/scpwps/ecb.wp2839~aaf35001a3.en.pdf (Accessed: 9 December 2025).

7. Godement, F., et al. (2018). Europe's Emerging Approach to China's Belt and Road Initiative. Carnegie Endowment for International Peace. Available at: https://carnegieendowment.org/research/2018/10/europes-emerging-approach-to-chinas-belt-and-road-initiative?lang=en (Accessed: 9 December 2025).

8. Godement, F., et al. (2019). Europe's Response to the Belt and Road Initiative. German Marshall Fund of the United States. Available at: https://www.gmfus.org/news/europes-response-belt-and-road-initiative (Accessed: 9 December 2025).

9. Horn, S., et al. (2020). How China Lends: A Rare Look into 100 Debt Contracts with Foreign Governments. AidData. Available at: https://docs.aiddata.org/reports/how-china-lends.html (Accessed: 9 December 2025).

10. Horn, S., Reinhart, C. & Trebesch, C. (2023). China as a Lender of Last Resort. World Bank Working Paper. Available at: https://documents1.worldbank.org/curated/en/099450403272313885/pdf/IDU046bbbd-8d06cc0045a708397004cbf4d2118e.pdf (Accessed: 9 December 2025).

11. Horn, S., Reinhart, C. & Trebesch, C. (2024). How China Collateralizes: Inside a $400 Billion Cash-Secured Lending System. Stanford University. Available at: https://sccei.fsi.stanford.edu/china-briefs/how-china-collateralizes-inside-400-billion-cash-secured-lending-system (Accessed: 9 December 2025).

12. Huang, X. (2021). Consequences of successful BRI on US global dominance and world order. World Scientific. Available at: https://www.worldscientific.com/doi/full/10.1142/S2377740023500033 (Accessed: 9 December 2025).

13. Jana, S. & Peterka, J. (2023). Debt-trap diplomacy: A constructive analysis. Journal of Contemporary China. Available at: https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/19480881.2023.2195280 (Accessed: 9 December 2025).

14. Jones, B. (2019). China needs to make the Belt and Road Initiative more transparent and predictable. Chatham House. Available at: https://www.chathamhouse.org/2019/04/china-needs-make-belt-and-road-initiative-more-transparent-and-predictable (Accessed: 9 December 2025).

15. Khan, M. (2025). CPEC: Debt Trap Diplomacy or a Mismanaged Opportunity? The Diplomat. Available at: https://thediplomat.com/2025/09/cpec-debt-trap-diplomacy-or-a-mismanaged-opportunity/ (Accessed: 9 December 2025).

16. King & Spalding (2024). China's ‹Legal Belt and Road› exporting legal norms through project finance. Global Legal Insights. Available at: https://www.globallegalinsights.com/news/chinas-legal-belt-and-road-exporting-legal-norms-through-project-finance/ (Accessed: 9 December 2025).

17. Lederman, D. (2019). How Can Countries Better Manage Investment Risks Along the BRI?. World Bank Blogs. Available at: https://blogs.worldbank.org/en/trade/how-can-countries-better-manage-investment-risks-along-bri (Accessed: 9 December 2025).

18. Lejour, A. & Mohlmann, J. (2023). Geopolitical decoupling and integration scenarios of global trade. CPB Netherlands Bureau for Economic Policy Analysis. Available at: https://www.cpb.nl/sites/default/files/omnidownload/CPB_Publication_geopolitical_decoupling_and_integration_scenarios_of_global_trade.pdf (Accessed: 9 December 2025).

19. London Stock Exchange Group (LSEG) (2023). Third-party risk management: Infrastructure due diligence. Available at: https://www.

lseg.com/en/risk-intelligence/third-party-risk-management/infrastructure-due-diligence (Accessed: 9 December 2025).

20. Marovi, L. (2023). Montenegro Exits Deal on Chinese Highway Loan. Radio Free Europe/Radio Liberty. Available at: https://www.rferl.org/a/montenegro-exits-deal-chinese-highway-loan/32469505.html (Accessed: 9 December 2025).

21.News.az (2024). China-US Relations: The world's most consequential rivalry explained. Available at: https://news.az/news/china-us-relations-the-worlds-most-consequential-rivalry-explained (Accessed: 9 December 2025).

22. Official Monetary and Financial Institutions Forum (OMFIF) (2024). BRICS: A daringly autonomous model for financial sovereignty. Available at: https://www.omfif.org/2024/11/brics-daringly-autonomous-model-for-financial-sovereignty/ (Accessed: 9 December 2025).

23. Official Monetary and Financial Institutions Forum (OMFIF) (2025). Viability of Non-Dollar Parallel Financial System BRICS CIPS. Taylor & Francis Online. Available at: https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/10220461.2025.2523509 (Accessed: 9 December 2025).

24. Osgood, I. (2024). Political alignment, not just supply options, drives U.S.-China decoupling. University of Michigan News. Available at: https://news.umich.edu/political-alignment-not-just-supply-options-drives-us-china-decoupling/ (Accessed: 9 December 2025).

25. Renda, A. & Pambudi, I. (2023). Competing and Complementary Global Infrastructure Initiatives: A Comparative Review of BRI, PGII/BDN, GG, FOIP/PQI, and 3SI. Sustainability, 18(6), p.338. Available at: https://www.mdpi.com/1911-8074/18/6/338 (Accessed: 9 December 2025).

26. Sahoo, S. (2023). Successful BRI Impact on US Dollar Reserve Cur-

rency. BRICS Economic Journal. Available at: https://brics-econ.arphahub.com/article/143810/ (Accessed: 9 December 2025).

27. Setser, B. & Zamparelli, G. (2024). China›s Dollar Dilemma. Carnegie Endowment for International Peace. Available at: https://carnegieendowment.org/research/2024/10/chinas-dollar-dilemma?lang=en (Accessed: 9 December 2025).

28. State Council Information Office (SCIO) (2023). China's Vision for Global Governance Post-BRI Completion. Available at: http://www.scio.gov.cn/zfbps/zfbps_2279/202310/t20231010_773734.html (Accessed: 9 December 2025).

29. Tearline (2020). Montenegro Case Study: Debt Traps. Available at: https://www.tearline.mil/public_page/montenegro-case-study-debt-traps (Accessed: 9 December 2025).

30. Vella, C. (2024). Future of US dollar if China›s BRI succeeds. Investing News Network. Available at: https://investingnews.com/brics-currency/ (Accessed: 9 December 2025).

31. Wikipedia (2023). Debt-trap diplomacy. Available at: https://en.wikipedia.org/wiki/Debt-trap_diplomacy (Accessed: 9 December 2025).

# گرنگیی ستراتیژی و

## کاریگەریی جیۆئابووریی ڕێگە بازرگانییەکان لە سەر عێراق و هەرێمی کوردستان

ئامادەکردن: د. ژیلوان لەتیف یارئەحمەد

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قۆناغێکی نوێی ململانێی جیۆئابووری و ستراتیژیدایە، کە تێیدا پڕۆژە گەورەکانی گواستنەوەی وشکانی و دەریایی وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ گۆڕینی هاوکێشەی هێز بەکار دەهێنرێن. ئەم ڕاپۆرتە بە پشتبەستن بە دەیتا و شیکاریی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، سێ ڕێڕەوی ستراتیژیی سەرەکی شی دەکاتەوە، ئەوانیش: ڕێگەی گەشەپێدان (Development Road)ی عێراق، دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگەی ئاوریشمی نوێی چین (BRI) و ڕێگەی داوود (David›s Corridor). تیشکی سەرەکیی شیکارییەکە لە سەر پێگەی عێراق و هەرێمی کوردستانە لە نێو ئەم پڕۆژانەدا، بە تایبەت پرسی دوورخستنەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی گەشەپێدان و کاریگەرییەکانی لە سەر ئایندەی ئابووری و سیاسیی هەرێم. ڕاپۆرتەکە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم ڕێگایانە تەنها بازرگانی نین، بەڵکوو بزوێنەری گۆڕانکاریی قووڵی سیاسی، ئابووری و کولتوورین. لە کۆتاییدا سیناریۆ جیاوازەکانی ئایندە بۆ ناوچەکە دەخاتە ڕوو.

## عێراق وەک دڵی ململانێی ڕێڕەوە ستراتیژییەکان

عێراق بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافییە جێبایەخەکەیەوە، کە وڵاتانی کەنداو و ئاسیا بە تورکیا و ئەورووپاوە دەبەستێتەوە، لە مێژووی نوێدا بووەتە خاڵی یەکلاکەرەوەی پرۆژە ستراتیژییە جیهانییەکان. لە دوای چەندین دەیە لە ناسەقامگیریی سیاسی و ململانێی ناوخۆیی، ئێستا عێراق هەوڵ دەدات پێگەی خۆی وەک ناوەندێکی گواستنەوەی جیهانیی بەهێز و کاریگەر بکاتەوە، کە ئەمەش لە پرۆژەی گەورەی ڕێگەی گەشەپێداندا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم پرۆژەیە و پرۆژە ڕکابەرەکانی وەک «IMEC›› و «BRI››، هێمای ئەوەن کە لایەنی جیۆئابووری (Geo-economics) بووەتە ئامرازی سەرەکیی جیۆپۆلەتیکی لە ناوچەکەدا. ئەم ڕاپۆرتە بە وردی شیکاریی ئەم پرۆژانە دەکات و کاریگەرییەکانیان لە سەر ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو، بە تایبەت لە ڕوانگەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندییان بە پێگەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە لەم هاوکێشە ستراتیژییەدا.

## گرنگیی جیۆئیکۆنۆمیی ڕێگە بازرگانییە ستراتیژییەکان

لە ئێستادا چەندین ڕێڕەوی بازرگانیی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئارادان، کە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندیی سیاسی، ئابووری و کولتووریی جیاوازن و کاریگەریی قووڵیان لە سەر ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، لەوانە:

**١. ڕێگەی گەشەپێدان (Development Road Project)، کەناڵی وشکانیی عێراق-تورکیا**

ڕێگەی گەشەپێدان، کە بە تێچووی سەرەتایی ١٧ ملیار دۆلاری ئەمەریکی خەمڵێنراوە، پرۆژەیەکی ژێرخانیی فرەمۆدێلە (Multi-modal) کە بریتییە لە دروستکردنی هێڵێکی ئاسنی خێرا و ڕێگەیەکی خێرای هاوتەریب بە درێژایی ١٢٠٠ کیلۆمەتر. ئەم ڕێڕەوە لە بەندەری گەورەی فاو (Grand Faw Port) لە باشووری عێراقەوە دەست پێ دەکات، کە بە یەکێک لە گەورەترین بەندەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت و توانای وەرگرتنی گەورەترین کەشتییەکانی جیهانی دەبێت. ڕێگەکە بە ناوەڕاستی عێراقدا تێدەپەڕێت و لە دەروازەی سنووریی (فیشخاپوور/

ئۆڤاکۆی) لە سەر سنووری تورکیا کۆتایی دێت، کە لەوێوە بە تۆڕی گواستنەوەی تورکیا و پاشان ئەورووپاوە دەبەسترێتەوە. لایەنە سەرەکییەکانی ئەم پڕۆژەیە بریتین لە عێراق و تورکیا، لەگەڵ پشتگیریی دارایی و ستراتیژیی وڵاتانی کەنداو وەک قەتەر و ئیمارات.

## تایبەتمەندی و گرنگیی ڕێگەی گەشەپێدان

لە ڕووی ئابوورییەوە ڕێگەی گەشەپێدان وەک جێگرەوەیەکی ستراتیژی بۆ کەناڵی سوێس تەماشا دەکرێت، بە تایبەت لە ڕووی کەمکردنەوەی کاتی گواستنەوەی کاڵا لە نێوان ئاسیا و ئەورووپا. بە پێی شیکارییە ئابوورییەکانی کەناڵی «The National News»، ئەم ڕێگەیە دەتوانێت کاتی گواستنەوە بە نزیکەی ١٥ ڕۆژ کەم بکاتەوە. بە پێی ڕاپۆرتێکی «Iraqi News»، حکومەتی عێراق پێشبینی دەکات کە پڕۆژەکە توانای گواستنەوەی ساڵانەی ٢٢ ملیۆن تۆن کاڵای وشکانیی هەبێت لە قۆناغی یەکەمدا و لە درێژخایەندا ١.٦ ملیۆن هەلی کار دروست بکات و ١٥٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنان بۆ ناوچە پیشەسازییەکانی دەوروبەری ڕێگەکە ڕابکێشێت. ئەم دەیتایانە کە لە لێکۆڵینەوەکانی حکومەتی عێراقەوە سەرچاوە دەگرن، ئاماژە بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی ئابووریی عێراقدا دەکەن کە لە ئابوورییەکی یەک سەرچاوەیی (نەوت)ەوە بەرەو ئابوورییەکی هەمەچەشن و خزمەتگوزاریی فرەلایەن دەڕوات.

لە ڕووی سیاسییەوە ئەم پڕۆژەیە ئامرازێکە بۆ بەهێزکردنی سەربەخۆیی ئابووریی عێراق و بەرزکردنەوەی پێگەی جیۆپۆلەتیکیی لە ناوچەکەدا، هاوبەشیی ستراتیژیی لەگەڵ تورکیا بەهێزتر دەکات و بایەخێکی ستراتیژیی ناوازەی پێ دەدات، وەک یەکێک لە ئەکتەرە هەرێمییە سەرەکی و کاریگەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەمان کات پڕۆژەکە وەک وەڵامێک بۆ ڕێڕەوی «IMEC /India-Middle East-Europe Economic Corridor» تەماشا دەکرێت، کە لە لایەن ئەمەریکا و هیندستانەوە پشتگیری دەکرێت و تورکیا تێپەڕ دەکات. سەرباری ئەوانە بۆ تورکیا، ڕێگەی گەشەپێدان دڵنیایی دەدات کە لە نەخشەی بازرگانیی جیهانیدا دوور ناکەوێتەوە. لە لایەکی ترەوە پڕۆژەکە گرژیی لەگەڵ ئێراندا دروست کردووە،

چونکە ئێران لە پڕۆژەکەدا نییە و ڕەنگە لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی لە عێراقەوە هەوڵ بدات کێشە بۆ پڕۆژەکە دروست بکات.

لە ڕووی کولتوورییەوە پڕۆژەکە تەنها گواستنەوەی کاڵا نییە، بەڵکوو هێڵی ئاسنی گواستنەوەی سەرنشینیش لەخۆ دەگرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاسانکاری لە بواری گەشتیاری و ئاڵوگۆڕی کولتووری لە نێوان وڵاتانی کەنداو، عێراق، تورکیا و ئەورووپا. ئەم بەیەکگەیاندنە کولتوورییە دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنیی لە سەر تێگەیشتنی نێوان گەلانی ناوچەکە هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسیی تێکەڵبوونی ناسەقامگیر و گواستنەوەی کێشە سیاسی و ئەمنییەکانیش لەگەڵ خۆیدا دەسازێنێت، هەر بۆیە پڕۆژەکە پێویستی بە هەماهەنگیی ئەمنیی هەرێمی هەیە بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتیی هێڵی ئاسن و ڕێگە خێراکان لە ناوچە ناسەقامگیرەکاندا.

**٢. دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگەی ئاوریشمی نوێ (BRI)**

دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگەی ئاوریشمی نوێ (BRI)، کە پڕۆژەیەکی جیهانیی وڵاتی چینە، عێراقی وەک خاڵێکی ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیاری کردووە. چین لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە بە شێوەیەکی بەرچاو وەبەرهێنانی لە عێراقدا کردووە، کە بە پێی ڕاپۆرتێکی «fairobserver» کە نوێنەرایەتیی دامەزراوەیەکی نزیک لە حکومەتی چین دەکات، بڕی وەبەرهێنانەکانی لە چوارچێوەی پڕۆژەی «BRI»دا زیاتر لە ١٠ ملیار دۆلار بووە، ئەم وەبەرهێنانانەش زیاتر لە کەرتی وزە و ژێرخاندا چڕ بوونەتەوە.

گرنگیی «BRI» بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە جێگرەوەیەکی دارایی و سیاسیی جیا لە کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی ڕۆژئاوا دابین دەکات، بەو پێیەی چین وەک ئەکتەرێکی بێلایەن لە ململانێ سیاسییە ناوخۆییەکانی عێراقدا تەماشا دەکرێت، کە هێزێکی هەژموونخواز نییە و تەنها گرنگی بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی دەدات. بۆ هەرێمی کوردستانیش «BRI» دەتوانێت دەروازەیەک بێت بۆ وەبەرهێنانی گەورە لە ژێرخانی ئابووری و بازرگانی و پیشەسازیدا، بە تایبەت ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێت خۆی وەک ناوەندێکی لۆجستی بۆ گەیشتنی کاڵای چینی بە سووریا و دەریای ناوەڕاست نیشان بدات.

**٣. ڕێگەی داوود (David›s Corridor)، ڕێڕەوێکی جیۆپۆلۆتیکیی شاراوە**

ڕێگەی داوود پرۆژەیەکی بازرگانیی فەرمی نییە بەراورد بەوەی زیاتر وەک چەمکێکی جیۆپۆلەتیکی لە شیکارییە ستراتیژییەکاندا باس دەکرێت. ئەم ڕێگەیە وەک پرۆژەیەکی ئیسرائیلی پێشنیار کراوە کە ئامانجی دروستکردنی ڕێڕەوێکی وشکانییە لە بەرزاییەکانی جۆلانی داگیرکراوەوە بە ناوچەکانی باشووری سووریا و ناوچەی تەنەفدا تێدەپەڕێت و تا دەگاتە هەرێمی کوردستانی عێراق.

بایەخی ستراتیژیی ئەم ڕێگەیە لەوەدایە کە تایبەتمەندیی سیاسی و سەربازیی بەسەر لایەنی ئابوورییدا زاڵە. بە پێی شیکارییەکانی دامەزراوەی «The Cradle»، ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕێڕەوە بریتییە لە دروستکردنی «هاوپەیمانیی هەرێمی» لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەییەکانی «وەک کورد و درووز» و گەمارۆدانی نەیارێکی جەمسەریی وەک ئێران و ڕێڕەوی «هیلالی شیعی»، هەر چەندە ئەم پرۆژەیە لە واقیعدا جێبەجێ نەکراوە، بەڵام ئاماژەدان بە هەرێمی کوردستان وەک خاڵی کۆتایی ڕێڕەوەکە؛ گرنگیی ستراتیژیی هەرێمی کوردستانی عێراق لە هاوکێشە هەرێمییەکاندا دەردەخات و نیشانی دەدات کە هەرێم وەک کارتێکی جیۆپۆلەتیکی لە ململانێی نێوان زلهێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا تەماشا دەکرێت.

## پێگەی عێراق و هەرێمی کوردستان لە نەخشەی ستراتیژیی نوێدا

پێگەی عێراق و هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی جیۆپۆلەتیکی گرنگ و جێبایەخ لەم ڕێڕەوە ستراتیژییانەدا پرسیارێکی سەرەکییە کە پێویستی بە شیکاریی قووڵ هەیە. دەکرێت لە چەند ڕوویەکەوە تیشکی بخەینە سەر:

**١. عێراق لە جوگرافیای سروشتییەوە بۆ ستراتیژیەتی چالاک**

عێراق لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە خاوەنی هەڵکەوتەیەکی سروشتییە کە بە شێوەیەکی خۆکارانە سوودی لێ وەرگیراوە. بە پێی ڕاپۆرتێکی «Arab Center DC»، لە ئێستادا حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی محەمەد شیاع سوودانی هەوڵ دەدات ئەم هەڵکەوتە سروشتییە بگۆڕێت بۆ ستراتیژیەتی چالاکانە. ئەم گۆڕانکارییە لە ڕێگەی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانەوە دەکرێت، کە ئامانجی ئەوەیە عێراق لە


وڵاتێکی تەنها هەناردەکاری نەوتەوە بۆ ناوەندێکی لۆجستی و بازرگانیی سەرەکی بگۆڕێت. ئەم هەوڵە لە لایەن دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە پشتگیری دەکرێت، بۆ نموونە؛ بە پێی ڕاپۆرتێکی «Middle East Council on Global Affairs» (ئەنجوومەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کاروباری جیهانی)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بانکی جیهانی لە ساڵی ٢٠٢٥دا بڕی ٩٣٠ ملیۆن دۆلاری بۆ پڕۆژەی نوێکردنەوە و فراوانکردنی هێڵی ئاسنی عێراق تەرخان کردووە، کە ئەمەش بەشێکە لە هەوڵە گشتییەکانی عێراق بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی گواستنەوە. هەروەها بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی «UNDP»، حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی (٢٠٢٤-٢٠٢٨) و بینینی عێراق (٢٠٣٠)، جەخت لە سەر پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و هەمەچەشنکردنی ئابووری دەکاتەوە، کە ڕێگەی گەشەپێدان وەک بزوێنەری سەرەکیی ئەم گۆڕانکارییە ستراتیژییە تەماشا دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دامەزراوەی «Arab Center DC» ئاماژە بەوە دەکات کە پڕۆژەکە ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە، لەوانە: گەندەڵی، کارایی نزم، و نەبوونی شەفافیەت لە دامەزراوە عێراقییەکاندا، کە ئەمەش دەتوانێت سەرکەوتنی پڕۆژەکە بخاتە ژێر پرسیارەوە. جیا لەوانە، مەترسیی ئەمنی یەکێکی ترە لە ئاستەنگە سەرەکییەکان، بە تایبەت لە ناوچەکانی نزیک لە ڕێڕەوەکە کە پێویستی بە هەماهەنگیی ئەمنیی هەرێمی هەیە بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتیی هێڵی ئاسن و ڕێگا خێراکان. هەروەها بە پێی ڕاپۆرتێکی شیکاریی «ناوەندی خوێندنی کەنداو لە زانکۆی قەتەر»، پڕۆژەکە لە ڕوانگەیەکی جیۆپۆلەتیکییەوە وەک «وەبەرهێنانێکی جیۆپۆلۆتیکی» سەیر دەکرێت، کە تورکیا و وڵاتانی کەنداو بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەک لە بەرامبەر کاریگەریی ئێراندا بەشداریی تێدا دەکەن. هەروەها بە پێی شیکارییەکانی دامەزراوەی «Middle East Council on Global Affairs» (ئەنجوومەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کاروباری جیهانی)، «ڕێگەی گەشەپێدان پڕۆژەیەکی عێراق-ناوەندە، کە جەخت لە سەر پێگەی جوگرافیی عێراق دەکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی ترانزێتی سەرەکی و ناوەندێکی ژێرخان بۆ بەهێزکردنی پێگەی ستراتیژی و ئابووریی خۆی».

ئەم ستراتیژیەتە چالاکانەیە لە سەر بنەمای «هەمەچەشنکردنی ئابووری» و

کەمکردنەوەی پشتبەستن بە داهاتی نەوت دامەزراوە. هاوکات بەشداریکردنی وڵاتانی کەنداو و تورکیا لە پرۆژەکەدا نیشانەی ئەوەیە کە عێراق توانیویەتی ئەم ستراتیژیەتە بکاتە واقیعێکی هەرێمیی کاریگەر.

**٢. هەرێمی کوردستان، هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی و ستراتیژیەتی خۆبەڕێوەبەری**

هەرێمی کوردستانی عێراق، بە هۆی بوونی سنوورێکی درێژ لەگەڵ وڵاتانی تورکیا و ئێران، بە شێوەیەکی مێژوویی وەک «دەروازەیەکی بازرگانی»ی گرنگ بۆ عێراق کاری کردووە. لە ڕووی ئابوورییەوە هەرێم بە شێوەیەکی سروشتی سوودی لەم هەڵکەوتەیە وەرگرتووە، بە تایبەت لە ڕێگەی دەروازە سنوورییەکانەوە کە بوونەتە سەرچاوەی سەرەکیی هاوردەکردنی کاڵا بۆ عێراق. بە ئاماژەدان بە ئامارەکانی ڕاپۆرتێکی «COMTRADE»ی ئەمەریکی بۆ ساڵی ٢٠٢٤ و کەناڵی «شەفەق نیوز»، پشکی هەرێمی کوردستان لە کۆی بازرگانیی تورکیا-عێراق (کە گەیشتووەتە ١٣.٤ ملیار دۆلار) لە نێوان (٢٠٪ بۆ ٢٥٪)دایە، ئەم دابەشبوونە بە شێوەیەکی گرافیکی لەم پای چارتەدا ڕوون کراوەتەوە:



لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی چالاکانە هەوڵی داوە پلانی ستراتیژیی خۆی بۆ سوودوەرگرتن لەم پێگەیە دابنێت. بە پێی ڕاپۆرتێکی شیکارییانەی «UNDP»، لە نێو پڕۆژەی «Vision ٢٠٣٠»ی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئامانجی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بۆ ناوەندێکی پیشەسازی و بازرگانیی گەورە لە ناوچەکەدا بگۆڕێت. زیاتر لەوانە، یەکێک لە ستراتیژییە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان بریتییە لە پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری، بە ئامانجی گەیشتن بە نزیکەی ٢٠ ملیۆن گەشتیار تا ساڵی ٢٠٣٠. بە پێی دەیتاکانی «media ٩٦٤»، لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٧ ملیار دۆلار لە پرۆژەکانی گەشتیاریی وەبەر هێنراوە. ئەم ستراتیژیەتە جەخت لە سەر گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە هاوردەکارەوە بگۆڕێت بۆ هەناردەکار. هەروەها بە پێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەری «Peregraf»، هەرێمی کوردستانی عێراق پێشنیاری ڕێڕەوێکی کورتتری بۆ ڕێگەی گەشەپێدان کردووە، ئەویش ڕێگەی (موسڵ-دهۆک-تورکیا) کە ٣٢ کیلۆمەتر لە ڕێڕەوەکەی بەغداد کورتترە، ئەمەش نیشانەی هەوڵێکی چالاکانەیە بۆ بەشداریکردن لەم پڕۆژە ستراتیژییەدا. بەڵام، وەک گۆڤاری «Newlines Magazine» ئاماژەی پێ دەکات، ناکۆکیی ناوخۆیی لە نێوان لایەنە سیاسییە ڕکابەرەکاندا وای کردووە کە پڕۆژەکانی ژێرخان و گەشەپێدانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی خاو و ناتەواو بەڕێوە بچن، کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی لە سەر توانای هەرێم بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی ستراتیژی لەم ڕێڕەوانەدا دەبێت. لە بەرامبەر دوورخستنەوەی لە ڕێگەی گەشەپێدان، بە پێی ڕاپۆرتێکی «Chatham House»، هەرێمی کوردستانی عێراق هەوڵی داوە «ڕێڕەوی جێگرەوە» بدۆزێتەوە، لەوانە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و کردنەوەی دەروازەی سنووریی نوێ، هەروەها بەردەوامیدان بە هەناردەکردنی نەوت و گاز بۆ تورکیا وەک کارتێکی ستراتیژی بۆ پاراستنی پێگەی خۆی.

## پرسی ڕێگەی گەشەپێدان و هەرێمی کوردستان

یەکێک لە پرسیارە هەستیارەکان ئەوەیە کە ئایا ڕێگەی گەشەپێدان، کە بە هەرێمی کوردستانی عێراقدا تێپەڕ دەکات، سوودی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە یان نا؟ و ئایا ئەم دوورخستنەوەیە چ کاریگەرییەکی لە سەر ئایندەی هەرێمی کوردستان دەبێت؟ لەم سۆنگەیەوە دەکرێت لە خستنەڕووی چەند خاڵێکی ستراتیژی؛ وەڵامی ئەو پرسیارانە بخەینە ڕوو، لەوانە:

**١. دوورخستنەوەی هەرێمی کوردستان بە پاساوی تەکنیکی بەرامبەر بڕیاری سیاسی**

ڕێڕەوی فەرمیی ڕێگەی گەشەپێدان بە شێوەیەکی ئاشکرا بە هەرێمی کوردستانی عێراقدا تێپەڕ دەکات و بە ناوچەکانی نەینەوا و تەلەعفەردا دەڕوات بەرەو سنووری وڵاتی تورکیا. بە پێی ڕاپۆرتێکی «carnegieendowment»، حکومەتی عێراق پاساوی تەکنیکی و ئابووریی بۆ ئەم بڕیارە هێناوەتەوە، بەو پێیەی کە تێپەڕبوون بە هەرێمدا بە هۆی سروشتی ناوچە شاخاوییەکەیەوە ٣ ملیار دۆلار تێچووی زیاتر و ٢ ساڵ کاتی زیاتری دەویست.

بەڵام شیکارییەکانی دامەزراوە ئەکادیمییەکان و ماڵپەڕی «Peregra» ئەم پاساوە ڕەت دەکەنەوە و جەخت لە سەر لایەنی سیاسیی بڕیارەکە دەکەنەوە. «پەیمانگای کارنێگی بۆ ئاشتیی نێودەوڵەتی»، لە شیکارییەکی قووڵدا ئاماژە بەوە دەکات کە دوورخستنەوەی هەرێم لەم پرۆژەیە «جووڵەیەکی سیاسیی بێگومانە». هەروەها «Washington Institute» (پەیمانگای واشنتن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک) شیکارییەکی قووڵتر دەخاتە ڕوو و ئاماژە بەوە دەکات کە «ئۆپەراسیۆنی دژەپەکەکە و ڕێگەی گەشەپێدان لە عێراقدا دوو ڕووی یەک دراون». بە پێی ئەم شیکارییە، ڕێگەکە بە شێوەیەک دیزاین کراوە کە هەرێمی کوردستان تێپەڕ بکات و پەیوەندیی وشکانیی هێزە نزیک لە پەکەکە لە ناوچە سنوورییەکانی عێراق-تورکیا بپچڕێنێت. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بڕیارەکە تەنها پەیوەندیی بە ناکۆکیی نێوان هەولێر و بەغداوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە «ستراتیژیەتی ئەمنیی هەرێمی»ی تورکیاوە هەیە کە بەغداد بەشدارە تێیدا. ئەم لایەنە ئەمنییە کە لە لایەن «Luminint»شەوە

پشتڕاست کراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە پرۆژەکە لەگەڵ «مەترسیی ئەمنی»ی گەورەدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بە تایبەت لە ناوچە ناسەقامگیرەکانی وەک نەینەوا و ئەنبار، کە ئەمەش پێویستی بە «هاوکاریی ئەمنی»ی نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، سەرەڕای ناکۆکییە سیاسییەکان.

بە پێی لێکۆڵەرانی «کارنێگی››، ئەم بڕیارە وەک «تۆڵەسەندنەوەیەکی سیاسی» لە ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ و هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی پێگەی نێودەوڵەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق دێت، ئەمەش بەشێکە لە ستراتیژییەکی گەورەتری بەغداد بۆ «ناگەشەپێدان›› (De-development)ی هەرێمی کوردستان، کە ئامانجی لاوازکردنی دەسەڵاتی ئابووریی هەرێمە، بە تایبەت دوای بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە نەوت و گاز.

لەم ڕوانگەیەوە پرسیارەکە تەنها لە سەر ڕێڕەوێکی جوگرافی نییە، بەڵکوو لە سەر دابەشکردنی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی لە نێوان هەولێر و بەغدادایە. هەر بۆیە بە پێی هەمان ڕاپۆرتی ئاماژەپێکراو، وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە کە «هیچ ڕێگەیەکی گەشەپێدان لە عێراقدا نابێت بە بێ کوردستان»، کە ئەمەش نیشانەی تێگەیشتنی هەرێمە لە مەترسییەکانی ئەم دوورخستنەوەیە.

**٢. ئایا ڕێگەی گەشەپێدان سوودی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە؟**

ڕێگەی گەشەپێدان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوودی بۆ هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکوو مەترسیی لاوازبوونی پێگەی ئابووریی لە سەر دروست دەکات، بەڵام هاوتای ئەوە چەندین سوودی ناڕاستەوخۆی هەیە. گرنگترین مەترسی و دەرفەتەکانی پرۆژەکە بریتین لە:

کەمبوونەوەی بایەخی دەروازە سنوورییەکان: دروستبوونی ڕێڕەوێکی خێرا و مۆدێرن لە باشوورەوە بۆ تورکیا، دەبێتە هۆی ئەوەی بازرگانان و کۆمپانیاکان ڕێگەی هەرێم بەکار نەهێنن کە ئەمەش داهاتی گومرگیی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەکاتەوە و بایەخی دەروازە سنوورییەکانی وەک ئیبراهیم خەلیل و پەروێزخان لاواز دەکات.

بێبەشبوون لە وەبەرهێنانی گەورە: هەرێمی كوردستانی عێراق لەو ١٥٠ ملیار دۆلاری وەبەرهێنانە بێبەش دەبێت كە پێشبینی دەكرێت بۆ ناوچە پیشەسازییەكانی دەوروبەری ڕێگەكە بڕوات، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەی نایەكسانیی ئابووری لە نێوان ناوچەكانی عێراقدا. هەمان كات لە گرنگترین سوودە ناڕاستەوخۆكانی پرۆژەكە بۆ هەرێمی كوردستانی عێراق؛ گەشەی ئابووریی عێراقە، بەو پێیەی سەركەوتنی پرۆژەكە دەبێتە هۆی گەشەی ئابووریی گشتیی عێراق، كە ئەمەش بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زیادبوونی بودجە و داهاتی گشتییەوە كاریگەریی ئەرێنیی لە سەر هەرێم دەبێت.

پەیوەندیی لەگەڵ توركیا: توركیا وەك ئەكتەرێكی سەرەكیی پرۆژەكە؛ پەیوەندییەكانی لەگەڵ هەرێمدا بەهێزە. توركیا بۆ دابینكردنی ئاسایشی ڕێگەكە لە ناوچە سنوورییەكاندا، پێویستی بە هاوكاریی هەرێم دەبێت، كە ئەمەش دەتوانێت ببێتە كارتێكی فشار بۆ هەرێم بۆ بەدەستهێنانی پشكی خۆی لە پرۆژەكەدا.

**٣. ئایا هەرێمی كوردستان لە سەر ئەم ڕێگەیە نامێنێت و بایەخی نامێنێت؟**

ئەگەرچی ڕێگەی گەشەپێدان هەرێم تێپەڕ دەكات، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە كە هەرێمی كوردستان لە ڕووی ستراتیژییەوە بایەخی نامێنێت، بەو پێیەی بایەخی ستراتیژی و جیۆئیكۆنۆمیی هەرێمی كوردستانی عێراق لە سەر چەندین فاكتەری تر وەستاوە، ئەوانیش:

١. بایەخی جیۆپۆلەتیكیی سنوور لەگەڵ ئێران: هەرێم تاكە دەروازەی وشكانیی عێراق نییە، بەڵام دەروازەیەكی سەرەكییە بۆ بازرگانی لەگەڵ ئێران و توركیا.

٢. سەرچاوەی وزە: هەرێم خاوەنی سەرچاوەی گەورەی نەوت و گازە، كە لە درێژخایەندا دەتوانێت ببێتە هەناردەكاری سەرەكیی گاز بۆ توركیا و ئەورووپا.

٣. پرۆژەی «BRI»: هەرێمی كوردستانی عێراق دەتوانێت لە ڕێگەی پەیوەندییەكانی لەگەڵ چین؛ خۆی وەك بەشێك لە ڕێڕەوی «BRI» دابنێت و وەبەرهێنانی گەورە بۆ ژێرخانی خۆی ڕابكێشێت.

لە سەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە، دەكرێت بوترێت كە بایەخی هەرێم كەم نابێتەوە،

بەڵکوو جۆری بایەخەکەی دەگۆڕێت. لە بریی ئەوەی ببێتە دەروازەی سەرەکیی گواستنەوەی کاڵا لە باشوورەوە بۆ باکوور، دەبێتە «ناوەندێکی وزە و بازرگانیی هەرێمی» کە لە ڕێگەی ستراتیژیەتی خۆیەوە (Vision ٢٠٣٠) گەشە دەکات. «پەیمانگای واشنتن» ئاماژە بەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت خۆی وەک «ناوەندێکی جێگرەوەی وزە» بۆ ئەورووپا دابنێت، بە تایبەت لە ڕێگەی پڕۆژەی هەناردەکردنی گازەوە کە ئەمەش وەک کارتێکی ستراتیژی لە بەرامبەر گوشارەکانی بەغداد و تورکیادا بەکاری دەهێنێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەرێم خاوەنی «سەرچاوەی هێزی جیۆئابووری»ی جێگرەوەیە کە بایەخی خۆی دەپارێزێت.

## ئەنجام و سیناریۆی ئایندەی ڕێگە بازرگانی و ستراتیژییەکان

ڕێگە ستراتیژییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنها پڕۆژەی ئابووری نین، بەڵکوو بزوێنەری گۆڕانکاریی قووڵی سیاسی و ئابوورین کە نەخشەی ناوچەکە دەگۆڕن، هەر بۆیە پێشبینیی گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووریی بەردەوامیان لێ دەکرێت، لەوانە:

لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە ئابوورییەکاندا، سەرکەوتنی ڕێگەی گەشەپێدان دەبێتە هۆی دروستبوونی «ئابووریی ڕێڕەو» (Corridor Economy) لە عێراقدا، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ناوچەکانی دەوروبەری ڕێگەکە وەک (بەسرە، بەغدا، موسڵ) گەشەیەکی خێرا بەخۆیانەوە دەبینن، لە کاتێکدا ناوچەکانی تر وەک هەرێمی کوردستانی عێراق پێویستە ستراتیژیەتی جێگرەوە بدۆزنەوە، ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕینی نەخشەی دابەشبوونی سامان و هێزی ئابووری لە ناو عێراقدا.

جیا لەوە، لە نێو نەخشەی گۆڕانکاریی سیاسیدا پڕۆژەکە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا و وڵاتانی کەنداو، کە ئەمەش هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا دەگۆڕێت. لە لایەکی ترەوە پڕۆژەکە گرژییەکانی نێوان عێراق و ئێران زیاتر دەکات، چونکە ئێران وەک ڕکابەرێک سەیری ئەم ڕێگەیە دەکات کە دەیەوێت کاریگەریی ئابووریی ئێران لە عێراقدا کەم بکاتەوە. لە ناوخۆی عێراقیشدا پڕۆژەکە دەبێتە خاڵێکی ململانێی نوێ لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستاندا، کە ڕەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی تەنگەژەی نوێی سیاسی.


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## سیناریۆی ئاینده، ڕکابەریی ناوخۆیی یان تەواوکاریی هەرێمی

دەکرێت دوو سیناریۆی سەرەکی بۆ ئایندەی ئەم ڕێڕەوانە و کاریگەرییان لە سەر عێراق و هەرێمی کوردستان پێشبینی بکرێت، ئەوانیش:

سیناریۆی یەکەم: ڕکابەریی ناوخۆیی و گۆشەگیربوونی هەرێم (The Internal ConflictScenario)، لەم سیناریۆیەدا وەها پێشبینی دەکرێت کە ڕێگەی گەشەپێدان بە سەرکەوتوویی تەواو دەبێت، بەڵام بەغداد بەردەوام دەبێت لە سیاسەتی دوورخستنەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق و گۆشەگیرکردنی، لە ئەنجامدا هەرێمی کوردستان دووچاری تەنگەژەیەکی ئابووریی قووڵتر دەبێت بە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی گومرگی و بێبەشبوون لە وەبەرهێنانی گەورە، سەرئەنجام ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ناکۆکیی سیاسی و نیشتمانی لە نێوان هەولێر و بەغداد و ڕەنگە ببێتە هۆی ناسەقامگیریی ئەمنی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا کە ڕێگەکە بە لایاندا تێدەپەڕێت. ئەم سیناریۆیە مەترسیی لە سەر سەقامگیریی درێژخایەنی پرۆژەکە دروست دەکات، چونکە بە بێ ئاسایشی تەواوی باکووری عێراق، پرۆژەکە بە تەواوی سەرکەوتوو نابێت.

سیناریۆی دووەم: تەواوکاریی هەرێمی و ستراتیژیەتی فرەڕێڕەو (The Multi-Corridor Strategy)، کە بە پێی ئەم سیناریۆیە وا پێشبینی دەکرێت کە بەغداد و هەولێر بە ناچاری دەگەنە ڕێککەوتنێک بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان ڕاستەوخۆ لە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێداندا بەشدار بێت، بۆ نموونە: دروستکردنی هێڵێکی لاوەکی یان بەکارهێنانی ژێرخانی هەرێمی کوردستانی عێراق. لە هەمان کاتدا هەرێم لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری میللیی چین (BRI) و ستراتیژیەتی «Vision٢٠٣٠»ەوە دەبێتە «ناوەندێکی بازرگانیی جێگرەوە»، بەم پێیە لە ئەنجامدا عێراق وەک ناوەندێکی فرەڕێڕەو دەردەکەوێت کە ڕێگەی گەشەپێدان و «BRI» تێیدا یەک دەگرنەوە، لەم نێوەندەشدا هەرێمی کوردستان سوود لە هەڵکەوتەی جوگرافیی خۆی وەردەگرێت و دەبێتە خاڵی بەیەکگەیاندنی ڕێڕەوە جیاوازەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری و بەهێزبوونی پێگەی سیاسی. ئەم سیناریۆیە پێویستی بە سەقامگیریی سیاسیی

ناوخۆیی و هاوکاریی هەرێمی هەیە بۆ ئەوەی بەدی بێت.

بە لەبەرچاوگرتنی سیناریۆکان، دەگەینە ئەوەی کە سەرکەوتنی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان و کاریگەرییەکانی لە سەر عێراق و هەرێمی کوردستان بەندە بەوەی کە ئایا حکومەتی عێراق دەتوانێت لە «لۆژیکی سیاسیی تۆڵەسەندنەوە» دوور بکەوێتەوە و بەرژەوەندیی «نیشتمانیی درێژخایەن» بخاتە پێش. دوورخستنەوەی هەرێم لە پرۆژەکە هەر چەندە لە ئێستادا وەک سەرکەوتنێکی سیاسی بۆ بەغداد سەیر دەکرێت، بەڵام لە درێژخایەندا مەترسیی لە سەر سەقامگیریی پرۆژەکە و تەواوکاریی نیشتمانیی عێراق دروست دەکات، هەرێمی کوردستانیش دەبێت بە شێوەیەکی چالاکانە ستراتیژیەتی خۆی پەرە پێ بدات بۆ ئەوەی لەم هاوکێشە نوێیەدا بایەخی خۆی بپارێزێت.

## سەرچاوەکان

1- Iraq's Development Road Project: A Path to Prosperity or Instability? Middle East Council on Global Affairs, 24-12-2025,https://mecouncil.org/publication/iraqs-development-road-project-a-path-to-prosperity-or-instability/.

2- Iraq Development Road: A Game-Changer for Global Trade,Supply Chain Digital, 24-12-2025, https://supplychaindigital.com/news/iraq-development-road-global-trade-impact.

3- What to Know About the Iraq-Turkey-Europe Development Road Project,Wilson Center, 24-12-2025, https://www.wilsoncenter.org/article/what-know-about-iraq-turkey-europe-development-road-project.

4- Iraq Development Road Project., Arab Urban, 24-12-2025, https://araburban.org/en/infohub/projects/?id=9838.

5- Iraq launches $17bn road and rail project to link Asia and Europe Reuters, 25-12-2025, https://www.reuters.com/world/iraq-launches-17bn-road-rail-project-link-asia-europe-2023.

6- Can Iraq›s Development Road challenge US and China trade routes? The Na-

tional News, 25-12-2025,https://www.thenationalnews.com/business/2024/04/24/can-iraqs-development-road-challenge-us-and-china-trade-routes/.

7- Iraq›s Development Road study reveals 1.6 million jobs, $150 billion investment,Iraqi News, 25-12-2025, https://www.iraqinews.com/iraq/development-road-project-1-6-million-jobs-150-billion-investment/

8- IMEC vs. Development Road, Amwaj.media, (n.d.). 25-12-2025, https://amwaj.media/data/imec-vs-development-road)

9- Iraq's Development Road Project: A Path to Prosperity or Instability? Middle East Council on Global Affairs, 25-12-2025, https://mecouncil.org/publication/iraqs-development-road-project-a-path-to-prosperity-or-instability/.

10- Power Beneath the Sands: The Investment Approaches of the US and China in Iraq, Fair Observer, 26-12-2025, https://www.fairobserver.com/economics/power-beneath-the-sands-the-investment-approaches-of-the-us-and-china-in-iraq/.

11 David›s Corridor: Israel›s shadow project to redraw the Levant,The Cradle, 26-12-2025, https://thecradle.co/articles/davids-corridor-israels-shadow-project-to-redraw-the-levant.

12- The David Corridor and Kurdistan›s Future,Times of Israel Blogs, 27-12-2025, https://blogs.timesofisrael.com/the-david-corridor-and-kurdistans-future/

13- Geopolitical Dynamics Surrounding Iraq›s Ambitious Development Road Project,Arab Center DC, 27-12-2025, https://arabcenterdc.org/resource/geopolitical-dynamics-surrounding-iraqs-ambitious-development-road-project/.

14- Iraq's Development Road Project: A Path to Prosperity or Instability? Middle East Council on Global Affairs, 27-12-2025, https://mecouncil.org/publication/iraqs-development-road-project-a-path-to-prosperity-or-instability/.

15- National Development Plan, UNDP, 2024-2028, https://www.undp.org/sites/g/files/zskgke326/files/2024-12/national-development-plan-2024-2028.pdf.

16- Geopolitical Dynamics Surrounding Iraq›s Ambitious Development Road Project, Arab Center DC, 27-12-2025,https://arabcenterdc.org/resource/geopolit-

ical-dynamics-surrounding-iraqs-ambitious-development-road-project/)

17- Iraq›s Development Road plagued by economic and security challenges, Majalla, ,27-12-2025, https://en.majalla.com/node/322080/infographics/iraq%E2%80%99s-development-road-plagued-economic-and-security-challenges)

18- Rethinking Türkiye - Iraq Connectivity in a Shifting Region,Qatar University Gulf Studies Center, 27-12-2025, https://www.qu.edu.qa/en-us/research/gulfstudies-center/documents/policy%20brief%20revised%202025.pdf.

19- Turkey Exports to Iraq,United Nations COMTRADE Database, 26-12-2025, https://tradingeconomics.com/turkey/exports/iraq.

20- Kurdistan›s share of Iraq-Turkiye trade reaches $4.25 billion, Shafaq News, 22-12-2025 ,https://shafaq.com/en/Economy/Kurdistan-s-share-of-Iraq-Turkiye-trade-reaches-4-25-billion.

21- Kurdistan Investment Reform Map, UNDP Evaluation, 22-12-2025,https://erc.undp.org/api/download?filePath=%2Fdocuments%2F12518%2Fmgmtresponse%2Fkeyaction%2Fdoc_77006838334580384 93KurdistanInvestmentReformMapIRMFinal.pdf

22- Kurdistan Region tourism projects top $7 billion over five years,media 964, 22-12-2025,https://en.964media.com/41248/.

23- Peregraf, Iraq Moves Forward with First Phase of Development Road Project , 22-12-2-25, https://peregraf.com/en/news/9478.

24- The Road That Embodies Iraqi Kurdistan›s Dysfunctional Politics, Newlines Magazine, 21-12-2025,https://newlinesmag.com/reportage/the-road-that-embodies-iraqi-kurdistans-dysfunctional-politics/.

25- Rivals within: How Iran and Turkey compete inside Iraq›s fractured politics,Chatham House, 22-12-2025, https://kalam.chathamhouse.org/articles/rivals-within-how-iran-and-turkey-compete-inside-iraqs-fractured-politics/.

26- Iraq's Development Road: No Place for Kurdistan? Carnegie Endowment for International Peace, 12-12-2025, https://carnegieendowment.org/

sada/2023/08/iraqs-development-road-no-place-for-kurdistan?lang=en.

27- Turkey›s Anti-PKK Operation and "Development Road" in Iraq Are Two Sides of the Same Coin, Washington Institute, 23-12-2025, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/turkeys-anti-pkk-operation-and-development-road-iraq-are-two-sides-same-coin.

28- Risk and Iraq Reconstruction: Examining the Development Road Megaproject,Luminint, 12-12-2025,https://intsights.luminint.net/risk-and-iraq-reconstruction-examining-the-development-road-megaproject-2/.

29- KRI, Iraq Top Destination for Turkish Exports,Kurdistan24, 22-12-2-25, https://www.kurdistan24.net/en/story/851532/kri-iraq-top-destination-for-turkish-exports.

30- Kurdistan's Gas Strategy: A Geopolitical Lifeline,Washington Institute, 12-12-2025, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/kurdistans-gas-strategy-geopolitical-lifeline.


کتێبی ئایندەیی

ئایندەناسی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# کۆریدۆری ناوەڕاست:

## مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعەکانی ئێستا و ئامێزگرتنی ئاسۆکانی ئاینده




**ئامادەکردن: ئایندەناسی**

کتێبی کۆریدۆری ناوەڕاست: مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعەکانی ئێستا و ئامێزگرتنی ئاسۆکانی ئاینده (The Middle Corridor: Navigating Current Realities and Embracing Future Prospects) لە لایەن «ناوەندی شرۆڤەی چاکسازیی ئابووریی و پەیوەندییەکان»ی سەر بە وڵاتی ئازربایجان لە ساڵی ٢٠٢٥ ئامادە کراوە و تێیدا ٢٢ لێکۆڵەر لە ١٠ وڵاتی جیاواز بەشداریان کردووە. کتێبەکە لە لایەن ڤوسال قاسملی (Vusal Gasimli)، بەڕێوبەری جێبەجێکاری ناوەندەکە، پێداچوونەوەی بۆ کراوە و لە پێشەکییەك و هەشت بەش پێك دێت.

## پێشەکی

پێشەکی ئەم کتێبە دەروازەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی خوێنەر لە گرنگی و ئامانجی بابەتەکانی نێو کتێبەکە تێ بگات. لە پێشەکیدا، سەرەتا باس لە گرنگیی کۆریدۆری ناوەڕاست کە بە ڕێگای گواستنەوەی ترانس-کاسپییەن (Trans-Caspian International Transport Route)یش ناسراوە، کراوە، کە تەنیا بە پەیوەندییەکی ستراتیژی نێوان ناوچەکانی ئاسیا و ئەورووپا ناوەستێتەوە، بەڵکو هەوڵی داڕشتنەوەی پێگەی جیوپۆلەتیکی و ئابووری ئەو وڵاتانە دەدات کە ڕێگاکە بەسەریاندا تێدەپەڕێت.

پەرەسەندنی کۆریدۆری ناوەڕاست بەڵگەیە لەسەر هاوکارییە دینامیکییەکانی نێوان ئازەربایجان، جۆرجیا، کازاخستان و تورکیا، هەروەها دەرخەری ئیرادەی ئەم وڵاتانەیە بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگە لۆجستییەکان و باشترکردنی ژێرخانی ئابووریان. نەخشەڕێگای ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٧ کە لەلایەن وەزیرانی دەرەوە و گواستنەوەی وڵاتانی ئاماژەپێدراو واژۆ کراوە، ئامانجی زیادکردنی توانای کۆریدۆرەکەیە بۆ ١٠ ملیۆن تەن لە ساڵێکدا تاوەکو ساڵی ٢٠٢٥. پلانی پرۆژەکە بریتییە لە یەکخستنی باجەکان، ئاسانکردنی ڕێکارەکانی ترانزێت، و بەرزکردنەوەی تواناکانی بەندەرەکان، ئەمەش واتای پابەندبوونە بەوەی کۆریدۆری ناوەڕاست وەک جێگرەوەیەکی کێبڕکێکار بۆ ڕێگا بازرگانییەکانی تر ڕۆڵ دەگێڕێت.

بانکی ئەورووپی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان (EBRD) مەزەندەی کردووە نزیکەی ١٨.٥ ملیار یۆرۆ بۆ باشترکردنی کۆریدۆری ناوەڕاست پێویست بێت؛ ئەمەش بریتییە لە مۆدێرنکردنی تۆڕەکانی هێڵی ئاسن و ڕێگاوبان، فراوانکردنی ڕیگاکانی شەمەندەفەر (rolling stock)، و بەرزکردنەوەی خاڵە سنوورییەکان و ناوەندەکانی لۆجستیکی هەمەچەشن. پێشبینی دەکرێت ئەم جۆرە وەبەرهێنانانە تەسکەڕێگا (ڕێبەست)ەکانی ئێستا و ماوەی ترانزێت کەم بکەنەوە و توانای گشتی کۆریدۆرەکە زیاد بکەن.

کاریگەری ئابووری کۆریدۆری ناوەڕاست لە ئێستاوە دیارە؛ بازرگانی نێوان

یەکێتی ئەورووپا و ئاسیای ناوەڕاست لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا بە ڕێژەی نزیکەی ٣٩٪ گەشەی کردووە و کۆریدۆرەکە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ئاسانکاریی ئەم ئاڵوگۆڕە. جگە لەمەش، گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییە بەردەوامەکان، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی ململانێی ڕووسیا و ئۆکرانیا، گرنگیی ئەو ڕێڕەوەی وەک جێگرەوەیەکی ستراتیژی بۆ ڕێگاکانی باکوور دەرخستووە. ئەم گۆڕانکارییە نەک هەر وابەستەییە ئابوورییەکانی ناوچەکە هەمەچەشن دەکات، بەڵکو خۆڕاگری لە بەرامبەر شۆکی دەرەکی بەهێزتر دەکات. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی بانکی نێودەوڵەتی، پێشبینی دەکرێت ماوەی گەشتەکانی نێوان چین و سنووری ڕۆژئاوای ئەورووپا تا ساڵی ٢٠٣٠ بۆ نیوە کەم ببێتەوە، هاوکات پێشبینی دەکرێت قەبارەی گواستنەوەی بار بۆ سێ ئەوەندە زیاد بکات و بگاتە ١١ ملیۆن تۆن. ئەم پێشبینییە سەرنجڕاکێشە جەخت لەسەر توانای گۆڕینی کۆریدۆری ناوەڕاست لە داینامیکی بازرگانی جیهانیدا دەکاتەوە، جگە لەوەش پەرەپێدانی کۆریدۆرەکە لە لایەن وەبەرهێنانی بەرچاوی نێودەوڵەتییەوە پشتگیری دەکرێت.

لە میانی کۆڕبەندی وەبەرهێنەرانی پەیوەندی گواستنەوەی یەکێتی ئەورووپا و ئاسیای ناوەڕاست، یەکێتی ئەورووپا شانبەشانی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان، ١٠ ملیار یۆرۆی بۆ بەردەوامی گواستنەوەی کەلوپەل لە ئاسیای ناوەڕاست تایبەت کردووە. ئەم بودجەیە پشتگیری لە پرۆژەی ژێرخانی جۆراوجۆر دەکات، هاوکاری ناوچەیی بەرز دەکاتەوە، و دڵنیایی دەدات لەوەی کە کۆریدۆری ناوەڕاست لەسەر ڕێڕەوی گەشەسەندنی داهاتوو دەمێنێتەوە. بۆیە کۆریدۆری ناوەڕاست نەک تەنیا پەرە بە ئابووریی وڵاتانەی بەشداربوو دەدات، بەڵکو پەرە بە یەکگرتن و هاوکاریی زیاتری ناوچەیی دەدات. ئەو تێڕوانین و شیکاریانەی کە لەم کتێبە هاتووە، لە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە واقیعەکانی ئێستای کۆریدۆرەکە و ئاسۆکانی داهاتوو بەشدار دەبن، هەروەها داڕێژەرانی سیاسەت، وەبەرهێنەران و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرەو ناوچەیەکی ئۆراسیایی زیاتر خۆشگوزەران ئاراستە دەکات.

کتێبەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو بیرۆکەیەی کە بەهۆی گرژییە جیۆپۆلیتیکییەکانی

ئەم دوایيە (وەک شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا)، ڕێڕەوی باکوور (لە ڕێگەی ڕووسیاوە) متمانەی خۆی لەدەست داوە و کۆریدۆری ناوەڕاست وەک کورتترین و سەلامەتترین جێگرەوە پێشنیار کراوە. کتێبەکە نەک تەنیا ژێرخانی فیزیکی (هێڵی ئاسن و بەندەرەکان)، بەڵکو ژێرخانی نەرم (دیجیتاڵکردن، ڕێساکانی گومرگی و سیستەمی پارەدانی داهێنەرانە)یش دەخاتە ڕوو.

## ناوەڕۆك

بەشی یەکەم: ژێرخانی بازرگانی و ترانزێت، تێڕوانینێکی گشتی بۆ ڕێڕەوی ناوەڕاست: ئەم بەشە باس لە مێژووی دروستبوونی ڕێگاکە لە ڕێگای ئاوریشمی کۆنەوە تاوەکو ئێستا و شیکاری نەخشەی وردی بەندەرەکان و خاڵە سنوورییەکان، تواناکانی ڕێگاوبان و شەمەندەفەری وڵاتانی ئەندام (چین، کازاخستان، ئازەربایجان، جۆرجیا و تورکیا) دەکات.

بەشی دووەم: ڕۆڵی جیوپۆلەتیکی وزە لە ناوچەی ڕێگا ئەوریشم؛ ئەم بەشە لە ڕۆڵی کۆریدۆری ناوەڕاست نەک تەنیا وەک ڕێڕەوی کاڵا، بەڵکو وەک ڕێڕەوێکی وزە دەکۆڵێتەوە. گواستنەوەی نەوت و غازی دەریای خەزەر (کاسپییەن) بۆ ئەورووپا و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی وزەی یەکێتی ئەورووپا، بابەتەکانی تری ئەم بەشەن.

بەشی سێیەم: یەکێتی ئەورووپا و ڕێڕەوی ناوەڕاست، دەستواڵاکردنی تواناکان و چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکان؛ ئەم بەشە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە چۆن ڕێڕەوەکە دەتوانێت پشتبەستنی ئەورووپا بە ڕێگا تەقلیدییەکان کەم بکاتەوە و بەربەستەکانی بەردەم هاوکاریی ستراتیژی نێوان برۆکسل و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست چین لابدرێت.

بابەتی چوارەم: سیستەمی داهێنەرانە بۆ پارەدان، دراوە نیشتمانییەکان، سیستمی دارایی و دراوە دیجیتاڵییەکان لە بازرگانیدا؛ ئەم بەشە، کۆمەڵێك بابەتی داهێنەرانی لەخۆ گرتووە، کە بەدواداچوون بۆ بەکارهێنانی دراوە نیشتمانییەکان

لە بازرگانی دەرەکیدا، ڕۆڵی Fintech (تەکنەلۆجیای دارایی)، دراوە کریپتۆکان (Cryptocurrency) و سیستەمی پارەدانی لامەرکەزی (Decentralized Finance) بۆ خێراکردنی مامەڵە داراییەکان بەدرێژایی کۆریدۆرەکە.

بەشی پێنجەم: لۆجستیکی سەوز و پەرەپێدانی گواستنەوەی بەردەوام؛ ئەم بابەتە تیشک دەخاتە سەر لایەنە ژینگەییەکان، پەرەپێدانی ڕێڕەوی گواستنەوەی سەوز و پشکنینی کاریگەرییە ئابووری و ژینگەییەکانی پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری بە شێوەیەکی بەردەوام.

بەشی شەشەم: ناوچەی ئابووریی ئازاد و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بە درێژایی کۆریدۆرەکە؛ کاریگەرییەکانی ناوچە بازرگانییە ئازادەکان بەدرێژایی ڕێگاکە و چۆنیەتی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی لۆجستی لە وڵاتانی وەک ئازەربایجان و کازاخستان.

بابەتی حەوتەم: پرۆژەی ژێرخانی ناوچەیی و گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییەکان لە ئۆراسیا؛ ئەم بەشە باس لە کێبڕکێی دەسەڵاتە گەورەکانی (چین، ڕووسیا، تورکیا) ناوچەکە دەکات و ڕوونی دەکاتە کە چۆن وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز بە کەڵک وەرگرتن لەم کۆریدۆرە، هەوڵی پاراستنی سەروەری و هاوسەنگی هێز دەدەن.

بابەتی هەشتەم: ڕۆڵی پەروەردە و توێژینەوە و داهێنان؛ لە بەشی کۆتاییدا، گوزەرێك بە هاوکاریی زانستی و ئەکادیمی لە نێوان وڵاتانی ڕێگاکەدا کراوە و نەخشەڕێگایەکی ستراتیژی بۆ داهاتوو خراوەتە ڕوو کە چۆن مەعریفە و داهێنان دەتوانێت کاریگەری و کارکردی ئەم ڕێگایە زیاد بکات.

## فەرهەنگی ئایندەناسی

# ئایندەناسی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# کۆریدۆری ترانزێت
# Transit Corridor




**ئامادەکردن: ئایندەناسی**

کۆریدۆری ترانزێت، ڕێڕەوێکی هێڵییە بۆ گواستنەوە و هاتووچۆ، وەک ڕێگاوبان، شەمەندەفەر، یان ڕێڕەوی کەشتیوانی، کە ناوچە سەرەکییەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ئامانجی بەرزکردنەوەی چالاکییە ئابوورییەکان، بەیەکەوەبەستنی خێرای ناوچەکان و ئاسانکاریی بازرگانییە. کۆریدۆرەکانی گواستنەوە و ترانزێت چەندین شێواز لەخۆ دەگرێت: تۆڕەکانی ڕێگاوبان، هێڵەکانی شەمەندەفەر، ژێرخانی تەلەفۆن، پەیوەندییە فایبرییەکان، هێڵی کارەبا، ڕێگا ئاوییەکان و فڕۆکەخانەکان. کۆریدورەکان بە شێوەیەکی فیزیکی وەک تێکەڵەیەک لە ڕێگاکان پێناسە دەکرێت کە ناوەندەکانی چالاکیی ئابووری لە سەرانسەری وڵاتێک یان چەند وڵاتێکی تەنیشت یەکتردا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەر ڕێگایەک لە بەستەر پێک هاتووە کە خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە بەسەریاندا دەڕۆن

و ئەڵقەی خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە بەیەکەوە دەبەستنەوە. خاڵە کۆتاییەکانیش دەروازەیەکن کە ناوەندە ئابوورییەکان بە ناوچەکانی ناوەوە یان بە ڕێگا بازرگانییە جیهانییەکانەوە دەبەستنەوە.

کۆڕیدۆری ترانزێت نەک تەنیا وەک ڕێڕەوی فیزیکی بۆ جووڵەی کاڵاکان، بەڵکو وەک بڕبڕەی پشتی بازرگانیی نێودەوڵەتی و ئامرازی نوێ بۆ گەشەپێدانی بەردەوام ناسراون و لە کۆمەڵێك ڕێگای ژێرخانی گواستنەوە (لەوانەش ڕێگاوبان، شەمەندەفەر، بۆڕی و بەندەرەکان) پێك دێن، کە بە پشتیوانی تۆڕە لۆجستی و چوارچێوە یاساییەکان، هاتووچۆی کاڵا و وزە لە نێو ناوچە ئابوورییە دوورەکاندا دابین دەکەن. بۆیە، کۆریدۆری ترانزێتیی مۆدێرن تەنیا لە ڕێگای قیر یان شەمەندەفەری ئاسن کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو ئەم ڕێگایانە سیستەمی فرەچەشن و فرەلایەنن؛ لایەنی یەکەم، ژێرخانی ڕەقە: واتە ئەو تەنە فیزیکییەی کە هێڵی بۆڕی و ڕێڕەوی وشکانی لەخۆ دەگرێت و لایەنی دووەم ژێرخانی نەرمە: ڕێککەوتنی گومرگی، پرۆتۆکۆڵی بیمە و سیستمی بەدواداچوونی کاڵای دیجیتاڵی لەخۆ دەگرێت. بەبێ هەماهەنگی نێوان ئەم دوو لایەنە، تەنانەت پێشکەوتووترین کۆریدۆرە وشکانی و شەمەندەفەرییەکانیش وەکو پێویست کارا نابن.

بەشێکی گرنگی کۆریدۆرەکان تایبەتە بە گواستنەوەی وزە؛ بۆرییەکانی نەوت و گاز بە پێچەوانەی شێوازەکانی تری گواستنەوە، بە هۆی ئەوەی کە پێویستی بە شوێنی جیگیر و مانەوەیان بە شێوەیەکی نەجووڵاو هەیە، جۆرێک لە «وابەستەیی ستراتیژی» لە نێوان هەناردەکار، هاوردەکار و وڵاتانی سەر ڕێگاکە (ترانزێت) دروست دەکەن. ئەم جۆرە لە کۆریدۆرانە، جۆرە پەیوەندییەک دروست دەکات کە بە ئاسانی ناتوانرێت لە لایەن وڵاتێکی بەشداربووەوە بشکێندرێت، بۆیە ئەم تایبەتمەندییە وای کردووە کۆریدۆری وزە ببێتە گەرەنتی سەقامگیری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، کۆریدۆرەکان، لەسەر ئاستی جیهانیدا سەروەت و سامان دابەش دەکەنەوە. ئەو ناوچانەی پێشتر بەهۆی دوورییان لە دەریاکانەوە بە «بنبەست» دادەنران، بەهۆی ڕێڕەوێکی وشکانی و شەمەندەفەرەوە بوونەتە یاریزانی سەرەکی و پرۆژە کۆریدۆرییەکان ڕێگە بە وڵاتان دەدەن کە «شوێنی جوگرافی»ی خۆیان وەک کاڵایەکی ئابووری بقۆزنەوە. کۆریدۆرەکان دەتوانن ڕێگەیەکی کاریگەر


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بن بۆ بەئامانجگرتنی وەبەرهێنانی ژێرخانی و جێبەجێکردنی چاکسازیی سیاسەت بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکانی بازرگانی لە شوێنێکی ستراتیژیدا. گەشەپێدانی سەرکەوتووی کۆریدۆر دەتوانێت ببێتە هۆی باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە بازاڕی جیهانی لە ڕێگەی بەندەرە سەرەکییەکان، فراوانکردنی بازاڕە ناوچەییەکان، پێکەوەگرێدانی ناوچەیی و سەرنجڕاکێشانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکی، کە لە ئەنجامدا ڕەخساندنی هەلی کار، گەشەپێدانی کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان و گەشەی ئابووری خێراتری لێ دەکەوێتەوە.

گەورەترین ئاڵنگاری سەر ڕێگای دروستکردنی کۆریدۆری نێودەوڵەتید، گونجاندن (Harmonization) لەگەڵ دۆخە جیاوازەکاندایە. جیاوازی لە پانتایی هێڵی شەمەندەفەر و ستانداردە تەکنیکییەکان بۆ بۆری و یاسا جیاوازەکانی گومرگی بە درێژایی ڕێڕەوێکی چەند هەزار کیلۆمەتر و گرفتەکانی دیکەی لەم شێوەیە، دەتوانێت خێرایی بازرگانی زۆر خاو بکاتەوە. جگە لەوەش لە سەدەی بیست و یەکەمدا، باسی «کۆریدۆرە سەوزەکان» زیاتر هاتووەتە نێو باس و خواسەکان، واتا ئەو ڕێگایانەی کە کەمترین شوێنپێی کاربۆنیان هەیە و بەردەوامیی ژینگەیی زەوی ناخەنە مەترسییەوە، ئەمەش بە هۆی بەکارهێنانی وزەی پاک و تەکنەلۆژیای زیرەکەوە دەستەبەر دەبێت. بەو پێیەی کە هەندێك جار دروستکردن و فراونکردنی کۆریدۆرەکان بە بەهای تێکدانی ژینگەی چەند ناوچەیەك کۆتایی پێ دێت، پاراستنی ئەم کۆریدۆری سەوز وەك ئەرکێکی مرۆییانە تەماشا دەرکێت، کە کاریگەری لەسەر ئایندەی ژینگی زەوی هەیە.

کۆریدۆری ترانزێت هێمای گواستنەوەی مرۆڤایەتییە لە «ئابووری نیشتمانی» بۆ «ئابووری تۆڕ» (Network Economy)؛ ئەم ڕێگایانە چ بە شێوازیی بۆڕی لە قووڵایی زەویدا بێت یان لە شێوەی شەمەندەفەری درێژ لەسەر دەشتەکان، وەک پەیوەندییەک کاردەکەن کە بەرژەوەندی گەلان بەیەکەوە دەبەستنەوە. لە ئایندەدا، دەسەڵات هی ئەو وڵاتانە نییە کە زۆرترین سەرچاوەیان هەیە، بەڵکو هی ئەو وڵاتانەیە کە لە یەکتربڕینی ئەم کۆریدۆرانە پێگەیان هەیە و توانیویانە ببنە بەشێك لە تۆڕی بازرگانیی جیهانی.

**نموونەی چەند كۆریدۆرێكی ترازێتیی چالاك لە ئێستادا:**

١. كۆریدۆری وشكانی و دەریایی (BRI)؛ بەگەورەترین پرۆژەی ژێرخانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت، كە چین سەركردایەتی دەكات. كۆریدۆرەكە لە دوو بەش پێكدێت: ١. پشتێنەی ئابووریی ڕێگای ئاوریشم، ڕێگای شەمەندەفەر و ڕێگاوبان كە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە دەگاتە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ٢. ڕێگای ئاوریشمی دەریایی: بەندەرەكانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەفریقا و دەریای ناوەڕاست بەیەكەوە دەبەستێتەوە.

٢. كۆریدۆری باكوور-باشوور (INSTC)؛ تۆڕێكی فرەشێوازی كەشتی، شەمەندەفەر و جادەیە بە درێژایی ٧٢٠٠ كیلۆمەتر، كە هیندستان لە ڕێگەی ئێرانەوە بە ڕووسیا و ئەورووپا دەبەستێتەوە.

٣. كۆریدۆری ئابووریی چین و پاكستان (CPEC)؛ ئەم كۆریدۆرە یەكێكە لە سەركەوتووترین لقەكانی BRI، كە بەندەری گوادر لە پاكستان بە ناوچەی شینجیانگ لە ڕۆژئاوای چین دەبەستێتەوە.

٤. كۆریدۆری گواستنەوە ئەوروپا-قەوقاز-ئاسیا (TRACECA)؛ ئەم كۆریدۆرە بە پاڵپشتی یەكێتی ئەورووپا بۆ بەهێزكردنی پەیوەندییە ئابوورییەكان لە ناوچەكانی دەریای ڕەش و قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست داڕێژراوە.

٥. كۆریدۆری لۆجستی ئەمریكای باكوور (CANAMEX)؛ دەكەوێتە نێو ئەمریكای باكوور، وڵاتانی كەنەدا و ئەمریكا و مەكسیك بەیەكەوە دەبەستێتەوە.

## سەرچاوەكان

- UN-Habitat (2015), "The Role of Transport and Transit Corridors in Fostering International Cooperation for Sustainable Development: Issues and Recommendations", https://shorturl.at/l0q9R, (Accessed: 22/12/2025).

- Gain, Bill (2023), "Transit Corridor", Trade Facilitation Agreement Database. [Online PDF]

- PGlobal Global Advisory and Training Services (2011), "A Study of International Transport Corridors in OIC Member Countries". [Online PDF]

هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی

سەنتەری لێکـۆڵیـنەوەی ئایندەیی

CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکـۆڵیـنەوەی ئایندەیی







hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکـۆڵیـنەوەی ئایندەیی


































CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٢٦) ساڵی شەشەم، کانوونی یەکەم ٢٠٢٥